


# نا بۆ توند و تیژی

## نامیلکەی تایبەت بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر

## ڕۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ توندو تیژی دژی ژنان

سەرماوەزی ٢٧١٢ی کوردی ئامادە کردنی رەحمان نەقشی دیسامبری ٢٠١٢

## پێڕست


١- بەیاننامەیپێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان............. وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا ................... لاپەرەی ............٣

٢- بە بۆنەی ٢٥ نۆڤامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ................ عیسمەت نستانی ........................ لاپەرەی .............٦

٣- با هەر ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەبێ .......................... ڕۆژە عەزیزی .................... لاپەرەی ........ ١١

٤- ٢٥ی نۆڤەمبەر و ئاورێک لە مەینەتیەکانی ژنان ............................. کوێستان عومەرزادە ..................... لاپەرەی ........... ١٢

٥- پێناسە و جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان .............. ئامادە کردنی ب. هیوا ................ لاپەرەی ...........١٣

٦- بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر ڕۆژی قەدەغەکردنی تووندوتیژی دژی ژنان ......................... سەرگوڵ بێتوشی ............. لاپەرەی .............١٧

٧- لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە توندوتیژی لە دژی ژنان ............. وەرگێر: پەروین عەلی مورادی .................. لاپەرەی ............. ١٨

٨- بە بۆنەی رۆژی بەرەنگاریی توند و تیژیی لە دژی ژنان ..................... هامنۆ نەقشبەندی ............... لاپەرەی ............ ٢٢

٩- هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لەناوبردنی توند وتیژی دژ بەژنان چەواشەکارانەیە! ............. گۆنا سەعید ............. لاپەرەی .................٢٣

١٠- راپۆرتی رێکخراوی هاریکاری یاسایی لەبارەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ........ ماڵپەری وارڤین ......................لاپەرەی ............٢٤

١١- هۆکارەکانی پشت توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ............... کامەران عەبدە ساڵح ...................... لاپەرەی ................٣٣

١٢- راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دواپین سەرژمێریی توندو تیژی دژ بە ژنان لە جیهاندا ....... ئامادە کردنی چنۆر قادری ...... لاپەرەی .......٣٤

١٣- توند و تیژی دژی ژنان .................. بهزاد خوشحالی ..................... لاپەرەی ................ ٣٥

١٤- خوێندنەوەیەک لە سەر تووندوتیژی دژ بە ژنان ................. سەرگوڵ خودایاری ................... لاپەرەی ............ ٣٦

١٥- ژنان لە دژی ژنان ........................................ وەرگێران لە فارسییەوە: ماریا حەسەنپوور ................................ لاپەرەی ..............٣٧

١٦- دەسەڵات و تووندوتیژی ......................... کەژاڵ درخشانی ............................. لاپەرەی ........................ ٣٩

١٧- توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان: هۆکارەکان و رێکارەکان ............................... ناهید بەهمەنی ..................... لاپەرەی ............... ٤١

١٨- بە بۆنەی ٢٥ نۆڤەمبەر ڕۆژی قەدەغە کردنی توندو تیژی دژی بە ژنان ................................ روفیا رەمەزانعەلی .............. لاپەرەی ...............٤٤

١٩- چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر شێوازی جۆراوجۆری توندو تیژی دژ بە ژنان ..................... سەبری بەهمەنی ................ لاپەرەی ............ ٤٥

٢٠- ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان ...................... قادر وریا ................... لاپەرەی ............... ٤٦

٢١- بەیاننامەی هاوبەشی کۆمەڵێک لە رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر .......................... لاپەرەی .......... ٤٧

٢٢- توندوتیژی دژ بە ژنان و شێوە جۆراوجۆرەکانی ...................... سـیروان پەرتەونوری ..................... لاپەرەی ............ ٤٨

٢٣- ٢٥ی نوامبر، رۆژی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و سەرنجێک ........................ تووبا ئەلیاسی .................. لاپەرەی ....... ٥٠

٢٤- راگەیەندراوی کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان خەبات بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی ..................................... لاپەرەی ........... ٥١

٢٥- راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومۆنیستی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ...................... لاپەرەی ..................... ٥٢

٢٦- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی بەرئەنگار بونەوە لە گەڵ توند و تیژی دژ بە ژنان! ............ لە لایەن سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن ......... لاپەرەی ..... ٥٣

٢٧- راگەیەندراوی کومیتەی ژنانی کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ............... لاپەرەی ...................... ٥٥

٢٨- بۆچی توندوتیژی دەرهەق بە ژن دەکریت؟ ........................... رێپۆرتاژی: رۆشنا ئەحمەد – تەها ئەحمەد ...................... لاپەرەی ............ ٥٦

٢٩- هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بەردەوامی کێشەکانی ژنان ....................... راپۆرتی: بناری مام خاڵۆ ...................... لاپەرەی ........... ٥٨

٣٠- با ١١/٢٥ رۆژێک بێت بۆ بەرەنگار بونەوەی توندو تیژی دژ بە مرۆڤایەتی ........................ ڕێژین باباعلی بەرزنجی ............... لاپەرەی ............ ٥٩

٣١- ٢٥ی نۆڤەمبەر لە هەرێمی کوردستان بوو بە ٢٦ی نۆڤەمبەر ........................ وارڤین – گەرمیان ............................ لاپەرەی ............ ٦٠

٣٢- کۆڕێک بۆ قادر وریا مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک لە زانکۆی راپەڕین ............ کوردستان و کورد ......... لاپەرەی ................ ٦١

٣٣- تۆندوتیژیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە نێو بنەماڵەکاندا .......................... عومەر عینایەتی ................ لاپەرەی ................ ٦٢

٣٤- توند وتیژی دژ بە ژن دیاردەیەکی ناسەردەمیانەیە ........................................ حەبیبە عەبدوڵایی ........................ لاپەرەی ........... ٦٨

# بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان



وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

بڕیارنامەی ٤٨/١٠٤ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

٢٥ی نۆڤامبەر، بە "ڕۆژی جیهانیی لە نێو بردنی توندو تیژی دژی ژنان" ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە، ١٧ی دیسامبری ١٩٩٩ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی (دەورەی پەنجاو چوارەم)دا بە ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرا."بەیاننامەی پێشگیری لە تەندو تیژی دژی ژنان"، پەسەندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەبەست لە توندو تیژی دژی ژنان، ئەرکی دەوڵەتان وکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا ڕوون دەکاتەوە.

## کۆمەڵەی گشتی،

بە ئاگاداری لەم پێویستییە بە پەلەیە کە مافەکانو بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتی و گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم مافو بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ وێنە لە "جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ"(١)، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان"(٢)، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان"(٢)، "ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"(٣)و "ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجەو ڕەفتار یان سزای توندوتیژ، نامرۆیی و پڕ لە سووکایەتی"(٤)دا، ڕێزیان لێگیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەڕێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان" یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، "بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان" بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتییە، هەروەک لە "ستراتیژییە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان"دا ڕوونکراوەتەوەو لەواندا هێندێک گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو، بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواوی "ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان و، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافو ئازادییانە تاڕادەیەک یان بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە،




نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانیو بەرەوژووربردنی ئەم ماف و ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنان و پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردن و هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە و ، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بە تەواویی ژنانی لێکەوتۆتەوە،

هەروەها ]بە ئاگاداری لەمە کە[ توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێک لە گروپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گروپە کەمایەتییەکان، ژنانی خۆولاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یان ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنانی بێ ئەنوا، ژنانی بەندکراو یان دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستان و بێتوانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرانبەر توندوتیژیدا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شوورای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٩٩٠/١٥)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو





کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو، لە سنووری داهات، چین‌و کولتوور تێدەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،
هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٩٩١/١٨ی شوورای ئابووری‌و کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شوورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی راشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،
وەک پێشوازی لە رۆڵێک کە بزووتنەوەکانی ژنان لە راکێشانی رۆژ بەرۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆک، جیددیبوون و رەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،
بە هەستکردنی ئەم مەترسییە کە دەرەتان و دەرفەتەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکان و بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەک لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسک و سنووردارن،
بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو روون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی روون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ رەچاو بکرێن و دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێک لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی رێزگرتن لەبەرپرسایەتییەکانیان‌و، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەرەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا رادەگەیەنین و، سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندن و رێزگیرانی لە لایەن هەموانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

### ماددەی یەکەم :

لەم بەیاننامەیە دا، مەبەست لە دەستەواژەی »توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێ گەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی دا روو دەدەن، لە رێزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

### ماددەی دووهەم :

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:
ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بنەماڵە دا روو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵ دا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنان و ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژن و مێردایەتی دا و توندوتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.
ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵ دا روو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.
پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنی و دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

### ماددەی سێهەم :

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان [ لەگەڵ پیاوان ] مافی دەستراگەیشتن بە هەموو مافە مرۆیی یەکان و ئازادییە بنەڕەتی یەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەروەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:
(ئەلف) مافی ژیان
(ب) مافی یەکسانی
(پ) مافی ئازادی و ئاسایشی کەسی
(ت) مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە
(ج) مافی رزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن
(چ) مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین رادەی گونجاوی سڵامەتیی جەستەیی و دەروونی
(ح) مافی [ هەبوونی ] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای رەزامەندی بۆ کار
(خ) مافی ئەوە کەتاک نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یا سزاو رەفتاری توندوتیژی، نامرۆیی و پڕسووکایەتی.

### ماددەی چوارەم :

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن‌و نابێ هیچ دابونەریت یا تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام ]نە[دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی دا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان و بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

(ئەلف) ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست «کۆنوانسیۆنی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان» خۆیان بەرعۆدە نەکردوە، دەبێ پەسندی بکەن، یا بەشێوەی ڕەسمی ببن بە ئەندامی و، واز لە مەرجە تایبەتی یەکانی خۆیان لەبارەی ئەم کۆنوانسیۆنەوە بێنن.

(ب) لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژی یەک، خۆ بپارێزن،

(پ) بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندی‌یەداو، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتی یەوە.

(ت) لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی ڕەسمیی سزایی، مەدەنی، کاری‌و ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجام دراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەورووە دەبن، دەبێ ڕێگاچارەی قەزایییان بۆ دابین بکرێ‌و، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیان و وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم ڕێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

(ج) بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەک، یا زیادکردنی هێندێک ماددە لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێک بواردا لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتی یەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژییەوە خەریکن.

(چ) دیاریکردنی ڕێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژی و، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداری‌و کەلتووری دا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرامبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک برەو پێ دەدەن و دەبنە دەستەبەرێک بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێ بینی یە جینسی یەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوون و خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتی یەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

(ح) هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژی و، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتی یە تایبەتییەکانی وەک توانایی پێ بەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستی و چاوەدێریی منداڵان و ژیان و بەڕێچووندا، دەرمان، ڕاوێژکاری و خزمەتە لەشساغی و کۆمەڵایەتی یەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکان و ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایش و توانایی بەخشینی جەستەیی و دەروونی بەوان، هەڵ بگرن.

(خ) لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانەکانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

(د) بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزای توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵ بگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستی یەکانی ژنان هەستیار بن.

(ر) هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاری دا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتی و کەلتووری یەکانی ڕەفتاری پیاو و ژندا بکەن و، هەڵاواردنەکان، ڕەفتاری باوو هەموو چەشنە ڕەفتارێک کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یا باڵادەستیی جنسێکە و، ژن‌و پیاو پێی ڕاهاتوون، لە نێو ببەن.

(ز) لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار (ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەیی و شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن و هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆک، ڕادەی جیددیبوون و ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنان و، ڕادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی و هەروەها قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبی بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

(ژ) هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانە دا کە لە بەرامبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵ بگرن.

(س) لەو ڕاپۆرتانە دا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنان و، [ڕاپۆرتی ] هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

(ش) هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێ بوونی بنەماکانی ئەم ڕاگەیەندراوە بن.

(ع) هاوکاریی چالاکی و تێکۆشانی بزووتنەوەو ڕێکخراوە نادەوڵەتی یەکانی ژنان بکەن‌و لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی و ناوچەیی دا یارمەتییان بدەن.

(غ) ڕێکخراوە ناوچەیی یە نێودەوڵەتی یەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

## ماددەی پێنجەم :

ئۆرگانەکان و نوێنەرایەتی یەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایان دایە، یارمەتیی ناساندن و هێنانەدیی ئەو ماف و بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیە دا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف) یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکاری یە نێونەتەوەیی و ناوچەیی یانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژی یە ناوچەیی یەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکان و، بەرنامەماڵی یەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب) هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنان و گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ) یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاوی و هاوبەشیی نێوان بنیات و ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.
ت) لەو لێکدانەوانە دا کە بۆ دامەزراو و ناوەندەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفت و دیاردە کۆمەڵایەتی یەکان ئامادەی دەکەن، وەک ڕاپۆرتە ناوبەناوەکان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیل و بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیش بگونجێنن.
ج) فۆرمۆلەکردنی پلانی کاری یان نامیلکەکانی ڕێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەن و، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیە دا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.
چ) پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتی یەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

### ماددەی شەشەم :

هیچ شتێک لەم بەیاننامەیە دا نابێ هیچ یەک لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێک یا هەر ڕێککەوتن و پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یا هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێک جێبەجێ دەکرێ و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕوونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

٢٥ی نوامبری ٢٠١٢
سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"
ماڵپەری کوردستان کورد

## به بۆنەی ٢٥ نۆڤامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان



**عیسمەت نستانی**

(دەقی وتارێک کە لە سێمینارێک بە بۆنەی ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە زانکۆی کۆیە ڕۆژی ٢٧ی نۆڤامبر (٢٠١٢) بەڕێوەچوو.)

### توندوتیژی وەک چەمک

توندوتیژی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە گشت کۆمەڵگا مرۆییەکاندا دەبیندرێ و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای لەدایکبوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی. یەکەم توندوتیژی کە مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ کردبێتی کوشتنی هابیلی کوڕی حەزرەتی ئادەمە لە لایەن قابیلی برایەوەو ئەو کردارە (واتە توندوتیژی) بە مێژوودا هاتۆتە خوار و تا ئێستاش بەردەوامە. زۆربەی ئەو کەسانەی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردوە پێیان وایە ئامانجی سەرەکی لە توندوتیژیدا دەستبەسەر داگرتنە و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ، دەست بەسەر داگرتنی کەسێک بە سەر کەسێکی دیکە یان زالبوونی چینێک بە سەر چینێکی دیکەدا یا زاڵبوونی هەرێمێک بە سەر هەرێمێکی دیکەدا و ...
ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا مەبەستی ئێمەیە باس کردنە لە یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی توندوتیژی، کە زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین قەیرانێکی چارەسەرنەکراوە لە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەلاتییەکان و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە ئەویش هەمان توندوتیژییە دژی ژنان.
توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و قەومی و سیاسی و ئابوری لە پشتە، هەڵبەت بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەوە دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگا دا لە لایەن باوک و مێرد و برا و کوڕ و مام و خاڵ بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە.بە پێی دەرەنجامی لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و ناوەندەکانی تەندروستی، توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک، لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لە سەر تەندروستی خێزان و کۆمەڵگاو دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگاش لێک بترازێت.
جیهانگیر بوونی توندوتیژی دژی ژنان وایکردوە کە لە سەر ئاستی ریکخراوە نێونەتەوەییەکان گرینگییەکی زۆر پێبدرێ، هەر بۆیە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر لە لایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کراوە.

### کورتە مێژوویەک سەبارەت بە چۆنیەتیی ناودێر کردنی ئەو ڕۆژە

لە ساڵی ١٩٦٠ لە کۆماری دۆمێنیکەن ٤ خوشک بە ناوی خوشکانی میرابال هەبوون کە سیانیان لە لایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئەوکاتی رافائێل تڕۆخیۆ لە ڕۆژی ٢٥ نۆڤامبری ١٩٦٠ پاش

چەندین مانگ ئازار و ئەشکەنجە لە سیاچاڵەکانی ئەو ڕژێمەدا کوژران. خوشکی چوارەمی میرابال بە ناوی ئادلا میرابال ٢١ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٨١ لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا لە شاری بۆگۆتای پێتەختی کۆلۆمبیا کە بە بەشداریی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و لە ناوچەی کارائیب پێکهات، پێشنیاری کرد ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابال وەک ڕۆژی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بناسرێت. لە ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩، کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر واتە ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابالی وەک "ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان" ناودێر کرد.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی تا ڕادەیەک گشتگیر بکەین لە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان، تووشی ئاڵۆزی و گرفتی زۆر دەبین لە بەر ئەوەی شێوازەکانی توندوتیژی لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و هەروەها لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە.

لە ڕاگەیاندنی جیهانیی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان کە پێناسەیەکی جێگرتوویە و جێی پەسەندی بەشێکی زۆر لە چالاکانی ژنە بەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژی دژی ژنان کراوە:

"هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لە سەر بنەمار ڕەگەز کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جنسی یان دەروونی ژنان یان لەوانەیە ببێتە پاڵنەر بۆ ئەم جۆرە ئازار و زیانانە، هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەش کردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی چ لە چوارچێوەی ژیان گشتی یان تایبەتی روو بدات دەکەوەتە خانەی ڕەفتار و کردەوەی توندوتیژانە دژی ژنان."

بەگشتی لە کۆمەڵگای باوک سالاردا کە پیاو خاوەن دەسەلاتی خێزانی ڕەهایە ، هەموو جۆرە ئالیەتەکانی وەک ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەکاردەخات بۆ دەست بەسراگرتنی خێزان.

## جۆرەکانی توندوتیژی

چەندین جۆر پۆلێن بەندی بۆ جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان کراوە کە لە زۆربەیان دا ئەم چەند شێوازە کە ئێستا باسیان دەکەین دووبارە بۆتەوە:

### ١- توندوتیژی جەستەیی

هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە لە خۆ دەگرێ کە دەبێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی و یان کوشتنی ژن، جا ئەو ئازارە بە دەست یان بە هەر ئامرازێکی تر بێت. ئەو ڕەفتارانە بریتین لە لێدان، خنکاندن، گوللە باران کردن، خەتەنە کردن و زۆر ڕەفتاری دیکەی لەم چەشنە. ئەم چەشنە ڕەفتارانە دەچنە خانەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوەو ناتەباییان هەیە لە گەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ. لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتوە "نابێ هیچ کەس ئەشکەنجە بدرێ یان بکەوێتە بەر ڕەفتار و سزای زۆردارانە یان نامرۆڤانە، و یان سووکایەتی پێکردن." بەو پێیە توندوتیژی جەستەیی ڕاستەوخۆ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە و دەبێ بۆ ئەو کەسانەی ئەم چەشنە لە توندوتیژی بەکار دێنن بەدواداچوونی یاسایی بکرێ.

ئەو جۆرە لە توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە دەبیندرێ و زۆر جار کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە. بە چاوپێداخشاندنێک بە ڕاگەیەنە کوردییەکان ڕۆژانە بە دەیان نموونە لەو چەشنە توندوتیژیانە دەبینین.

ئەم هەڵسوکەوتە لەگەڵ ژن لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە کە ژن بەشێکە لە مڵک و ماڵی پیاو و دەبێ بە ویستی پیاو هەڵسوکەوت بکا، شێوازی دانیشتن و هەستان و بیرکردنەوەی بەو جۆە بێ کە پیاو حەزی لێدەکا. هەر لادانێکی ژن لە ویستی پیاوانە یەکسانە لەگەڵ تاوان و تێکدانی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگاو شایانی سزایە و دەبێ ژنی لادەر بە هەر شێوەیەک بێتەوە سەر ڕێگای ڕاست و ئەگەر زانرا ئەوە مومکین نییە ئەوا بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا دەستی پیاو بۆ لەناو بردنی ژن ئاواڵە دەکا و ئەو شانازییە دەبەخشێتە پیاو کە لە پێناو پاراستنی پیرۆزییەکاندا ڕاپەڕیوە و ئەرکی سەر شانی جێبەجێ کردوە. ئەو کولتوورەی ئیزن دەدا بە پیاو بەو شێوەیە ڕووبەرووی ژن ببێتەوە، لە ئاست زۆرێک لەو ڕەفتارە دزێوانەی پیاو کە هاوسەنگی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسییەوە بێدەنگە و تەنانەت وەک تاوانیش سەیریان ناکا.

### توندوتیژی زارەکی

ئەو شێوازە لە توندوتیژی بە مەترسیدارترین شێوازەکانی توندوتیژیی خێزانی دژی ژنان دادەنرێ، لە بەر ئەوەی کاریگەری قووڵ دەخاتە سەر دەروون و ناخی ژنان، کەسایەتی و کەرامەتی ژنان دەڕووخێنێ بە بێ ئەوەی وەک توندوتیژی جەستەیی ئاسەوارەکانی بە روونی و خێرا لە لایەن کۆمەڵگاوە ببیندرێ. مەترسییەکە لێرەدایە لە توندوتیژی زارەکی دا پیاو بە هەموو سیفەتە ناشیرنەکانیەوە ڕۆدەچێتە ناو دەروونی ژن و هێندەی ئازار دەدا کە کاریگەریی نێگاتیڤ دەکاتە سەر هەموو تەمەنی. بە تایبەت ئەو کاتانەی ژن لە لای منداڵەکانی و یان لە لای خەڵکانی تر بەرەوڕووی ئەو چەشنە لە توندوتیژی دەبێتەوە.

### توندوتیژی دەروونی

هەر ڕەفتارێک کە دەروونی ژنان بریندار بکات دەچێتە خانەی توندوتیژی دژی ژنانەوە، هەر بۆیە هەموو شێوازەکانی تری توندوتیژی بە جۆرێک توندوتیژی دەروونیان لێدەکەوێتەوە. ژنان







چاوەڕوانیان هەیە لە هەر پلە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دابن یەکسان لەگەڵ هەمان پلە و پایە لە ناو پیاوان دا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. بەڵام کولتووری پیاوسالار لێرەشدا بە یەکسانی ڕەفتار لەگەڵ ژن و پیاودا ناکا. ژنێکی دوکتور و موهەندیس یان خاوەن هەر پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی تر بارتەقای پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێ و ئەوە دەبێتە فشارێکی دەروونی بۆ سەر ژن و ئازاری دەدا. لۆمە و سەرزەنشت کردنی ژنانیش دەکەوێتە خانەی توندوتیژی دەروونییەوە. ژنان لە ژێر ئەو فشارانەدا متمانە بەخۆ بوون لە دەست دەدەن و ناتوانن بە شێوەی پێویست لە چالاکییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بن.

فرەژنی یەکێکی تر لەو هۆکارانەیە کە بە توندوتیژی دەروونی دەژمێردرێ و سووکایەتی بە ڕەگەزی مێیە و بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر باوە.

لە دەرەوەی خێزان، واتە لە کۆمەڵگاش ژنان بەرەوڕووی توندوتیژی دەروونی دەبنەوە، دەرفەتەکانی خوێندن، کار کردن، گەڕان، دەرکەوتن و زۆر بواری دیکەش بۆ ژنان زۆر لاوازترە لە پیاوان. شانسی ژنێکی لێهاتوو لە دەزگایەکی حکومی یان دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت بۆ گەیشتن بە پلەی بەڕێوەبەر یان پۆستێکی وەزیفی زۆر کەمترە لە پیاوێک بە هەمان لێهاتووییەوە.

## توندوتیژی سێکسی

توندوتیژی سێکسی هەر چەشنە پێوەندییەکی سێکسی پیاوە لە گەڵ ژن بە بێ ویستی ژن. کە هەم لە خێزاندا روو دەدات و هەم لە دەرەوەی خێزان واتە شوێنی کار، خوێندن و بە گشتی لە ناو کۆمەڵگادا. توندوتیژی سێکسی ناو خێزان کەمتر دەبێتە جێگای باس و لێکۆڵینەوە و ئامارەکان لەو پێوەندییە زۆردارانە سێکسیەی ناو خێزان زۆر کەم و یان دوورن لە ڕاستییەوە، لە بەر ئەوەی ژنان لە بەر دوو هۆی ترس و شەرم ئامادە نین ئەو پێوەندییانە بدرکێنن.

بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین توندوتیژی سێکسی لە ناو کۆمەڵگا بۆتە دیاردە و لە هەموو کۆمەڵگا پێشکەوتوو و دواکەوتووەکاندا دەبیندرێ. بە تایبەت لە شوێنی کاردا ئەو دیاردەیە زۆرە و ئاماری جۆراوجۆر لەو بارەوە بڵاو بۆتەوە. بە پێی ئەو ئامارانە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی فەرمانگە و دامەزراوە پیشەییەکان بە هەڕەشەی دەرکردن یان لێ ئەستاندنەوەی ئیمتیازی وەک دەرماڵە و پاداش یان بە بەڵێن دان بە دانی ئیمتیاز ژنان ناچار بە رازی بوون بە پێوەندی سێکسی دەکەن.

توندوتیژی سێکسی خۆی دابەش دەبێ بە سەر ئازاری سێکسی و دەستدرێژی سێکسی، کە لە مەوریدی دووەمدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سێکسی لە هێز و زۆر کەڵک وەردەگیرێ و یەکێکە لە درندانەترین جۆری ڕەفتاری پیاو دژی ژن و کاریگەریی نەرینیی قووڵ لە سەر رووح و رەوانی ژن دادەنێ.

توندوتیژی سێکسی یەکێک لە ترسناکترین جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنانە کە بە تایبەت لە کاتی شەڕەکان دا ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە، بۆ وێنە لە کۆماری کۆنگۆ لە ماوەی ١٣ ساڵ دا دووسەد هەزار ژن دەستدرێژی سیکسیان کراوەتە سەر، کە ڕێکخراوە نێودەولەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ ئەو دیاردەیەیان وەکو تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساندوە و جەختیان لەسەر دوو شت کردووە.

یەکەم: پەلکێشکردنی تاوانبارانی دەستدرێژی سێکسی و هۆکارەکانی قوربانی بوونی ژنان لە کاتی شەردا بۆ بەردەم دادگا و لیکۆڵینەوە و سزادان.

دووەم: دابین کردنی یارمەتی جۆراوجۆر بۆ قوربانیانی ئەو جۆرە توندوتیژیە بۆ وینە یارمەتی دەرمانی، پزیشکی، دەروونی، پشتیوانی حقوقی و ئابووری.

## توندوتیژی کۆمەڵایەتی

تواندنەوەی ژن لە ژێر سوڵتە و هەژمۆنی پیاودا لە ناو خێزان و لە کۆمەڵگادا و بێ حورمەتی کردن بە ئەرکە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژن و زاڵبوون بە سەریان دا لە لایەن ڕەگەزی نێرینەوە بە توندوتیژی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ.

بێبەش کردنی ژن لە ئازادییەکان بە تایبەتی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر، ئازادی هەڵبژاردنی کار، فرە ژنی، دانی مافی جیابوونەوە بە پیاو هەرکات بیهەوێ و زۆر نموونەی تر توندوتیژی کۆمەلایەتین.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا وەک زۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەلاتییەکان هەوڵ دەدرێ رۆڵی ژن کورت بکرێتەوە لە منداڵ بوون و بەخێو کردنی منداڵ و رازی کردنی دڵی مێرد و باب و برا و بە گشتی مانەوە لە ماڵ و ڕەگەنەدان بە چوونە دەری ژنان لە ماڵ و ئیزن نەدان بەوەی ژنان بیروڕای خۆیان دەرببڕن و هەروەها مەسەلەی ناموس و عەیبە کە لە لایان پیاوەوە پێناسە دەکرێن.

## توندوتیژی ئابووری

کۆنترۆڵی کەل و پەل و ماڵ و سامان لە کۆمەلگای ئێمەدا تا رادەیەکی زۆر لە دەست پیاوان دایە و ژن هیچ دەسەڵاتێکی بە سەریانەوە نییە، تەنانەت زۆر جار ئەو ژنانەی خۆیان کار دەکەن و مووچەش وەردەگرن و یان بەرهەمیان هەیە ناتوانن خۆیان بە بێ ئیزنی باب، برا یان هاوسەرەکانیانەوە بە کاری بێنن.

میراتیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە ژن تێیدا زەرەرمەندی یەکەمە و بە ئەندازەی نیوەی پیاو لێی بەهرەمەند دەبێ.

سەربەخۆیی ئابووریی ژن لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سەرەتای ئازاد بوونی ژن و گەیشتنی بە مافەکانی بووە. بە واتایەکی دیکە تا ئەو کاتەی ژنان لە بواری ئابوورییەوە بەستراوە بن بە پیاوانەوە، کۆیلە بوونیان درێژ دەبێتەوە و ناتوانن بیر لە یەکسانی بکەنەوە. پلەی ئابووری، پلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دەدا بە ژنان و بەشداریان دەکا لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەلگادا.

## توندوتیژی پەروەردەیی

**توندوتیژی پەروەردەیی دژی ژنان بە دوو شێوەی سەرەک ئەنجام دەدرێت:**

١- رێگرتن لە خوێندن یان دەرهێنان و تەرک پێکردنی خوێندن لە کەسوکاری ژنەوە کە زیاتر پەیوەندی بە داب و نەریتەکانی خێزانەوە هەیە و ئێستاکە زیاتر لە لادێکاندا دەبیندرێ.

٢- بەکەم گرتن، سووکایەتی پێکردن یان کەم بایەخ کردنی ژن و رۆڵی ژن لە سیستەمی پەروەردە واتە لە کتێبە دەرسییەکاندا. منداڵ هەر لە سەرەتای داخڵ بوونی بە ناوەندەکانی خوێندن، ژن وەک رەگەزی دووهەم و پەراوێز و بۆ ئارامی و راحەتی پیاو دەبینێ. هەمیشە قارەمانی داستانەکان پیاون و رۆڵە لاوەکیەکان بە ژنان دەدرێ.

## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

هەروەک ئاماژەمان پێکرد توندوتیژی دژی ژنان وەک دیاردەیەکی جیهانگیر بوونی هەیە. هەر چەند لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا هەوڵی بەرچاو بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە کراوەو لە هەموو ئاستەکانی یاسایی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتیدا پلان و بەرنامەی جۆراوجۆر دارێژراوە بە مەبەستی دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان کە دەرفەتی یەکسان بە هەر دوو رەگەز بدا، بەوحالەشەوە توندوتیژی دژی ژنان هەروا بەردەوامەو قوربانی دەستێنێ.

بەو پێیە زۆر هەوڵی نێونەتەوەیی لە ئارا دان بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی توندوتیژی و کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی. چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی کە لە لایەن زۆربەی وڵاتانەوە واژۆ کراون ئاماژە بە مافەکانی ژنان، یەکسانی ژن و پیاو ، دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و بەرەنگاربوونەوە و سڕینەوەی ئەو دیاردەیە دەکەن. کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانە دەکەین.

## جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا کە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە واژۆ کراوە، لە چەندین بەندا باس لە یەکسانی ژن و پیاو و مافەکانی ژنان کراوە.

لە بەندی ای جارنامەکەدا هەڵاواردن رەت کراوەتەوە و هاتوە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری ئابروو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەک بەرابەرن . هەموویان خاوەنی عەقل و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجووڵێنەوە.

هەروەها لە بەندی ٢ دا دەڵێ هەر کەس دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێک بەتایبەتی لە باری رەگەز، رەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسی و هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاو گیرانی رەچەڵەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی، دارایی و سامان، چونیەتیی لە دایکبوون یا هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون.

کۆنڤانسیۆنی سڕینەوەی هەر چەشنە توندوتیژییەک دژی ژنان

ئەو بەڵگەنامەیە کە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە لە پێشەکییەک و ٣٠ بەند پێکهاتوە. لە بەندی ٢ی ئەو کۆنڤانسیۆنەدا هاتوە کە وڵاتانی ئەندام هەڵاوارن دژی ژنان لە هەر شێوەیەکدا ئیدانە دەکەن و سیاسەتی سڕینەوەی توندوتیژی رەچاو دەکەن لە چەند رێگەوە:

١- گونجاندنی یەکسانی ژن و پیاو لە یاسای بنەرەتی (دەستوور) و هەروەها یاسا نێوخۆییەکانی تر.

٢- دارشتنی یاسای تایبەت بە مەبەستی گەرەنتی جێبەجێ کردنی یاساکانی دژە هەڵبژاردنی ژنان.

٣- پشتیوانیی یاسا لە مافەکانی ژنان لە سەر بنەمای یەکسانی و دڵنیا بوون لە پشتگیریی ژنان دژی هەر چەشنە هەڵاواردنێک لە رێگەی دادگاکان و دامەزراوە گشتییەکان.

٤- وەبەرچاو گرتنی رێوشوێنی پێویست بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنان لە لەیەن هەر کەس، رێکخراو یان دامەزراوەیەک.

٥- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕگانەی لە یاسای سزاداندا شەرعییەت بە هەڵاواردن دژی ژنان دەدەن.

جارنامەی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

ئەو بەڵگانامەیەش ساڵی ١٩٩٣لە لایەن ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوووەکانەوە بڵاو کراوەتەوە و لە ٦ مادده پێکهاتوە....

بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

لەو بەڵگەنامەیەدا کە ساڵی ١٩٦٦ پەسەند کراوە داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکا کە یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان رەچاو بکەن. هەروەها بەڵگەنامەکە باس لە مووچەی بەرابەر بۆ کاری بەرابەری ژن و پیاو دەکا.

کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی توندوتیژی دژی ژنان چەندین هەنگاوی گرینگی ناوە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩ دێسامبری ١٩٩٣ جارنامەی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنانی پەسەند کرد.

• لە ١٧ دێسامبری ساڵی ١٩٩٩، کۆڕی گشتی رۆژی ٢٥ی نۆڤامبری وەک رۆژی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد.





• لە ساڵی ٢٠٠٦، پاش ئەوەی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کرد خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان ئەنجام بدرێ، کۆڕی گشتی بڕیارنامەیەکی دەرکرد و تێیدا داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکان بە مەبەستی لەناو بردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کرد.

• هەروەها کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵانی ٢٠٠٧، ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ لەو بارەوە بڕیارنامەی دەرکردوە.

سەرەرای هەموو ئەو هەوڵانە توندوتیژی دژی ژنان بەردەوامە و ئاسەوارە زیانبارەکانی بە سەر جەستەی هەموو کۆمەڵگاکانەوە دیارە. هەڵبەت ئەو دیاردەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە نیسبەت ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنە دان کەمتر بوونی هەیە و تا رادەیەک توانراوە یەکسانی ژن و پیاو دەستەبەر بکرێ. سروشتی خەباتی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو تەواو جیاوازە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی. ئەوان توانیویانە کۆمەڵگاکانیان بەو قەناعەتە بگەیەنن کە ژن رەگەزی پەراوێز یان رەگەزی دووەم نییە و بۆ خزمەت بە پیاو نەخوڵقاوە بەڵکوو مرۆڤی پلە یەکە و شوێن پەنجەی بە هەموو رەهەندەکانی کۆمەڵگاوە دیارە. لە سیاسەتەوە بگرە تا ئابووری و بەڕێوەبردن و تەنانەت شەڕ و بەرگری.

بە داخەوە کوردستان لەو وڵاتانەیە کە خەباتی ژنان هێشتا نەیتوانیوە مافە سەرەتاییەکانی ژنان بێنێتە دی. تا ئێستاش لە کوردستان، ژنان بە بیانووی نامووس و شەرەف ژیانیان لێ دەستێندرێ یان لە ژێر فشاری کۆمەڵگادا ناچار بە خۆکوشتن دەبن. خێزانی بەختەوەر بەو خێزانە پێناسە دەکرێ کە کوڕی هەیە. ئازادی هەستان و دانیشتن و چوونە دەر و کار کردن و خوێندن و رادەربڕین و زۆر ئازادی تریش بۆ ژنان بەرتەسک کراوەتەوە.

بە چاوخشاندنێک بە ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستاندا دەردەکەوێ کە بارودۆخی ژنی کورد چۆنە و گەیشتوە بە چ ئاستێک لە ماف و ئازادییەکانی.

وەک نموونە ئاماژە بە ئامارێک دەکەین کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠ بڵاوی کردۆتەوە:

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠دا دوانزدە ژن لەسنووری پارێزگای هەولێر خۆیان کوشتووە، کە تەمەنیان لەنێوان (١٨ بۆ ٣٠) ساڵیدابووەو (٦٧%)ی ئەو حاڵەتانەش بەهۆی چەکەوە بووەو (٣٣%)ی رێژەکەش خۆیان خنکاندووە، کە سەرجەمیان ئاستی خوێندنو باری ئابوورییان مامناوەندبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەریتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم، لەو ساڵەدا بیستو شەش ژن کوژراون، پێنجیان بەبیانووی شەرەفو (١٧)شیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، کە دیاریترینیان کێشەی مۆبایلە.

ڕاپۆرتەکە ڕوونیشیکردووەتەوە، جگە لەکوژرانی ئەو ژنانە لەهەولێر، (٦٤) شەستو چوار ژنیش خۆیان سووتاندووە، کە (٥٥%)یان بەهۆی ڕقی خێزانەکانیانەوە بووە، (٦٥%)ی ئەو ئافرەتانەی کە سووتاون شوویان کردووە، هاوکات (١٠٢) سەدو دوو ژنی تر بەهۆی قەزاو قەدەرەوە سووتاون.

بەڕێوەبەریتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوەشکردووە، ساڵی ڕابردوو (١١٢٣) هەزارو سەدو بیستو سێ ژن لەو بەڕێوەبەریتییە سکاڵایان تۆمارکردووە، کە (٤٨%)یان تەمەنیان لەنێوان (١٩ بۆ ٣٠) ساڵیدابووە، (٦٣%)شیان هۆکاری سکالاکان دەگەڕێننەوە بۆ کێشەی نێوان خێزانەکان.

ئەو ڕاپۆرتە هەروەها هێمای بەوەشکردووە، لەو ساڵەدا (٢٣٥) دووسەدو سیو پێنج ژن ئەشکەنجەدراون، کە (٨٥%)یان شوویانکردووە، (٦٦%)شیان هۆکاری ئەشکەنجەدانیان بۆکێشەی نێوان ژنو مێرد دەگەڕێننەوە، (٣٥) سیو پێنج ژنی تریش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەر کراوەو کە (٦٠%)یان خوێندەوارنو (٧٨%)ی ئەو ڕێژەیەش، لەلایەن کەسانی دەرەوەی خێزان توندوتیژییان لەبەرامبەردا کراوە.

بەگشتی ئەو دۆسێیانەی کە ساڵی (٢٠١٠) لەو بەڕێوەبەریتییە تۆمارکراون، (٧٤%)یان لەدادگا داخراون.

ئامارەکەی ساڵی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم، لەبارەی بوونی ڕووداوەکانی توندوتیژی ژنان لەسلێمانی ئەوەی خستووەتەڕوو، لەو ساڵەدا (٣٣) سیو سێ ژن کوژراونو (١٥٣) سەدو پەنجاو سێ ژنیش سووتاون، (٧٨) حەفتاو هەشت ژنی دیکەش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەر کراوە، جگەلەوەش (٥١٩) پێنجسەدو نۆزدە ژن سکاڵایان تۆمارکردووە، (٨٣٤) هەشتسەدو سیو چوار ژنیش ئەشکەنجەدراون.

وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێداوە، هەمان ساڵ لەدهۆک (١٠) دە ژن خۆیان کوشتووە، (٨٥) هەشتاو پێنج ژنیش خۆیان سووتاندووە، (١٩) نۆزدە ژنی تریش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەرکراوە.

لە بەشی کۆتایی باسەکەدا گرینگترین ئەو ڕێکارانە دێنمە بەر باس کە دەتوانن یارمەتیدەر بن کە کۆمەڵگا هەنگاوەکانی بەرەو دابین کردنی یەکسانی ژن و پیاو خێراتر و کاریگەرتر بپێوێ:

١- بەرەوژوور بردنی ئاستی وشیاری و تێگەیشتوویی ژنان سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان، کە لە درێژخایەندا دەتوانێ گۆڕانێکی قووڵی کولتووری بەدوادا دێ و بنەماکانی پیاوسالاری لاواز بکا.

٢- داڕشتنەوەی سیستەمی پەروەردە بە شێوازێک کە ژن تێیدا لە رەگەزی پەراوێز یان رەگەزی دووهەم دەرباز بێ و ئەو رۆڵ و گرینگییەی پێبدرێ کە پیاو پێی دەدرێ.

٣- داڕشتنەوەی یاساکان و دابین کردنی بەرابەریی یاسایی ژن و پیاو لە دادگا و دامەزراوە حکوومییەکاندا.

٤- قەرەبوو کردنەوەی روحی و جیسمی ژنانی قوربانی توندوتیژی تا لە کۆمەڵگا دانەبڕێن و لە ژیانی ئاسایی تەریک نەکەونەوە.

٢٨ ی نوامبری ٢٠١٢

رۆژهەڵات تایمز

## با هەر ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەبێ



رۆژە عەزیزی

هەموو ساڵێک لە بەرە بەری رۆژی ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان بە پارێزەری مافی ژنان دەزانن دەست دەکەن بە چالاکی و بڵاوکردنەوەی وتار و وێنەی تایبەت بەو رۆژە و کەناڵە راگەیاندنەکان و سایت و گۆڤارەکان سەرجەم ئەم بابەتە لە خۆ دەگرن، باشە بۆ هیچ کات لە خۆمان ناپرسین بۆ تەنیا رۆژێک لە سەرجەمی ساڵێکی دورودرێژ بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە؟ بۆ تەنیا لە بەرەبەری نزیک بوونەوە لەم رۆژە گشت لایەکمان بیرمان دەکەوێتەوە؟ بەڵام لە حاڵێکدا رۆژ نیە کە ژنێکی نیشتمانی من ڕوبەڕووی توندوتیژی و هەڵواردن نەبێتەوە و نەکوژرێ و لێینەدرێ و سووکایەتی پێ نەکرێ.

توندوتیژی دژی ژنان دەستەواژەیەکە کە بۆ هەر کردارێکی توندوتیژکە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت بەکاردەبرێ. وەک لێدان و سوکایەتی و ئازاردان لە باری دەروونی وتوندوتیژی لە لایەنی یاسا و چەند جۆرێکی دیکە کە ڕوبەروی مرۆڤ دەبێتەوە بەڵام رەگەزیش لە پلەی یەکەمی ئەم کردارەدا دێ. کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ،توندوتیژی بەرانبەر ژنان بەم شێوە پێناسە دەکات(هەر کردارێکی توندوتیژ کە لەسەر بنەمای رەگەزی ئەنجامبدرێت وزەربە لە بواری جەستەی یان ڕەگەزی یان دەروونی بدا ئەوە بە توندوتیژی دژ بە ژنان ناودەبرێ).

بە پێی ئامارەکان رۆژانە رێژەیەکی بەرچاو لە ژنان ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە،یان ئەو توندوتیژیە لە چوارچێوەی خێزان لە لایەن ئەندامانی خێزان وەک باوک و برا،یان لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەری لە لایەن هاوسەرەکانیان،یاخود لە شوێنی کار یان لە کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی کاروباری ژیانی رۆژانەدا دەبێ.

بە بڕوای من ڕەنگە توندوتیژی جەستەیی کە زۆر جار جەستەی ئەو ژنە بە شێوەیەکی دڕندانە ئازار دەدرێ، بەڵام ئەو جەستەیە ئەگەر ئازاریشی پێگەیشتبێ،ئەگەر ئەندامێکی جەستەی شکێنرابێ و ئەگەر زۆر حاڵەتی دیکەی بە ئازار بە سەر ئەو ژنەدا بێ بە هەر حاڵ بەرەو باش بونەوە دەچێ و ڕەنگە دوای ماوەیەکیش کە جێگاکەی نەما لە بیر بچێتەوە. بەڵام توندوتیژی دەروونی کە زۆر لە توندوتیژی جەستەی ئاسەواری خراپتری هەیە،چونکە ئەو کەسەی لە رێگەی ئازاردانی دەروونیەوە توندوتیژی بەرانبەر ئەو ژنە دەکا زۆر کاریگەرتری ئەنجام دەدا و بە پێی ئامارەکان کارتێکەری زیاتری لە سەر ژن هەیە. ئەم جۆرە توندوتیژیە وەک توندوتیژی جەستەی بە جەستەی ژنەوە دیار نیە بەڵام زۆر زیاتر لەو توندوتیژیە کاریگەرە بۆ نمونە وەک: فرەژنی،جیاکردنەوەی دایک لە منداڵەکانی یان لە خزم و کەس، دابین نەکردنی پێداویستیەکانی رۆژانەی، دەرکردن لە ماڵەوە یان زیندانی کردنی لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا، تۆمەت لێدان و زۆر شێوەی دیکە.

بە داخەوە لەو کۆمەڵگانەی کە هێشتا ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە زۆر لەسەرەوە نیە،ژن بە ئامرازێک بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ماڵەوەیان دەزانن،وەک بەخێوکردنی منداڵ یان ئامادەکردنی خواردن و کاروباری ماڵ.

بەڵام سەرەڕای خەباتێکی لەمێژینەی ژنانی چالاکی بواری مافەکانی ژنان و رێکخراوەکانی چالاک لەم بوارە و هەروەها بە خۆشیەوە بوونی پیاوانی یەکسانیخواز،لە کۆمەڵگەکانی وەک ئێمە تا ڕادەیەک ئەم گرفتە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ناسراوە،هەرچەندە تا بە ئێستاش ژنان و کچانێک بە رێژەیەکی بەرچاو ڕوبەڕوی ئەم ستەم و زوڵمە دەبنەوە،بەڵام جێگای ئومێدە.

لە بەرەبەری رۆژی ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئاواتە خوازم کە چیتر کۆمەڵگەی ئێمە و گشت کۆمەڵگەکانی جیهان شاهیدی ڕوداوە تاڵەکان نەبین کە بەرەوڕووی هاورەگەزەکانمان دەبێتەوە. بە هاوکاری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز هەوڵی بنبڕکردنی ئەم دیاردە مەترسیدار و دوور لە مرۆڤایەتیە بدەین. هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دوور لە هەر هەڵاواردنێکی ڕەگەزی بدەین.

لە کۆتایی دا دەمهەوێ ئاماژە بە شتێکی زۆر گرینگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە زۆر جاران ژن خۆی تووندوتیژی بەرانبەر ژن دەکا،بۆ نموونە ئەگەر ژنێک لە زۆر بواری جۆراو جۆر دا سەرکەوتوو دەردەکەوێ،لە لایان هاوڕەگەزەکانیەوە بەر پەلاماری قسە و بوختانکردن دەکەوێ کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ حەسادەت و هیوانەخواستن بۆ سەرکەوتنی یەکتری. هیوادارم ژنان زیاتر لەو هەوڵەدابن کە ئەم دیاردەیە نەمێنێ و هەموو وەک یەک هیوا بۆ سەرکەوتنمان بخوازین.

٢٤ی نوامبری ٢٠١٢

کوردستان و کورد

## ٢٥ی نۆڤەمبەر و ئاوڕێک لە مەینەتیەکانی ژنان



کوێستان عومەرزادە

بێ گۆمان هەموو ساڵێک لە ٢٥ نۆفەمبەردا بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو سێ ژنەی کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان گیانیان لە دەستدا ،کۆمەڵێک لە ژنانی چاڵاکوان لە هەر وڵاتێکدا بە چاڵاکی جۆراوجۆر یادیان دەکەنەوە و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرن. تێکۆشانی ئەو ژنانە و یادکردنەوەشیان لە کۆمەڵگای کوردی و مێدیای کوردی ڕەنگی داوەتەوە . هەرچەندە ژنان لەو سەردەمەدە بە هۆی شرشی تێکنۆلۆژیا تا ڕادەیەک لە پێناو دەستەبەرکردن و داخوازی مافەکانیان هوشیار بوونەتەوە، بەڵام ئایا بەراستی لە ماوەی ئەو چەندە ساڵەی کە لە لایان ژنانی چالاکەوە ڕێز لەو ڕۆژە دەگیرێت و بۆ مافەکانیان تێدەکۆشن تا ئیستا هیچ گۆرانکاریەک لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توند و تیژی دژ بە ژنان کەم بۆتەوە و یان بەرەو زیاد بوون چووە.

مێژوی سەر هەڵدانی ٢٥ نۆڤەمبەر ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە بە هۆی نەبوونی کوڵتوری دێموکراسی و دەسەڵانی دیکتاتۆری توانیویەتی زۆر بە ئاسانی حوکمی خۆی بکا و گیانی ئینسانە ئازادی خوازەکان بخاتە ژێر دەستیەوە. گەر ئاوڕێک بدەینەوە لە رابردوو واتا بۆ ساڵی ١٩٦٠ و بۆ وڵاتی دۆمینیکان، بنەماڵەی میرابل وە ئەو سی خوشکە واتا ( پاتریا، ماریا ترزا و مینروا ) دیتەوە بیر مان کە لەژیر ئەشکەنجەو ئازارد لە لایان دەسەڵاتی پاوانخوازی ئەو کات گیانیان لە دەستدا.

ئەشکەنجە و ئازاری ئەوان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە تاوانی چالاکی سیاسی دژی حکوومەتی " تروجیلو بوو کە لە دژی حکوکمی دیکتاتۆریانە لە ئارا دابوو ئەو کات. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت واتا ساڵێک کە حکومی تروجیلو رووخا هەر سێ خوشک بە پەپولەکان ناسرا ، ئەوان بونە هیمای خۆراگری و بەرخودان لە دژی دەسەکاتی دیکتاتۆری . ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی خەبات دژی توندو تیژی یان نەهیشتنی توندو تیژی دەستنیشآن کرا ، پاشآن لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕێکەوتی ١٧ ی دیسەمبەر لە لایان ڕێکخراو نەتەوە یەکگرتەوەکان وەکو ڕۆژی جیهانی لە دژی توندو تیژی ڕاگەیەندرا.

کاتێک بە نێو یادەوری یان میژووی سەرهەڵدانی ٢٥ نۆوەمبەردا دەچینە وەئەو ڕاستیە مان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە بەرانبەر ژنانێک کە بیری ئازادی خوازی یەکسانی و کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک ئاواتیان بوو ڕوبەڕوی توندو تیژی بوونەوە ، بەڵام گەر چاو لە یادو بەرز ڕاگرتننی ئەو ڕۆژە بکەین لە لایان ژنانەوە دەبین ، هەوڵەکان لەو ئاستە دانەبوون کە کوشتنی ژنان بە بیانوی ناموس و شەرەف پەرستی کەم کاتەوە یان توندو تیژی دژی ژنان ڕیشە کێش بکات، بێ گومان توندو تیژیەکان زۆرن وهۆکاری زۆر یان لە پیشتەوەیە، دەکرێ لایەنی ڕۆشنبیری، ئابووری، کولتوی هەر کۆمەڵگەیەک، هۆکار بن بۆ بەردەوامی توندو تیژی و نسبەتی ئەو توندو تیژیانە سەبارەت بە ژنان.

پاشان ئازادی ژنان لە کۆمەڵگا پیاو ساڵاریەکاندا ڕەنگ و ڕویەکی وای پۆشیوە کە هەر ڕۆژە لە ژێر سێبەر ئەو ئازادیە یان ئەو خەباتەی کە ژنان دەی کەن ، ژن تووشی توندو تیژی دەبنەوەو دەکوژرێن و بیسەرو شوێن دەکرین، ئایا بەراستی ئەوە چ چەشنە ئازادیەکە؟




لە لایەکی دیکە، خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەلگایەنی یەکسان و ئازادی خوار دەبێ لە ئەندیشەو پڵانی خودی ژنان خۆیان دابێت، کەواتا بزوتنەوەی ژنان دەبێ دور لە دەسەڵاتی سیاسی حیزبی بێت تا بە پێی ئوسلوب و پرینسیبی تەشکیلاتی ئەو حیزبە هەوڵکانیان قاڵب نەگرێت و لەو چوراچێوەیەدا قەتیس نەمێنێتەوە ، بە بۆچوونی من دەبێت تەواو دەستی کراوە و سەر بەخۆ بێت، تا بتوانی میکانیزمی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی هەوڵەکانیان لە پێناو ئامانجەکانیان بدۆزنەوە. بۆ کەم کردنەوە توندو تیژی لە هەرکۆمەڵگایەکدا دژبە ژنان دەبێت لە چوارچێوەی دروشم بێتەدەر و پراکتیزە بکرێت . با بزوتنەوە ژنانی ئازادی خواز و سەر بەخۆ دروست ببن و هەوڵەکانیان بۆ بەرفراوان کردنی بیری ئازادیخوازی ژنان و بە هیز کردنی لایەنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ئەوان چر کەنەوە. ژنانی چاڵاک و هۆشیار و خاوەن بیر و ئیرادەی خۆی ،بە ئاسانی ناتوانرێت زوڵمیان لێبکرێت و بچەوسێتەوە ، هەروەها ڕوبەڕوی ئازارو مەینەتی و سوکایەتی ببنەوە،. با خەبات بۆ سڕینەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان بە تایبەتی و بە مرۆڤایەتی بە گشتی بکەینە ئامانج هەوڵ نەدرێت تەنها شوعارو هەوڵەکان لەو پێناوەدا لە ٢٥ نۆفەمبەر بەرز کەینەوە . خەبات لەو پێناوە دا لە بیرو هۆشماندا هەموو کات و ساتیک گەشەبکات.

٢٥ی نوامبری ٢٠١٢

کوردستان و کورد

## پێناسە و جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان



ئامادە کردنی: ب . هیوا

### کورتە مێژوویەک بۆ ڕۆژی ٢٥ی نوڤەمبر

(کوژرانی خوشکانی میرابال لە ٢٥ نوڤەمبری١٩٦٠ دا)

خوشکانی میرابال٤ خوشک بوون خەلکی کۆماری دۆمینیکەن، ٣ ی کەسیان لە سەردەمی دیکتاتۆریی رافائیل ترۆخیۆ بە هۆی دەستوپیوەندەکانی ئەو دیکتاتۆرە و لە ڕۆژی ٢٥ی نوڤەمبری١٩٦٠ دا پاش چەندین مانگ ئەشکەنجە کوژران. ناوەکانیان بریتی بوو: پاتریا مێرسدێس میرابال (٢٧ی فێوریە١٩٢٤– ٢٥ نوڤەمبری ١٩٦٠)، ماریا ئارژانتینا مینێروا میرابال (١٢ی مارسی ١٩٢٦ – ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠) و آنتونیا ماریا ترسا میرابال (١٥ی اکتبری ١٩٣٥ – ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠). خوشکی چوارەم ئادلا (ددە) میرابال لەو ڕۆژە دا کە خوشکەکانی کوژران، نەکوژراوە. ٢١ سال دواتر واتە لە ١٩٨١ لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا کە لە بۆگۆتا، پێتەختی کۆلۆمبیا، بە بەشداریی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و لە ناوچەی کارائیب پیک هات، پێشنیار کرا ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابال، وەک ڕۆژی ڕەتکردنەوەی توند وتیژی بەرامبەر بە ژنان بناسرێت.لە ١٧ی دیسامبری سالی ١٩٩٩وە ٢٥ی نوڤەمبر، روژی کوژرانی ئەو خوشکانە بە «روژی جهانیی خەبات لە گەڵ توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان» ناودێر کراوە.

### پێناسەی توند و تیژی بە گوێرەی «بەیاننامەی‌پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان»:

**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی »توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوودەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

### جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر ژنان

( بە پێی بەیاننامەی‌پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان)

**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت بەژنان.
ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.
(پ) توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.
توند و تیژی بە دژی ژنان چەمکێکە کە هەموو ئەو کارە توند وتیژانە دەگرێتەوە کە لە دژی ژنان بە کار دەهێنرێن. واتە جنسییەت یا ڕەگەزی مرۆڤەکە لەم جۆرە توند و تیژییانە دا، بناغەی توند و تیژییەکەیە.
کۆڕی گشتیی نەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەم جۆرە پێناسەی «توند و تیژی دژی ژنان» ی کردوە: «هەر چەشنە کردەوەیەکی توند و تیژ لە سەر بناغەی ڕەگەز یا جنسییەت کە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی فیزیکی، جەستەیی یا دەروونی». دیارە »هەڕەشەی ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردەوانەش،زۆرەملی یا زۆری لێکردن و ئەستاندنەوەی سەرەڕۆیانەی ئازادی»یش هەر دەچێتەوە ئەم خانەیەوە.

هەر کردەوەیەک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئێش وەدەرد و ئازار تووشی ژن بکا، نیشانەی توند و تیژییە.ئەم جۆرە کردەوانەش لە فۆرم و قالبی جۆراوجۆر، لە زۆر ڕەهەند و بواری جیاوازدا، بەڕێوە دەچن و قوربانی دەستێنن. پڕئازارترین جۆری کردەوەی توند وتیژ،توند وتیژیی فیزیکییە کە بە زۆری پیاوان لە دژی ژنان، بە ئەنقەست و بە ئاشکرا بە کاری دێنن. بەڵام ئەمە تەنیا گۆشەیەک لە ڕاستییەکەیە و تەنیا بە ناسینی فۆرم و شێوەکانی دیکەی توند و تیژییە کە دەتوانین ڕەهەندە واقیعییەکانیتوند و تیژی بە دژی ژنان تێبگەیەن.

جۆرەکانی توند و تیژی:

(لە ڕووی شوێنی ئەنجامدانی توند و تیژییەکەوە)

١- توند و تیژی لە چوارچیوەی خیزاندا

لێدان،دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵە بچووکەکانی خێزان، توند و تیژیی پیوەندیدار بە مارەکردن، ناچارکردن و بە زۆر چوونە لای هاوسەر، خەتەنەکردنی کچان و جۆرەکانیتری داب و نەریت کە ئازار بە ژن دەگەیەنن.توند و تیژیی پەیوەندیدار بە کارلێکێشان(استغلال)

٢- توند و تیژی لە چوارچیوەی کۆمەڵگەدا:

لاقە کردن، دەستدرێژیی سێکسی، تۆقاندن لە شوێنی کار کردن و دام و دەزگا پەروەردەییەکان و هەر شوێنێکی دیکە، بازرگانی کردن بە ژنانەوە و ناچارکردنیان بە لەشفرۆشی

٣- ئەو توند و تیژییەی دەوڵەت ئەنجامی دەدات:

دەستدرێژی و توند وتیژی لە دژی ژنان لە لایەن دام و دەزگا حکوومەتییەکان،

جۆرەکانی توند و تیژی( لە ڕووی ناوەرۆک و ماهییەتەوە):

١) توند و تیژیی جەستەیی:
٢) توند و تیژیی دەروونی:
٣)توند و تیژیی سێکسی:
٤)توند و تیژیی سیاسی:
٥) توند و تیژیی کۆمەڵایەتی:
٦)توندوتیژیی تەندروستی:
٧)توندوتیژیی پەروەردەیی:
٨)توند وتیژی ئابووری:
٩)توند و تیژیی یاسایی:

جۆرەکانی توند و تیژی

١) توند و تیژیی جەستەیی:

بە کارهێنانی هیزی جەستە بە شێوەیەکی مەبەستدار بەرامبەر کەسانی دیکە بە نیازی ئازاردان و زیان پێگەیاندن لە ڕووی جەستەوە(لیدان بە دەست یا هەر ئامێرێک، گازگرتن(گەستن)، خنکاندن، ڕاکێشانی قژ، چرنووکگرتن، بۆکس لێدان کە هێندێک جار لیدانەکە دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی کەسەکە. ترسناکترین جۆرییش کوشتنی ژنانە بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە. هەر وەها خەتەنەکردنی کچان کە دەبێتە هۆی خوێن لێرۆیشتنی زۆر و مردن و تووشبوون بە هێندیک نەخۆشیی وەک نەزۆکی و هەو کردن.

٢) توند و تیژیی دەروونی:

زۆرترین و کاریگەرترین شێوەی توند و تیژی کە کاریگەریی دەبێت لە سەر بنیاتی کەسایەتیی ئەو مرۆڤە بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەنی.
زۆر جارئەم دیاردەیە بە توند و تیژیی عەقڵی ناو دەبرێت کە بریتیە لە خراپە کاریی زمانەوانیی بەردەوام، ورووژاندن، دوورکردنەوەی ژن لە هاوڕێ و کەسوکارەکەی، بێبەشکردن لە سەرچاوەی ئابووری و سرووشتی و رووشاندنی کەسایەتی.
ناپاکیی هاوسەرێتی، سووکایەتیپێکردن، لۆمە، رقهەڵگرتن، گاڵتە پێکردن، ناچارکردنی ژنان بە پیادەکردنی سیکس یان بە زۆر دەرکردنی ژن لە ماڵ، بێبەشکردن لە منداڵ، رێگرتن لە دەربڕینی بیر و بۆچوون و پێشوازیکردنی میوان، هەر وەها رێگرتن لە سەفەر و کار ردن لە دەرەوەی ماڵ. هەر یەک لەوانەش ئاسەواری دەروونی خراپ بە جێ دێڵن.

### ٣)توند و تیژیی سیکسی:

دەکرێت بە دوو بەشەوە:

آ- توند و تیژی لە دەرەوەی پێوەندیی ژن و مێردایەتی کە بریتییە لە دەستدرێژی و لاقەکردن.
ب - زەبر و زەنگ لە چوارچێوەی خیزان کە زۆر بە کەمی قسەی لە سەر دەکرێ بە هۆی عەیبەوە،کە خۆی لە مامەلە و شیوازی سێکس دا دەبینێتەوە وەک بە زۆر سکپڕکردن، منداڵلەباربردن و...

### ۴)توند و تیژیی سیاسی:

واتە نەبوونی ئازادیی رادەربڕین، بیرکردنەوە، هەڵبژاردنی بیرباوەڕ و شێوازە کولتوورییە جیاوازەکان.
مێهرئەنگیز کار: توند و تیژیی سیاسی بە پشتگیریی لوتکە رەسمییەکانی دەسەڵات، واتە حکوومەت دژی ژنان ئەنجام دەدرێت. لە پشتیوانی نەکردن لە یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو و لە بەرێوەچوونی سیاسەت دا دەردەکەوێت.لەمەش زیاتر لە بێبەشکردنی ژنان لە مافی یەکسان بە هۆی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە.

### ۵) توند و تیژیی کۆمەڵایەتی:

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی توند و تیژی، کێشە و گرفتە کۆمەلایەتییەکانە کە بە گشتی بێبەشبوونی ژنان دەگرێتەوە لە پیادە کردنی کەسایەتی و مافە کۆمەلایەتییەکانی خۆیان...توند وتیژیی کۆمەڵایەتی سیوازی جۆراوجۆر لە خۆی دەگریت وەک بێبەسبوونی ژنان لە کارکردن لە دەرەوەی مال و تەواو کردنی خویندن، بیبەشبوونی ژنان لە جلوبەرگ و هەلبژاردنی هاوڕێ و پەیوەندییە تایبەتییەکان بە تاکەکەس و دراوسی و ریگرتن لە دەربڕینی راوبۆجوونی خۆی و گوی نەدان بە رای ژن لە بڕیارەکانی خیزاندا.

### ۶)توندوتیژیی تەندروستی:

مەبەست لە بیبەسبوونی ژنانە لە مافە تەندروستییەکان، نەبوونی سیستەمیک بۆ پاراستنی ژنان لەو نەخۆسیانەی تایبەتن بە ژن، بایەخنەدان بە هۆسمەندیی کاتی سکپڕی واتە بایەخدان بە خواردنی گونجاو، نەبوونی مۆلەتی کاتی منداڵبوون، هوشیارنەکردنەوەی ژنان لە بوونی ماوە لە نیوان دوو سکپڕی دا و...

### ٧)توندوتیژیی پەروەردەیی:

ئەم جۆرە توند و تیژییە لە نیو پرۆسەی پەروەردە و خویندن دا روو دەدات، درێژکراوەی هەمان توند وتیژییە کە لە لە نیو خیزان روو دەدەن. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی خویندن.

### ٨)توند وتیژیی ئابووری

هۆکاری ئابووری رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە تەشەنەکردنی جۆرەکانی توند وتیژی دژ بە ژناندا، ئەوەش پێوەندداره بە باری گوزەرانی خیزان، بەدەر لەوەی لە نیو خیزانەکاندا پاشکۆیەتیی ئابووریی ژنان بۆ پیاوان بە یەکیک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەنجامدانی توند وتیژی دادەنرێت، هەر وەها بازرگانیکردن بە جەستە ژنەوە یان بە کەموەرگرتنی کاری ژنان وەک بەرهەمهێن.

### ٩)توند و تیژیی یاسایی







لە کۆمەڵگەیەکدا کە داب و نەریت و کولتوور وئایین تێکەڵ بە یاسا ببێت، بارودۆخی ژنان روو لە مەترسی دەکات. بۆیە ئەگەر لە یاسا دا بڕگەی ڕێگر لە توند و تیژی دژ بە ژنان دابنێ و هەر ژنێک لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە بتوانی سوودمەند بێت، ئەو کاتە توند و تیژیی دژ بە ژنان سنووردار دەبێت. کە واتە ئاستی توند و تیژی دژ بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەکانی یاسا، بۆیە یەکێک لە مەرجەکانی ڕزگار بوون و بەدەستهێنانی یەکسانی بۆ ژنان، گۆڕینی ئەو بڕگانەی یاسایە کە لە بەرژەوەندی ژنان دانییە.

## دەستدرێژیی سێکسی، تاوان دژی مرۆڤایەتی

یەکێک لە شوومترین جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان، دەستدرێژیی سێکسییە کە بە تایبەتی لە کاتی شەڕەکان دا زۆر دەبینرێت. لە کۆماری کۆنگۆ لە ماوەی ١٣ ساڵ دا دووسەد هەزار ژن دەستدرێژیی سێکسیان کراوەتە سەر. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، ئەم دیاردەیەیان وەکوو تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساندوە. لەم پێوەندییە دا جەخت لە سەر دوو شت دەکەنەوە:
یەکەم: پەلکێشکردنی تاوانبارانی دەستدرێژیی سێکسی و هۆکارەکانی قوربانیبوونی ژنان لە کاتی شەڕدا بۆ بەر دەم دادگا و لێکۆڵینەوە و سازدران،
دووهەم: دابینکردنی یارمەتیی جۆراوجۆر بۆ قوربانییانی ئەم جۆرە توند و تیژیانە بۆ وینە یارمەتیی دەرمانی، پزیشکی دەروونی، پشتیوانیی حقووقی و یارمەتیی ئابووری.

## 16 ڕۆژ بەربەرکانی لە گەل توند وتیژی بەرامبەر ژنان

### بە دەستپێشخەریی ناوەندی جیهانیی ژنان

لە ساڵی ١٩٩١ەوە کەمپەینێک بە دەستپێشخەریی ناوەندی جیهانیی ژنان لە زانکۆی ڕاتگێرز وەڕێ کەوتوە. ناوی کەمپەینەکە ئەوەیە: «١٦ ڕۆژ هەڵمەتی جیهانی لە دژی توندوتیژییە جنسیەتییەکان». مەبەست لەو ١٦ ڕۆژە، لە ٢٥ی نوامبرەوە تا ١٠ی دیسامبرە کە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤە. لەم کەمپەینە دا ژنان و پیاوانی داکۆکیکاری یەکسانیی ژن و پیاو، لە سەرانسەری جیهان بە چالاکیی جۆراو جۆری هونەری، میدیایی، توێژینەوەیی و زانستی، هەوڵ دەدەن سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای ئەو توندوتیژییانە ڕابکێشن کە بناغەی جنسییەتیان هەیە و لە ئاکامە دڵتەزێنەکانی ئەو توند وتیژییانە یاگاداریان بکەنەوە.
ئەم ناوەندە هەوڵی دا لە نێوان توند وتیژی دژی ژنان و نیزامیگەری یا میلیتارییەت، پردێک ببینیتەوە. سەرەرای ئەو پێناسە جۆراوجۆرانەی بۆ میلیتارییەت هەن،ئەم ناوەندە بەم جۆرە پێناسەی کرد: «میلیتاریيەت(نیزامیگەری)، جۆرێک ئایدۆلۆژییایە کە کولتووری ترساندن و تۆقاندن دەخولقێنی و بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و گەیشتن بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری پەنا دەباتە بەر توند و تیژی، هێرش و دەستدرێژی، دەستیوەردان و داگیرکردنی نیزامی.» میلیتاریيەت هەر وەها مەیدان دەدا بە زۆرێک لە توند و تیژییە پیاوانەکان کە مەترسی و ئاکامی ناڵەباریان هەیە بۆ سلامەتیی و ئەمنییەتی ژنان، بۆئەو پیاوانەی کە پێی نارازین و هەر وەها بۆ سەرجەمی کۆمەڵ. ناوەندی جیهانیی ژنان بە سەرنجدان بە پێوەندیی ئاڵۆزی ئاشتی و تەبایی لە ماڵەوە و لە جیهان وهەر وەها بە سەرنجدان بەو بوارانەی میلیتاریيەت دەیانخاتە ژێرکاریگەریی خۆیەوە، بۆ ساڵی ٢٠ی نوامبری ٢٠١٢ دروشمی «لە ئاشتیی لە جیهان دا هەتا ئاشتی ماڵەوە »ی هەڵ بژارد و ئەم ئەولەوییەتانەی وەک پێنج ئەولەوییەتی خۆی دەستنیشان کرد تا داکۆکیکارانی یەکسانی وخەباتکارانی بواری نەهێشتنی توند و تیژی بەرامبەر ژنان، لەم ١٦ ڕۆژە دا خۆی بۆ تەرخان بکەن:

١- لیک کۆبوونەوەی بزووتنەوەکانی پێوەندیدار بە ژنان، ئاشتی و مافی مرۆڤ لە سەر تەوەری خەبات بە دژی میلیتاریەت
٢- بلاوبوونەوە و بەرهەمهێنانی چەکی بچووک و ڕۆلی لە توند و تیژیی بنەماڵەیی دا
٣- توند و تیژیی جینسی لە سەردەمی شەر وتێکهەڵچوونەکان و دواتر دا
٤- توند و تیژیی سیاسیی دژی ژنان و توند و تیژی بەرلەهەڵبژاردن، کاتی هەڵبژاردن و پاشهەلبژاردن
٥- بەڕێوەبردنی توند وتیژیی سێکسی و جینسییەتی بە هۆی مەئموورانی دەوڵەتی، بە تایبەتی مەئموورانی نیزامی و ئینتیزامییەوە

سەرچاوەکان:

_ چەند دوکیۆمێنتی نێودەوڵەتیی
_ مافی مرۆڤ: قادر وریا
_ توند و تیژی لە شوێنی کار، کنێر عەبدوڵلا

لە ژمارە ٥٩٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.
٢١ی نوامبری ٢٠١٢

## به بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر رۆژی قەدەغەکردنی تووندوتیژی دژی ژنان



سەرگوڵ بێتوشی

هەروەک لای هەمووان ئاشکرایە رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو رۆژی قەدەغەکردنی تووندوتیژی دژی ژنان نێودێر کراوە. دیاریکردنی ئەو رۆژە وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکە کە نمونەی لە مێژوودا بە داخەوە کەم نییە و بە بەردەوامیش بە شێوازی جۆراوجۆر دووپات دەبێتەوە.

لە رێکەوتی ٢٥ی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمینیکان، سێ خوشکی بنەماڵەی میرابل بە ناوەکانی (پاتریا، مینروا و ماریا ترزا) دوای ئەشکەنجە و ئازاری جنسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژی حکوومەتی " تروجیلو " Rafael Trujillo کوژران. گیان لە دەست دانی ئەو سێ خوشکە لە راستیدا گەشێنەرەوەی خەباتێکی جەماوەری بوو کە لە دژی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە لە ئارا دابوو بە چەشنێک کە پاش ماوەی نزیک بە ساڵێک دەسەڵاتی "تروجیلو" روخا. هەر بۆیە ئەو خوشکانە کە بە "پەپولەکان" ناسراون، لە سەر ئاستی جیهانیدا وەکو هێمای خۆراگری لە دژی دیکتاتۆری دێنە ئەژمار. سەرەتا لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨١دا و لە ساڵیادی گیان لە دەستدانی ئەو خوشکانەدا لە لایەن فێمێنیستەکانی ئەمریکای لاتینەوە ئەو رۆژە وەکو رۆژی خەبات بۆ نەهێشتنی تووندوتیژی لە دژی ژنان دیاری کرا و پاش ساڵانێکیش لە رێکەوتی ١٧ی دەیسامبری ١٩٩٩دا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو رۆژێکی جیهانی لە دژی تووندوتیژی لە دژی ژنان پەسندی کرد.

گومان لەوەدا نییە کە دیاریکردنی وەها رۆژێک ئەوەمان بە روونی بۆ دەخاتە روو کە تووندوتیژی دژ بە ژنان لە هەموو جیهان تا ئێستاش هەیە و بەردەوامە. جا با بزانین مەبەست لە تووندوتیژی چییە؟

ئەگەر بێت و پێناسەیەکی کورت و سەرپێی تووندوتیژی بکەین دەتوانین بڵێین تووندوتیژی بریتییە لە سەرجەم ئەو کاروکردارانەی کە ئەنجام دەدرێن بۆ ئازاردانی بەرامبەر بە هەموو شێوەکانییەوە، لەوانەش دەتوانین لێدان و سوکایەتی و بێحورمەتی پێکردن و شکاندنی کەرامەت و رووشاندنی ناخی کەسەکە و لە ماڵ کردنە دەرەوە و هتد ناو ببەین. بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر پرۆسەی تووندوتیژی دژی ژناندا، دەبینین هەر لەو رۆژەوەی کە لە نێو بنەماڵەدا منداڵێکی کچ لە دایک دەبێ و خەڵکی گەرەک لە بری پیرۆزبایی و ئاواتی بەختەوەری، بە دایکی منداڵە کچەکە دەڵێن خوا بەشی چاکترت بداتێ، بەدبەختیەکان بۆ ژنێک هەر لەو سەرەتایەوە دەست پێدەکەن و دەتوانین بڵێین چوارچێوەی خێزان شوێنی یەکەمین هەنگاوەکانی تووندوتیژین بەرامبەر بە ژن.

پێویستە ئەوە بڵێم کە تووندوتیژی لە سەرتاسەری جیهاندا دژی ژنان ئەنجام دەدرێت بەڵام تەنیا دەتوانین بڵێین ئەوە شێوەی ئەنجامدانی کردارەکەیە کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێت.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند شێوەیەکی تووندوتیژی لە دژی ژنان دەکەم.

- یەکێک لەوانە لێدانی ژن و خوشک و دایکە لە لایەن برا و کوڕ و باوک و هاوسەر و زۆرجاریش ئامۆزا و پیاوانی تری نزیک لە بنەماڵە.
- تووندوتیژی دژی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و لە ناو کۆمەڵگادا وەکو: دەست بۆ بردن و هەڵمەت بۆ بردن و تانەوتەشەر لێدان و وتنی وشەی ناشیرین.
- دەست درێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان کە لە دوو بەشدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان کە زۆر جار لە ناو خودی بنەماڵە و لە مابەینی دوو هاوسەردا روو دەدات وەک ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی بە بێ رەزامەندیی ژن و دووهەمیان لە دەرەوەی ماڵ لە لایەن کەسانی دەستدرێژی کەر و لە شوێنی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت.
- ژنان زۆرجار لەلایەن دەسەڵات و حکومەتیشەوە رووبەڕوی تووندوتیژی دەبنەوە بەوەی کە زۆرجار هێندێک یاسا و رێسا دادەڕێژرێ کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر جۆری ژیانی ژنان هەیە و ئەوەش بەجۆرێک لە جۆرەکانی تووندوتیژی دێتە هەژمار.
- ئازاردان یان رووشاندنی کەسایەتی و دەروونیی ژن کە ئەمەش زۆرجار خۆی لە چوارچێوەی وتنی وشەگەلێکی بریندارکەر لە رووی دەروونیەوە دەبینێتەوە بۆ نمونە وشەی وەک قەحبە، بەرەڵلا، ئابرۆبەرە و ... .
- ئەو یاسا و رێسایانەی کە دین بەسەر ژنانیدا دەسەپێنێ و ناچار بە ملکەچبوونیان دەکات لە ئاست پیاواندا. تەنانەت زۆر بە روونیش ئەمە لە ئایینی ئیسلامدا بەرچاو دەکەوێت کە ژن دەبێت ملکەچی هەموو قسە و ئارەزوویەکی پیاوان بێت ئەگینا بە پێچەوانەوە رووبەڕوی سزاگەلی جۆراوجۆر لە لایەن پیاو دەبێتەوە. بۆ نمونە لێدان یان جێگە لێ جیا کردنەوە.
- دەتوانین کردەوەی بەزۆر بەشودان، دووگیانبوونی نەخوازراو و خەتەنە و فرۆشتنی ژنان و تاد لە ریزی تووندوتیژی دژ بە ژنان ناو بنێین.

ئێستا جێگەی خۆیەتی چاوخشاندنێکی کورت و خێرا بەسەر هۆکارەکانی چاوپۆشی و بێدەنگە لە ئاستی تووندوتیژی لە مەسەلەی ژناندا بکەین. دەکرێ بڵێم هۆکار زۆرن بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی بێدەنگە لێکردنی تووندوتیژی سەرەتا لە سەر ئاستی بنەماڵەدا دەگەرێتەوە بۆ نزمی باری رۆشنبیریی ژنان چونکە بە راستی کەم نین ئەو ژنانەی کە مافە رەواکانی خۆیان وەک پێویست ناناسن و بەداخەوە لە لای ئەمجۆرە ژنانە ئەم کردەوە تووندوتیژیانە وەک شتێکی زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو.

هۆکارێکی تری زۆر گرنگ بە لای منەوە هۆکاری ئابوورییە. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەی کە پیاو وەک نان پەیداکەری بنەماڵە دەور ئەبینێ، دەبینین تووندوتیژی دژ بە ژنان زۆر لە سەرەوەترە و لێرەدایە کە جارێکی تر ژن خۆی وەک پاشکۆی پیاو دەبینێت و ئامادەیە چاوپۆشی لە زۆر جۆری بێحورمەتی و بێ ڕێزی بکات چونکە ئەو خۆی وەک کۆیلە دێتە بەرچاو و دوای ئەوەش لە کونجی ژوور و چێشتخانەکەیدا یاسایەکی باشتر بۆ ژیانی نابینێ و یان نایبیستێ.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەتوانێ خۆی لە چوارچێوەی عەقڵییەتی خێڵەکیدا ببینێتەوە چونکە تا چ رادەیەک عەقڵییەتی خێڵەکی بەسەر کۆمەڵگایەکدا زاڵ بێت هەر بەو رادەیەش تووندوتیژی دژ بە ژنان وەبەرچاو دەکەوێت. لە چوارچێوەی عەقڵیەتی خێڵەکیدا هەردەم ژن وەک پارێزەری شەرەفی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت چاوی لێدەکرێ و کەواتە عەقڵییەتی خێڵ کە بێگومان بە دست پیاوانەوەیە ئەوە وەکو ئەرکێک دەبینێت کە دەبێ ئاگای لە شەرەف و ناموسەکەی بێت!

لێرەدا چەند خاڵێک وەک رێگاچارە وەبیردێنمەوە کە رەنگە هەر نەبێ تا رادەیەک ببنە هۆی کەمبوونەوەی تووندوتیژی. یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێ تووندوتیژی تا رادەیەکی باش کەم بکاتەوە، بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەییە کە پێویستە ژنان مافەکانیان بە باشی لە چوارچێوەی بنەماڵە و کۆمەڵگادا بناسن و ئەوە بزانن کە ئەوانیش بوونەوەرێکن کە هیچ کەمتر نین لە پیاو و پێویستە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا هەمان ماف و حەقیان هەبێت کە پیاوێک دەکرێ هەیبێت. پێکهێنان و چالاک کردنەوەی ئەنجومەن و رێکخراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان دەکرێ دەورێکی گرنگ و کاریگەر لەم بوارەدا بگێرێت لە رۆشنبیرکردنەوە و ناساندنی مافەکانی هەردوو رەگەز لە کۆمەڵگادا.

بواری پەروەردە و راگەیاندن دەکرێ رۆڵێکی گرنگی هەبێت لە کەمکردنەوەی تووندوتیژی. بۆ نمونە بەوەی کە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنگاکانەوە بابەتی مافی یەکسان و یەکسانی نێوان ژن و پیاو و لێک جیانەکردنەوەی کوڕان و کچان و چاندنی تۆوی سۆز و خۆشەویستی بۆ مرۆڤ بە بێ جیاوازی ببێتە یەکێک لە بنەماکانی فێرکردن و دروستکردنی متمانە لە نێو هەردوو رەگەزدا.

سەربەخۆیی ژنان لە بواری ئابووری دەتوانێ تا رادەیەکی زۆر کاریگەر بێت لە کەمکردنەوەی تووندوتیژی یان لانیکەم ژن ئەگەر لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت ئیتر ناچار نییە کە هەردەم وەکو چاو لە دەست و ژێردەستە بژیت و هەموو ئەو بێمافیانە قبوڵ بکات کە دەرحەقی دەکرێت.

بە باوەڕی من ئەم خاڵانەی لای سەرەوە تا رادەیەکی زۆر دەتوانن ببنە هۆی کەمکردنەوەی تووندوتیژی بۆ سەر ژنان بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ئێمە خۆمان وەک ژن نابێ هیچکات لە خۆ پێگەیاندن و ناسینی مافەکانمان غافڵ بین.

بەو هیوایەی کە بە هاوکاریی هەرچی زیاتری رێکخراو و ئەنجومەن و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و خودی ژنان خۆیان هەوڵی جدی بدرێ بۆ زیاتر رۆشنبیر کردنەوەی تاکی کۆمەڵگا بە گشتی و ژنان بە تایبەتی، چونکە بە هەر رادەیەک ژنان بتوانن بە بیرێکی فراوانترەوە بێینە مەیدان هەر بەو رادەیەش دەتوانرێ کۆمەڵگایەکی لە رووی پەروەردەییەوە سالم و دوور لە توندو تیژی گەشە بکات.

ماڵپەری دەنگەکان

٢٣ی نوامبری ٢٠١٢

## لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە توندوتیژی لە دژی ژنان



وەرگێڕ: پەروین عەلی مورادی

(راپۆرتی رێکخراوی بێهداشتی جیهانی - رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان)

رێکخراوی بێهداشتی جیهانی لە یەکەم لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لە هەر ١٨ چرکەدا "ژنێک" توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت. تەنانەت دووگیان بوونیش، ژنان لە دەست توندوتیژی پیاوان ناپارێزێت.

٣٠ تا ٣٥ لەسەدی ژنانی ئامریکایی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ئازاری جەستەیی دەدرێن و ١٥ تا ٢٥ لەسەدیان لە کاتی دووگیانیدا ئەشکەنجە دەدرێن. هەروەها لە هەر ١٠ ژنی قوربانی سێ کەسیان لە لایەن هاوسەر یان پیاوانی دیکەوە کوژراون. لە وڵاتی شیلی ٦٣ لەسەدی ژنان ئازاری جەستەیی دەدرێن. ٤١ لەسەدی ژنانی هێند بە هۆی ئازاری جەستەیی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە و خۆرزگار کردن لەم دۆخە، پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن. لە بەنگلادش زیاتر لە ٥٠ لەسەدی قەتڵەکان لە لایەن پیاوانەوە بەکردەوە دەدرێن.

بەداخەوە سەبارەت بە ئێران هیچ کات ئامارێکی راست و دروست لەسەر توندوتیژیەک کە لە ماڵدا لەدژی ژنان بەرێوەدەچێ بڵاو نەکراوەتەوە. لە لایەکەوە عەقڵیەت و باوەڕی پیاوسالارانە بە جۆرێک توندوتیژی پیاوان بە سروشتی دەزانێت و هەوڵ ئەدات پاساوی بکات و بە ژنان دەڵێت کە ژن بە جل و بەرگی سپی چووەتە ماڵی مێرد و هەرچیەکی بەسەر بێت دەبێ تەحەمولی بکات و بە کفنی سپی لە ماڵی مێردەکەی بێتە دەرەوە.

هەروەها توندوتیژی لە دژی ژنان جێگا و شوێنێکی تایبەتی نییە. لە ماڵ، لە سەر جادە یان لە شوێنی کار و لە هەموو شوێنێک لە دژی ژن بەرێوەدەچێ.

لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیا ناوەندێک بە ناوی "خانووە ئەمن و پارێزراوەکان" هەیە کە ژنی خەسارپێگەیشتوو تا کاتێک کە مەترسی گیانی لەسەرە، پەنای بۆ دەبات بەڵام لە ئێران هێشتا وەها ماڵگەلێک نییە کە ژنان بتوانن پەنای بۆ ببەن.

کاریگەرییەک کە توندوتیژی لەسەر ژن دایدەنێت زیاتر لەوەیکە جەستەی ئازار بدات، رۆح و دەرونی برینداری دەکات و هەست بە بێ ئیرادەیی و پاسیڤ بوون لە ژندا دروست دەکات.

## هۆكارەكانی توندوتیژی دژ بە ژنان

هۆكاری سەرەكی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەتوانین لە "تەبعیز" (هەڵاواردن) ببینینەوە كە پێش بە بەرابەری ژن لەگەڵ پیاو لە ژیاندا دەگرێت. توندوتیژی هەم ریشەكەی لە تەبعیز دایە و هەمیش پەرەی پێدەدات. بەو پێیەی كە ژنان و كچان ئامادەنین توندوتیژیەک كە ماڵدا بەرامبەریان دەكرێت بە پۆلیسی رابگەیەنن، یان هێزی قەزایی لە هەندێک وڵاتاندا رەسیدەگی بەم سكاڵایانە ناكات و بە شتێكی ئاسایی لەقەڵەمی ئەدات، ئاماری توندوتیژی نێو ماڵ ورد و دەقیق لە بەردەستدا نییە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە ئەو ئامارانەی كە كۆكراونەتەوە گەلێک دڵتەزێنن و جێگای داخ و پەژارەیە.

بە پێی راپۆرتی رێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا زیاتر لە نەخۆشی سەرەتان و رووداوی هاتووچۆ هۆكاری گیان لەدەستدان یان كەم ئەندام كردنی ژنانی ئوروپایی لە تەمەنی ١٦ تا ٤٤ساڵ دایە. بەڵام هەندێک لە وڵاتان بە یارمەتی رێكخراوە نێونەتەوەییەكانی داكۆكیكاری مافەكانی مرۆڤ بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەم رەوتە، شێواز و رێكارگەلێكی جیاوازیان گرتۆتە بەر.

بۆ نمونە لەم دواییانەدا دەوڵەتی سپانیا بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی نێو ماڵ سیاسەتگەلێكی گرتۆتە بەر كە بە پێی رای ژنانی خەسارپێگەیشتوو ئامادە و كۆكراوەتەوە. یاسا نوێیەكان بۆ رێكخراوی بێهزیستی و پۆلیسی سپانیا دەسەڵاتێكی زۆرتری لەبەرچاو گرتووە تا پێش بە هەڵسوكەوتی توندوتیژانەی پیاو بگیردرێت. ئەم یاسایانە هەروەها پشتیوانی لە قوربانیانی توندوتیژی ناو ماڵ دەكات تا هەست بە تەنیایی نەكەن.

## ئامارە جیهانییەكان زۆر دڵتەزێن و ترسناكن

بە پێی بەراوردی دەوڵەتی روسیە، بە ئەگەری زۆر لە ساڵی ١٩٩٩ نزیک بە ١٤ هەزار ژن بە دەستی خزم و كەس و كاریانەوە كوژراون. سەرەڕای ئەمانە لەم وڵاتە یاسایەک بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژی ناوماڵ بوونی نییە. لە ئەفریقای باشور ژمارەی ژنانێک كە لە ماڵدا بە زەبری گوللە دەكوژرێن زیاتر لەوانەیە كە لە دەرەوەی ماڵ و بە دەستی كەسێكی بێگانەوە دەكوژرێن. بیروڕای سونەتی و دواكەوتووانە لەم وڵاتە بۆتە هۆی ئەوەیكە ئامارێكی دروست لە رێژەی رووداوەكانی ناوماڵ لە بەردەستدا نەبێت.

رێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەم دواییانەدا بە ئاماژە بە توندوتیژی ناوماڵ لە دژی ژنان لە كۆمەڵگا سونەتییەكانی جیهان وتی: لە وڵاتێكی وەک ئەفغانستان كە داب و نەریتی ژیانی دەرەبەگایەتی زۆر قوڵە، وەک دارایی و كاڵا چاو لە ژن دەكرێت و دەستدرێژی كردنە سەر مافەكانی ژنان و پێشێل كردنی، بە بێ سزا دەمێنێتەوە.

ژمارەی هاوسەرەكانیش ئەتوانێت پەرە بە توندوتیژی نێو ماڵ بدات. چونكە لە دینی ئیسلامدا، پیاو ئەتوانێت چوار ژنی شەرعی و بە پێی مەزهەبی شیعە هەر چەند ژنی سیغەیی (كاتی) هەبێت كە ئەمەش شەڕ و دەماقاڵێ لەم بوارەدا دروست دەكات و لەوانەیە توندوتیژی لێبكەوێتەوە. باسی چەند هاوسەری ئێستا لە عێراق بۆتە بابەتێكی گەرمی سیاسی. لە ئێرانیش لە پاڵ مسائێلی حقوقی ژنان، چوونەسەرەوەی ئاماری چەند هاوسەری پیاوان بۆتە هۆی ئەوەیكە ژنان (بە تایبەت لە تەمەنی سەرەوەدا) زیاتر لە رابردوو سەبارەت بە ماف و حقوقەكانیان دڵگران بن و بۆ پاراستنی كارێک بكەن.

توندوتیژی لە دژی ژنان پێویستیەكی شاراوەیە چونكە زۆرێک لە ژنان لە كۆمەڵگا جیاجیاكاندا بە هۆكارگەلێكی وەک سزای دژوار و پشتیوانی نەكردنی یاسایی، لە دەربڕینی ئەم ئازارانە و باس كردنیان، خۆدەبوێرن.

توندوتیژی لە دژی ژنان سنوور ناناسێت، تەنیا كۆمەڵگا دواكەوتووەكان ناگرێتەوە. بەڵكوو لە هەموو شوێنێكی ئەم جیهانە ژنان كەم تا زۆر جۆرەها توندوتیژی جەستەیی، جنسی و هیتریان بەرامبەر دەكرێت. لێكۆڵەران لە بابەتێكدا لە ژێر ناوی "توندوتیژی دژ بە ژنان"، هۆكارەكانی توندوتیژی لە دژی ژنان و رێكارەكانی بەرەورووبوونەوە لەگەڵیان تاوتوێ كردووە.

دوكتور "نیلوفەر میكاییلی" ئەندامی هەیئەت عیلمی گروپی دەروونناسی و "فاتمە سۆرخی ئەحمەدی" كارناسی دەروونناسی دانیشگای ئازادی ئیسلامی ئەهواز لەم وتارەدا توندوتیژی دژ بە ژنانیان بە دیاردەیەكی جیهانی لەقەڵەم دا كە بە پێی تایبەتمەندییە فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی و قەومییەكان هەر كات و ساتێک دەتوانێت بە شێوازی جیاواز بەڕێوەبچێت.

"فاتمە سۆرخی ئەحمەدی" لە كۆبوونەوەی ژنان و ئاسیبە ئیجتماعییەكاندا وتی: "بەرینایی توندوتیژی دژ بە ژنان بە بەرینایی مێژووی مرۆڤایەتییە".

ناوبراو جەختی كردەوە: توندوتیژی دژ بە ژنان تەقریبەن لە گشت چینە كۆمەڵایەتییەكان، ئابوری، رەگەزی، سونەتی و جوغرافیایی دا هەیە هەرچەند كە ئەم دیاردەیە لە نێو هەندێک لە گروپەكاندا بەربڵاوترە. ناوبراو توندوتیژی بە رەنگدانەوەیەک لە هەست بە بەدرەفتاری لەقەڵەم دا و وتی: توندوتیژی ناوماڵ جۆرێكی تایبەت لە توندوتیژییە كە لە ئاستی بنەماڵەدا دەسەپێت و زیان و یان ئازاری جەستەیی، دەرونی و جنسیشی لێدەكەوێتەوە.

هەروەها دووپاتیشی كردەوە: سێ بواری سەرەكی رەفتار، ئاسیب و جنسیەت لە جۆرەها توندوتیژی دا دەبینرێت. وتیشی: رەگەزی زاڵ زۆرتر پیاوانن. لە هەندێک حاڵەتیشدا ژن جگە لە تەحەمول كردنی توندوتیژی لە لایەن هاوسەر، لە لایەن باوک و برا و تەنانەت منداڵانی كوریش توندوتیژیان بەرامبەر دەكرێت. ئەم كارناسە دەروونناسە جەختی كردەوە: ژنان لە ژیانیاندا چوار شێوەی توندوتیژی فیزیكی، دەرونی، ئابوری و جنسی تەجروبە دەكەن. هەروەها وتی: توندوتیژی فیزیكی چەندین شێوازی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و بریندار كردن، بە قژ راكێشان، سووتاندن و پاڵ پێوەنان لەخۆ دەگرێت كە ئەم جۆرە توندوتیژییە لەوانەیە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە پلەی خوێندن، رەگەز و وەزعیەتی بنەماڵەیی رووبدات. ناوبراو وتی توندوتیژی دەرونی بریتییە لە سوكایەتی كردن بە ژن، هەڕەشەی لێدان و كوشتنی خودی ژنەكە یان یەكێک لە ئەندامانی بنەماڵەكەی، جنیودان، ناونیتكە، قەدەغە كردنی لە مافی چاوپێكەوتن لەگەڵ دۆستان و زیندانی كردنی لە ماڵدا. هەروەها وتیشی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی بێ متمانە بە خۆیی، خۆشاردنەوە لە كار و چالاكی كۆمەڵایەتی و دڵەڕاوكێ.

هەروەها ناوبراو سەربەخۆ نەبوونی ئابوری ژنان و پێویستی ماڵیان بە پیاو، سوئیستفادە لە ژن و تێكشكاندنی ئەو كەل و پەلانەی كە ئەو خۆشی دەوێن، لە زومرەی حاڵەتگەلی توندوتیژی

ئابوری لە دژی ژنان ناولێبرد و وتی: لە زۆرێک لە وڵاتان ژنان هێزی کاری بێ حەقدەستن و هیچ چەشنە داهاتێکیان نییە و ئەمەش بوار بۆ توندوتیژی ئابوری لە دژی ژنان خۆش دەکات بە شێوەیەک کە لە هەندێک حاڵەتدا ژنان تەنانەت مافی خەرج کردن و بەکارهێنانی کەل و پەلەکانی خۆشیان نییە. ناوبراو پێوەندی جنسی ئیجباری و بە زۆرەملێ، ئیزن پێدان بە ئامرازی مەنع و پێشگیری لە دووگیان بوونی نەخوازراو و سەرنج پێنەدان بە پێویستییە جنسییەکانی ژنی بە یەکێک لە نمونەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان ناولێبرد.

ساڵی یەکەمی هاوسەرگیری، دەورانی کەم و کوڕی ماڵی، لەدایک بوونی منداڵ و بەساڵاچوویی" بە یەکێک لە توندوتیژئامێزترین دەورانی ژیانی ژنان بە ئەژمار دێت.

ناوبراو ساردی پێوەندی جنسی، نارەزایی و جۆرەها بەڵاڕێداچوونی بە یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم جۆرە توندوتیژییە لە نێو ژنان ناولێبرد. وە ئەوەیکە ئازاری جنسی لە شوێنی کار لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامارەکەی لە سەرەوەیە، وتی: لە ئینگلیس لە هەر ١٠ ژن حەوتیان لە دەورەی ژنانی شوغڵیدا تووشی ئەزیەت و ئازاری جنسی دەبن. ئەم لێکۆڵەرە جەختی کردەوە: بە پێی لێکۆڵینەوەکان کە لەسەر ١٠٠ هەزار پەروەندە ئەنجام دراوە، لە ساڵی ١٣٨٠ دا لە ٢٨ ئۆستانی وڵات "ساڵی یەکەمی ئیزدواج، دەورانی دەستکورتی ماڵی، هاتنە دونیای منداڵان و بەساڵاچوویی" بە یەکێک لە توندوتیژانەترین دەورانی ژیانی ژنان بە ئەژمار دێت. هەروەها وتی: بە پێی لێکۆڵینەوەکان ژنانێک کە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت پێنج بەرابەر زۆرتر لە ژنانی دیکە بەرەورووی ئاسیبی دەرونی و مەترسی خۆکوژی دەبنەوە و شەش بەرابەر زۆرتر تووشی کێشە و گرفتی دەرونی دەبن. ناوبراو هۆکارگەلی دەرونی، فەردی (تاکەکەسی)، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە هۆکاری توندوتیژی کاریگەر ناولێبرد و وتی: لە بنەماڵەگەلێک کە ئێعتیاد بە مادە سڕکەرەکان و ئەلکول، بێکاری و ئاژاوە هەیە، توندوتیژیش گەلێک بەرچاو دەکەوێت. ئەم دەروناسە جەختی کردەوە: پیاوانێک کە لە منداڵیدا لە بنەماڵە شاهیدی لێدانی ژنانی بنەماڵە بوون لە گەورەساڵیدا زۆرتر لە پیاوانی تر لە دژی هاوسەرەکانیان توندوتیژی دەنوێنن. هەروەها کەسانی کەم تەمەن و بێ ئەزمون، بێ حەوسەڵە، وابەستە، پەرێشان حاڵ و کەسانێک کە لە بێ کەفایەتی رەنج دەبەن، زۆرتر لە دژی ژنان توندوتیژی بەکار دەبەن.

ناوبراو وێڕای ئاماژە بە توندوتیژی - توندوتیژی لێدەکەوێتەوە وتی: منداڵێک کە ئەلگوی پەرخاشگەری هەیە، فێر دەبێت لە گەورەساڵیدا هەڵسوکەوتێکی هاوشێوەی بێت. ناوبراو رەفتار لەگەڵ کەسی پەرخاشگەر، رەفتاری ئازمایشی، مەیل بۆ دەربڕینی هەست بە پیاوەتی کردن، موناسباتی پیاوسالارانە، تەحەمول کردن لە لایەن ژنان و هۆکارە فەرهەنگی، موحیتی و جوغرافیاییەکان لە رووداوی توندوتیژی لە دژی ژنانی بە کاریگەر وەسف کرد. هەروەها وێڕای ئاماژە بە گۆڕانکاری لە جۆری توندوتیژی لە دژی ژنان، بە توندوتیژی مۆدڕن ناوی لێبرد و جەختی کردەوە: مودرنیزم نە تەنیا پێگەی سەرەکی ژنانی ئیرتقا و نەبردۆتە سەرەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی دیکە بێ ڕێزی پێکردوون. ناوبراو تیجارەت و سوئیستفادەی جنسی لە ژنان، فرۆشی کچانی لاو و تازەلاو بە ناوەندەکانی لەشفرۆشی و هیتری لە زومرەی توندوتیژی مودرن لە دژی ژنان ناولێبرد. هەروەها وێڕای ئاماژە بەوەیکە توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی چەند لایەنەیە وتی: بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم دیاردەیە پێویستی بە چارەسەر کردنی چەند لایەنە هەیە. ناوبراو "بنەماڵە دەرمانی، پێکهێنانی ماڵە ئەمنەکان، ئیزدواج، موشاورەی پێش لە هاوسەرگیری، بردنەسەرەوەی ئاگاهی ژنان و پیاوان لە ڕێگای جەلەساتی ئاموزشی و ... بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی دژ بە ژنان بە کاریگەر وەسف کرد و وتی: لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان سەبارەت بە توندوتیژی لە دژی ژنان، بە تایبەت توندوتیژی نێو ماڵ زۆر پێویستە.

بە پێی دوایین لێکۆڵینەوەکان، لە ٢٨ ناوەندی پارێزگای ئێران لانیکەم ٧٠ لێکۆڵینەوەی مەیدانی جێی باوەڕ سەبارەت بە توندوتیژی نێو بنەماڵە لە دژی ژنان ئەنجام دراوە. زۆربەی ئەم لێکۆڵینەوانە دوای ساڵی ١٣٧٠ تا بە ئێستا ئەنجام دراون کە دەریدەخات لێکۆڵەران و دانیگشاهیانی ئێرانی لە ساڵانی دواییدا عەلاقە و سەرنجێکی تایبەتیان بە تاوتوێ کردن و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە توندوتیژی لە دژی ژنان هەبووە.

زۆرێک لە خوێندکارانی ئێرانی لە دەورەکانی کارناسی ئەرشەد و دوکتورا لە ماوەی دوو – سێ ساڵی رابردوودا پایان نامەکانی خۆیان سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام داوە کە ئەمساڵ هەندێک لە دانیشگاکان بە خوێندکارانیان وت کە "چیتر لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ پایان نامەکانیان خۆببوێرن". چونکە هەر ئێستا و لە حاڵی حازردا زۆرێک لە خوێندکاران و لێکولەران لە سەرتاسەری ئێران لەسەر ئەم مەوزوعە کار دەکەن."

لێکۆڵینەوەیەک کە بەڕێوەبردنی فازی موتالعاتیەکەی، ئامادە کردنی پرسیارنامە، بەکردەوە دەرهێنانی قۆناغی مەیدانی، کۆکردنەوەی زانیاری و دارشتنی کۆتایی، زیاتر لە چەند ساڵ کاتی خایاند. راپۆرتی کۆتایی ئەم گەڵاڵەیە کە ئامارگەلێکی دڵتەزێن سەبارەت بە توندوتیژی نێو ماڵ لە دژی ژنان لە شارە جیاجیاکانی ئێران بوو، لە نیوەکانی ساڵی ١٣٨٣ ئامادە کرا.

راپۆرتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە هێشتا بۆ گشت خەڵک بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام لە کتێبخانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ رۆژنامەنووسان، لێکۆڵەران و خوێندکاران لە بەردەست دایە.

جۆرەها شێوازی جیاجیا سەبارەت بە توندوتیژی لە هەشت گروپدا دابەش کراوە، توندوتیژی زمانی، دەرونی، جەستەیی، جنسی، حقوقی، ئابوری، فیکری و ئاموزشی. ئامارەکان دەریدەخەن کە ٦٦ لەسەدی ژنانی ئێرانی لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە تا بە ئێستا، لانیکەم جارێک توندوتیژیان بەرامبەر کراوە. سەرەڕای ئەمانە رێژە و جۆری توندوتیژی نێوماڵ لە پارێزگا جیاجیاکانی ئێران پێکەوە جیاوازیان هەیە.

بە پێی ئەم لێکۆڵینەوانە، ژنان لە بەندەرعەباس لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە، زۆرتر لە ژنانی باقی ناوچەکانی ئێران توندوتیژیان بەرامبەر کراوە. بەڵام لە نێو ژنانێک کە توتدوتیژیان بەرامبەر کراوە، ئەوە ژنانی زاهیدانین کە زۆرترین و دڵتەزێن ترین توندوتیژییەکان تەجروبە دەکەن. ژنانی بەندەرعەباس لە ماوەی یەکساڵدا، بە چەندەها شێوازی جۆراوجۆر توندوتیژیان بەرامبەر کراوە و ئاماری توندوتیژی لە دژی ژنانی یاسوج کەمتر لە بەندەرعەباس و زاهێدان بووە. راپۆرتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە جۆرەها پێوەری توندوتیژی نێو ماڵ لە "سەرەتای ژیانی هاوبەش"ەوە و "لە ماوەی یەکساڵ" دەکەن.

## توندوتیژی جەستەیی

تونددوتیژی جەستەیی بەریتییە لە: گرتن و زیندانی کردن، بەقژ راکێشان، دەستدرێژی، لێدان بە جۆرەها شێوازی جیاجیا، دەرکردن لە ماڵ و بێبەش کردن لە نان خواردن و هیتر... لەم روانگەیەوە ژنان لە خۆرەم ئاباد لە ماوەی یەکساڵدا زیاتر لە باقی ژنانی ئێرانی تونددوتیژیان بەرامبەر دەکرێت و ژنان لە شەهرکورد کەمتر تونددوتیژی جۆری یەکەمیان بەرامبەر دەکرێت. لێکۆلەران دیاردەی تونددوتیژی ناوماڵ "زیلە، مشت و لەقە، پاڵ پێوەنان، درگا توند پێوەدان، تێکدانی سفرە و میزی نان خواردن و شکاندنی کەل و پەلی نێو ماڵ" بە تونددوتیژی جەستەیی جۆری دوهەم ناولێبردووە و وەزعیەتی ژنانی ئێرانی لە ٢٨ ناوەندی پارێزگا، لەمبارەوە تاوتوێ کراوە. لە نێو ژنانێک کە تونددوتیژی جۆری دووهەمیان بەرامبەر دەکرێت ژنانی بەندەرعەباس زۆرتر ئەم جۆرە تونددوتیژییان تەجروبە کردووە.

### تونددوتیژی زمانی و دەرونی

جۆرێکی دیکە لە تونددوتیژییەکانە کە لە ماڵدا لە دژی ژنان بەکار دێت کە بریتییە لە: بەکار بردنی وشەی ناشیرین و جنێودان، بیانو گرتنی بەردەوام، بەدئەخلاقی، بێ رێزی، سوکایەتی پێکردن و دەستوردان، تۆران و قسە نەکردن و هیتر.. لەم بابەتەدا ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی یەکساڵدا زۆرتر و ژنانی بوشێهری کەمتر لە باقی ژنانی ئێرانی ئەم تونددوتیژییەکان بەرامبەر کراوە.

بە پێی ئامارەکانی "لێکۆڵینەوەی میللی تاوتوێ کردنی تونددوتیژی نێو بنەماڵە"، ژمارەیەک لە پیاوانی ئێرانی بە هەڕەشە و سنوردار کردن و مەحدود کردنی ژنان، بۆ هاوسەرەکانیان کێشە و گرفت دروست دەکەن. هەڵسوکەوتگەلێکی وەک هەڕەشە و سکاڵا لە لای پۆلیس و دادگا لە دژی ژن و خزمەکانی، هەڕەشەی لێدان و کوشتنی ژنەکە و منداڵەکانی، هەڕەشەی جیابوونەوە و ژن هێنان بەسەریدا، داگیر کردن، شاردنەوە و لەناوبردنی بەڵگەی شەخسی و جێی پێویستی ژن وەکو ناسنامە، دەفتەرچەی پەس ئەنداز (پاشکەوت کردنی پارە)، ئەوراق و خاوەنداریەتی... بێگاری کردن لە ژن لە راپەڕاندنی ئەو ئەرک و کارانەی کە پێوەندی بەوەوە نیە، وەکو "ئاگاداری لە خەسو و خەزورە.

هەروەها کۆنترۆڵ کردنی پێوەندییە تەلەفونییەکان و هاتووچۆکانی رۆژانەی ژن. ژنانی بەندەرعەباس، زاهێدان و خورەم ئاباد زیاتر لە باقی ژنانی ئێرانی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت و ژنانی سمنان، ساری و یاسوج کەمترین ئاماری هەڕەشە لێکردنیان بووە. ژمارەیەک لە پیاوانی ئێرانی پێش بە سەربەخۆیی ئابوری هاوسەرەکانیان دەگرن و هەوڵ بۆ داگیر کردن و دەستبەسەردا گرتنی کەل و پەلە شەخسییەکانی دەگرن و بە پارە سەرف نەکردنی گونجاو بۆ ماڵ، گەلێک کێشە و گرفت بۆ هاوسەرەکەیان دروست دەکەن.

ئەگەرچی ژنانی زاهێدانی و بوشێهری لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زۆرترین تونددوتیژی ئابوری و ماڵیان ئەزمون کردووە، بەڵام لە نێو ژنانێک کە دەبنە قوربانی ئەم جۆرە تونددوتیژییە، ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی یەکساڵدا گەلێگ زیاتر لە باقی ژنانی دیکەی ئێرانی ئەمجۆرە تونددوتیژیان بەرامبەر کراوە. هەڵبەت دەبێ جەخت بکرێتەوە کە ژنانی سمنان و یاسوج کەمتر لە لایەن هاوسەرەکانیەوە گرفتی ئابوریان بۆ دروست دەکرێت. لێکۆلەرانی گەلاڵەی میللی، تاوتوێ کردنی دیاردەی تونددوتیژی ناوماڵ لە دژی ژنان، تونددوتیژی حقوق و پێوەندیدار بە تەڵاق و جیابوونەوەش لە ٢٨ پارێزگای ئێرانیان داوەتە بەر باس و توێژینەوەیان لەسەر کردووە. ئەم لێکۆلەرانە تونددوتیژییە حقوقییەکان بە یەکەم "خۆبواردنی پیاو لە تەڵاق بە پێچەوانەوەی پێداگری ژنەکە، سەرلەنوێ هاوسەرگیری کردن و پێشگرتن لە راگرتنی منداڵ لە لایەن ژنەکەوە ناولێبرد.

لێکۆلەرانی ئێرانی باسیان لە جۆرێکی تر لە تونددوتیژی کردووە: "تونددوتیژی پێشگرتن لە گەشەی کۆمەڵایەتی، فیکری و ئاموزشی" کە بریتین لە: سنوردار کردنی پێوەندییە بنەماڵەیی، دۆستانە و مەدەنی، پێشگرتن لە خوێندن، دۆزینەوەی کار و دامەزراندن.

### تونددوتیژی لە بنەماڵەی بە چ مانایەکە؟

کاتێک لە چوارچێوەی پێوەندییەکی نزیک لە نێو دوو کەس، هەڵسوکەوتی پیاو یان ژن تونددوتیژخوازە، ئەنجامەکەشی تونددوتیژی نێو ماڵە. تونددوتیژی نێو بنەماڵە دەتوانێت جەستەیی، جنسی، دەرونی یان عاتفی بێت. سوئیستفادەی ماڵی و مەحدود کردنی کەسەکەش لە حاڵەتەکانی دیکەی تونددوتیژی نێو بنەماڵەن. تونددوتیژی دەتوانێت بەکردەوە یان تەنیا هەڕەشە بێت، هەروەها هەمیشەیی یان کاتی بێت. تونددوتیژی لە بنەماڵە لە نێو سەرجەم چینە کۆمەڵایەتی، تەمەن گەلی جیاواز، رەگەز، جنس، شێوازی ژیان یان بە هۆی کەم ئەندام بوون رووبدات. تونددوتیژی بنەماڵەیی دەتوانێت لە هەر کات و شوێنێکدا چ لە سەرەتا و چ دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵ لە پێوەندی نێوان دوو کەس رووبدات. منداڵانیش لە کاریگەرییە مەنفییەکانی تونددوتیژی بنەماڵەیی – چ لە کورت ماوە و چ لە درێژ ماوەدا – پارێزراو نین. هەموو شێوازەکانی تونددوتیژی – دەرونی، ئابوری، عاتفی و جەستەیی – لە دەسەڵاتخوازی و سوڵتەگەری کەسی ئازاردەر سەرچاوە دەگرێت. لە راپۆرتەکانی پێوەندیدار بە تونددوتیژی لە بنەماڵە هەندێک جار ژنان و منداڵانیش وەک قوربانیانی سەرەکی بە ئەژمار دێن. چونکە بە پێی ئاماری جیهانی نزیکەی ٩٠ لەسەد لە قوربانیانی تونددوتیژییەکانی نێو بنەماڵە ژنان و نزیکەی ١٠ لەسەد پیاوانن. هەندێک لە پیاوانیش لە لایەن ژنانەوە تونددوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵام بەشێکی بەرین لە تونددوتیژی نێو بنەماڵە، بە تایبەت بە حاڵەتەکانی مەترسیدار و کوشندە، لە لایەن پیاوانەوە دەرحەق بە ژنان و کچان بەکردەوە دەردێت.

گەلێک ناخۆش و دڵتەزێنە کە بە هۆی بەرینایی ئەم دیاردەیە لە ساڵدا رۆژێک بێت لە ژێر ناوی "بەرەنگار بوونەوەی تونددوتیژی دژ بە ژنان" کە ئەم رۆژە ٢٥ی نوامبرە، چونکە هێشتا تونددوتیژی لە دژی ژنان بە شێوەها شێوازی جیاجیا لە سەرتاسەری جیهان شانسی ژیانێکی سالم و تەندروستی لە ژنان زەوت کردووە. بە هیوای جیهانێکی بەدوور لە زوڵم و ستەم و هەر جۆرە چەوساندنەوەیەک.

سەرچاوە: HTTP://WWW.UN.ORG

تغییر برای برابری

رۆژهەڵات تایمز

٢٤ی نوامبری ٢٠١٢

## بە بۆنەی رۆژی بەرەنگاریی توند و تیژیی لە دژی ژنان



هامنۆ نەقشبەندی

(بۆ نەمانی توند و تیژی - لە پێناو یەکسانی و مرۆڤسالاری دا)(بە بۆنەی رۆژی بەرەنگاریی توند و تیژیی لە دژی ژنان) ٢٥ی نۆڤەمبەر رۆژی" بەرەنگاری دژی توند و تیژی لە دژی ژنان" ناونیشانێکە بۆ رامان لەو پەڵە ڕەشەی هەتا ئەمڕۆش بە ناوچاوانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوەیە توند و تیژیی دژی ژن کە دیاردەیەکە بە قووڵایی مێژوو، ئەمڕۆ بە پانتایی هەموو جیهانی مرۆڤایەتی لە ئارادایە و وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤی جیهانیی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر جیاوازە و بە پێی کولتور، داب و نەریت و بەها مەعنەوییەکان و هەلومەرجی تایبەتی نەتەوەکان لە هەموو شوێنێ، بەدیی دەکرێ.

ژن ، ئەو مرۆڤەی کە ژیان و مرۆڤایەتی بە بێ ئەو لە مان و بەردەوامیی دەکەوێ بە پانتایی جوغرافیا و کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانە، بە چەندین جۆر و چەشن لە هەموو ئاستەکاندا لە گەڵ توندو تیژیی روو بە رووە.

ئازاری فیزیکی و جەستەیی، رۆحی و دەروونی، جنسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە هەموو ئاستەکانی پێوەندیی تاکی، خێزانیی، کۆمەڵگایی وژینگەی ژیان و کار ، لە ناو هەموو چین و توێژەکاندا، ئەو جۆرانەی توند و تیژیین کە ژن گیرۆدەیانە و مرۆڤایەتی مرۆڤ، پێی خەوشدار بووە.

راستییەکی تاڵ، بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە دیاردەی چەوساندنەوە و توندوتیژیی دژی ژن تایبەت بە وڵات و کۆمەڵگا دواکەوتوو و نەریتیەکان نییە. ئەوە تەنیا وڵات و نەتەوە رۆژهەڵاتییەکان نین کە ئەم دیاردەیان تێدا باوە. بەڵکوو لە جیهانی پێشکەوتوو و لە ناو وڵاتان و نەتەوە رۆژاواییەکانیشدا بە جۆر و چەشنی خۆیان، توند و تیژیی دژ بە ژن دیاردەیەکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. بە داخەوە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییە گەورەکان و پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنۆلۆژیایش لە پاڵ چوونە سەرێی ئاستی بایەخ و گرینگی دان بە مافەکانی مرۆڤ، نەیانتوانیوە ئەم دیاردەیە لە کۆڵ ژن و لە کۆڵ مرۆڤایەتی بکەنەوە. ئەمڕۆ لە جیاتی بنەبڕ کردنی ئەم دیاردەیە و هەڵکشانی رێز و خۆشەویستی ژن، پێ بە پێی ئەو پێشکەوتنانە، بە کالایی کردن و کڕین و فرۆش و بازرگانی کردن بە ژن و جەستەی ژن، لە هەڵکشانی زیاتر دایە.

جیهان لەم پێوەندییەدا پێویستی بە بە خۆدا چوونەوە، رامان و چارەسەری هەیە. پێویستە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک چۆن پەرۆشی داکۆژانی جەنگەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆچ و ئاوارەکان و پەرەپێدانی ئابووری و گەشەی بازرگانی هەیە، ئا بەوجۆرەش پەرۆشی بنەبڕ کردنی هەڵاواردنی جنسی و نەهێشتنی توندوتیژیی و هۆ و هۆکارەکانی بێ. بە کورتی جیهان پێویستی بە مرۆڤایەتی کردنی زیاتر هەیە و تا کاتێ هەڵاواردن و توند و تیژیی دژ بە ژن کۆتایی نەیەت، ئەم ئامانجە وەدیی نایەت.

مرۆڤایەتی کردنی جیهان و نەهێشتنی توند و تیژیی دژ بە ژن، هەر لەو کاتەدا کە پێویستیی بە تێکۆشانی بێوچانی خودی ژن هەیە، لە هەمان کات دا، پێویستی بە رۆڵگێڕانی پیاو هەیە. پیاوان لە سەریانە دەوری خۆیان لە کۆتایی هێنان بەم پەڵە ڕەشەی کۆمەڵگای جیهانیی بگێڕن. لە نموونە کوردییەکەیدا بیر و کرداری پێشەوا قازی محەمەد لە رەفتار و هەڵوێستی لە سەر ژن و پرسی ژن ٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵگایەک بە هەموو تایبەتمەندییە نەریتیەکانەوە، نموونەیەکی پرشنگدار لە دەوری مرۆڤسالارانەی پیاوە.

ژنی کورد هاوکات لە گەڵ ئەوەی وەک ژنی هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە گیرۆدەی توند و تیژیی هاوشێوەی گشتییە، وەک ژنی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت و دابەشکراو و نیشتمان داگیر کراو و بندەستی نەتەوایەتی، توند و تیژیی تایبەت بە خۆی و هەلومەرجی سیاسیی خۆی لە سەر بارە. ژنی کورد، زیاترین باجی واقعی داگیرکراوی وڵاتەکەی و سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی داوە و بەشی زۆری ئازارەکانی ژێنۆسایدی کورد و هێرش و جەنگ و کاولکردنی کوردستانی بە هەر دوو جۆرە مادی و مەعنەوییەکەیەوە، پێبڕاوە. هاوکات هێندێک لە داب و نەریتە کولتوری و کۆمەڵایەتیەکانی خودی کوردەواری، توند و تیژیی دژی ژنی کورد بەرهەم دێنن و لە ژێر کاریگەرییاندا، دەرهەق بە ژن تاوانی دژە مرۆڤیی دەخوڵقێ. چ نارەوایە داگیرکەرانی کوردستان بە سیاسەت و رەفتارەکانیان، بە شەڕ و بە خوێن رێژییەکانیان ژنی ئەم نیشتمانە لە ئازار و خەم و جەرگ سووتان و زیندان و گرتن و کوشتن بگەوزێنن و هاوکاتیش، خێزان و کۆمەڵگای کوردەوارییش بە حوکمی داب و نەریتە نارەواکان بۆ جەستە و رۆحی ژن وەک نیوەی کۆمەڵ، ژن وەک هاوسەر، وەک دایک، وەک خوشک و وەک کچ هەمان دۆخ دروست بکەنەوە.

لە گەڵ ئەوەشدا،ئەزموونی سەربەستی و ئازادیی کورد، لە دوو نموونەی وەک دەوڵەتی جمهوری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان، نیشانی داوە کە ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان بواری هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی دژی ماف و ئازادییەکانی ژنە دەرخەسێنێت و دەسەڵاتی کوردستانی پاڵپشتی لە یەکسانی و بەرابەری ژن لە گەڵ پیاو دەکات و لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگاشدا هەلی ئەوە دروست دەبێت کە دیاردەی توند و تیژیی لە بێدەنگی و شاراوەیی دەربێت و وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گشت کۆمەڵگا، بۆ چارەسەر و نەهێشتنی بکەوێتە رۆژەڤی تاک و کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە.

لە پێناو ژیانی بەختەوەرانەو مرۆڤسالارییدا، تاک و کۆی کوردەواری بە هەر دوو رەگەزی ژن و پیاوەوە دەبێ لە هەر بار و دۆخێکی سیاسیدا، لە تووڕدانی ئەو کولتور و داب و نەریتانەی توند و تیژیی دژی ژن دەخوڵقێنن، درێخی نەکەن و بۆ گەیشتن بە ئاستە بەرزەکانی ماف و ئازادییش، ژنی کورد پێشەنگی خەبات بۆ رادانی داگیرکەران لە نیشتمان و گەیشتن بە سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسیی بێ

ماڵپەری بەیان
٢٧ی نوامبری ٢٠١٢




## هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لەناوبردنی توند وتیژی دژ بەژنان چەواشەکارانەیە!



گۆنا سەعید

### لەڕاستای بڕیاری دامەزراندنی"دادگای تایبەت بەتوند وتیژی دژ بەژنان"

دوا بەدوای هەڵکشانی نارەزایەتیەکانی کۆمەڵگە بەڕووی دیاردەی توند تیژی وکوشتنی ژنان بە بەهانەی شەرەف بەتایبەت دوای کوژرانی نیگار ڕەحیمی ١٥ سالان دوو مانگێک بەر لەئیستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەزمانی سەرۆک وەزیرانەوە بەڵێنی چاکسازی وکاری جدیدا بۆ کەم کردنەوە ونەهیشتنی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف. هەر خێراش لەچەند هەنگاویکدا سەرۆک وەزیران بۆردی چاودێری مافەکانی ژنانی دامەزراند وچەندین کۆبونەوەی بەوەزارەتە پەیوەندیدارەکان کرد و چەند بڕیارێکی دەرکرد. یەکێک لەهەنگاوەکان کەحکومەت بڕیاری لێدا هەوڵدان بوو بۆ جێبەجێ کردن وکارا کردنەوەی یاسای توند وتیژی خێزانی وبەڕێوبەرایەتیەکانی دژی توند تیژی لەسەر ژنان. لەدواترین هەنگاویشدا لە کۆبونەوەی ٢٠ی سیپتامبری ٢٠١٢ بۆردی چاودێری مافەکانی ژنان وئەنجومەنی دادوەریدا بەئامادە بونی سەرۆک وەزیران بڕیاری دامەزراندنی دادگای تایبەتی بەتوندو تیژی لەسەر ژنان درا، هاوشان لەگەڵ چەند هەنگاوێکی تری وەک دامەزراندنی بنکەیەکی پۆلیسی تایبەت بەکەیسەکانی توند تیژی لەسەر ژنان .

جێگای سەرنج بوو کەلەم نێوەدا بەشێکی بەرچاو لەرێکخراوەکانی ژنان وچالاکوانەکانی ژنان ئەمەیان بەدەستکەوتێکی گرنگ لەقەڵەم دا و وەک هەنگاوێکی پێشرەوانە وکارای سەرۆک وەزیران وحکومەتکەی بۆ جێبەجی کردنی بەڵێنەکانیان ئاماژەی پێکرا!.

لەم وتارەدا دەمەوێت کەمێک لەسەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ نەهێشتن و کەم کردنەوەی توند تیژی لەسەر ژنان وبەتایبەت هەنگاوی دامەزراندنی داداگای تایبەت وکاریگەریەکانی لەم ڕەوشەدا بخەمەڕوو.

سەرەتا پێویستە بووترێت کەلە کەش وهەوایەکدا کەژنان تیبدا لەنایەکسانیەکی هەمەلایەنەی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لەژێر سایەی دەسەڵات وسیستەمێکی میلیشیایی و پیاوسالاری و کۆنەخوازدا ژیان بەسەر دەبەن، دامەزراندنی وەها دادگایەک چەندە دەتوانێت لەکێشە ونەهامەتیەکانیان کەم کاتەوە .

دەسەلات وحکومەتی هەرێم ئەگەر نیازێکیان هەیە بەنەهێشتنی توندتیژی لەسەر ژنان و بەتایبەت مەسەلەی کوشتن لەسەر شەرەف، ناکرێت لەڕووکەش ترین و ناکاریگەرترین دەزگاوە، کەئەویش دادگایە دەست پێبکات. بەتیبەتی کەهەموو کەسێک دەزانێت، یاساکان لەهەرێم پڕیەتی لەهەڵاواردنی وستمکێشی وهاولاتی پلەدووی بەسەر ژنانەوە ڕەسمیەت پێداوە. لەیاساکانی هەرێمدا دین زاڵە بەسەر یاساکان وکراوەتە سەرچاوەی پێناسە کردنی مافو ئازادیە فەردیو مەدەنیەکانی ژنانی کوردستان. یاسای فرەژنی کەپەرلەمان دەنگی بۆداوە، نەک هەر پێچەوانەی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانی ژنانە، بەڵکو بێحورمەتیەکی ئاشکراو بەڵگەنەویستە بەئینسانی ژن. یاسای باری کەسیتی کەیەکێک لەپاشماوەکانی ڕژێمی بەعسە ودەسەڵات بەمیرات وەری گرتووە، سەرتاپا یاسایەکی کۆنەپەرستانەو دژە ژنە وپڕیەتی لەجیاکاری وهەڵاواردن وشتیکی تیا نییە بەناوی مافی هاوولاتی بوونی یەکسان، یەکسانی ژن وپیاو لە هەموو بوارە یاسایی و کۆمەلایەتی وئابوریەکاندا ، ....هتد

بێگومان دادگا بەشی خوارەوەو جێبەجێکەری یاسایە. هەر کاتێکیش خودی یاساکان، یەکسانی هاوڵاتیانی لەژێر پێنابوو، هەرکاتێک مافو ئازادیەکانی ژنان لەیاساکاندا بەڕەسمی نەناسێندرا بوو، ئاوکات دادگا دەتوانێ چ ڕێگا چارەیەک بۆ بن بڕکردنی کارەساتەکان بگرێتەبەر. تەنانەت ئەگەر بەعادیلانەترین شێوەش کاروباریان بەڕیوە بچێت!. ئەمە ئیتر بەمانای ئەوەدێت کەئەم دەسەلاتە "دادگای تایبەت"ی بۆ بەڕیوەبردنی یاسایەک پێکدەهێنێت کەخۆیان سەرچاوەی جیاکاریو ستمێکن بەسەر ژنانەوە وهۆکارێکن بۆ ئەو هەموو کوشتارو کارەساتە خوێناویانەی کەلەم 20 ساڵەدا ڕووبەڕووی ژنانی کوردستان کراوەتەوە. یانی دادگای تایبەت هەمان ئەو یاسایانەی دوێنێ بەڕیوەدەبەن کەلە ژێر سایەیاندا تائێستا هیچ تاوانبارێکی کوشتن وتوند تیژی لەسەر ژنانی بەسزا نەگەیاندووە ونەبۆتە مایەی سڵەمینەوەی پیاوانێک کەژن کوشتن ئازاردانی ژنان بۆتە ڕێگای پاککردنەوەی شەرەفیان.

خاڵێکی تری گرنگ خودی جێگا وڕێگەی ئەم دادگا تایبەتانەیە لەپرۆسەی سکالاکان ویەکلای کردنەوەی کێشەکانی توند تیژی لەسەر ژنان. بەتایبەتی کەدادگای تایبەت لەسەر بنەمای ماددەی سێهەم لەیاسای بەرەنگار بونەوەی توند وتیژی خێزانی دامەزراوە، لەهەمان یاسادا لە ماددەی پێنج دەلیت:" پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت ڕەوانەی لیژنەیەک بکات کەلە شارەزا و پسپۆڕان پێک دەهێنرێت بۆ چاکردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشانە بکرێت کەئەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت، بەمەرجێ کار لەرێکارەکانی پاراستن نەکات کەلەم یاسایەدا هاتووە".

لە کۆبونەوەی ٠٩/٢٠ دا هەروەها وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردراوە کەبە هەماهەنگی لەگەڵ دادگاکانی تێهەڵچوونەوە، "لیژنەکانی ئاشتەوایی" پێک بێنێت کەخەڵکانی پسپۆڕ و شارەزای تێدا بێت، بۆ ئەوەی بەر لەناردنی کێشەکانی توندوتیژی بۆ دادگاکانی تایبەت، هەروەک لەیاساکەداهاتووە، ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینن. واتە کێشەکانی توند تیژی لەسەر ژنان دەبێت بەپرۆسەی لیژنەی ئاشتەوانیدا بڕوات بەر لەدادگای تایبەت!!.. با چاوێک بەمەدا بخشێنین:

بەشیک لەکارنامەی مێژووی ٢١ ساڵی دەسەلاتی پارتی و یەکیتی، پێکهێنان وکاراکردن وپارە سەرفکردن بووە، بۆ دام دەزگاکانی "سوڵحی عەشایەری" کەبە ڕەسمی خۆیان لەهەردوو مەکتەبی کۆمەلایەتی پارتی ویەکیتیدا دەرخستووە، تا ئەو ڕادەیەی کەئەو سوڵح کردنە لەزۆرێک لەکیشە وناکۆکیەکاندا بەتەواوی جێگای دادگای گرتۆتەوە ولە هەندیک جێگاش دادگا لەچەند ژورێکی ناکارا بەولاوە هیجی تر نییە. سوڵحی عەشایەری تەنانەت لەهەندیک لەدادگاکاندا ولە نێو دادگادا ڕێگە پێدراوە بۆ چارەسەری کێشەکان بەهەر ڕێگەیەک بێت، نەک یاسا!!. لەمەش زیاتر

لەیاسای لێبوردنی گشتی سەرۆک وپەرلەمانی هەرێمدا، سوڵحی عەشایەری بەرەسمی ناسراوە ویاساکە باس لەلێخۆشبوون دەکات لەو تاوانکارانەی کەلەلایەن کەس وکاری تاوانلێکراوەوە، لێیان خۆش ببون. ئەمەش بەجیا لەوەی یاسا ئەم کەسە تاوانبار دەکات یان نا.

شتێکی تریش کەزۆر ئاشکرایە، مەسەلەی بەکارهێنانی ژنان وکچانی هەردوو خێزانە لە سوڵحی عەشایەریدا بۆ کپ کردنەوەی کێشەکان و تۆڵە سەندنەوە و ژنان لەو نێوەدا هەر وەک برە پارە لەم سوڵحانەدا دەدرێن بەخێزانەکان یان دەسەندرێنەوە و..هتد.

لیژنەی تایبەتی پێش دادگای تایبەت لەیاسای توند تیژی خێزانیدا کەلە پسپۆران وشارەزایان پێک دێت، جیاوازی چیدەبێت لەپسپۆرانی سولحی عەشایەری لەناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا؟ بەتایبەت لەو جێگایانەی کەژنان تائەگەنە شوێنێکی سەلامەت لەوانەیە حەوت جار فرسەتی کوشتن و دەمکوت کردنیان هەبێت .

لیژنەی"سوڵح کردن" مەعلوم نیە لەکێ پێک دێت، ئایا ئەمە ڕەسمیەتدان نیە بەمەکتەبی کۆمەڵایەتی؟، ئایا ئەم "پسپۆڕانە" هەر لەو کەسانە پێک ناهێنن کە ئەزونی سوڵحی عەشایەریان هەیە و کە زۆربەیان دەستیان هەیە لەبەکار هێنانی ژنان وەک کاڵای گۆڕینەوە لەنیو ئەم سوڵحانەدا؟، ئایا حکومەت مسۆگەری دەکات کەلەم لیژنەیەدا پارێزەری خۆڕایی کەتەنها بەرگری لەژنەکە دەکات ونوێنەرێکی ڕێکخراوێکی ژنان ئامادە دەبن؟، ئایا مسۆگەر دەکرێت کەهەر ژنێک بتوانێت ڕاشکاوانە بەرگری لەخۆی بکات لەنیو ئەم لیژنەی ئاشتەوانیەدا بەبێ ترس ولەرز لەوەی کەدوای ئەو دانیشتنە چی بەسەر دەهێنرێت؟. ئەمە سەرباری هەموو ئەو کێشانەی کەژنان هەیانە وئەو فشارانەی بۆ وازهێنان لەسکاڵاکانیان دەکەوێتە سەریان لەژێر ناوی پاراستنی شیرازەی خێزان وگوێ گرتن بۆ کەسانی بەتەمەن وگەورەتر لەخۆیان، سەرباری ئەو هەموو ترس وشەرم و "عەیبەیە" کە وەک ژن ڕووی بەڕووی دەبنەوە، خەمخۆری لەلۆمەی کەس وکار وترسی لەدەست دانی منداڵ وبژێوی ونەبوونی هیچ پشتیوانیەکی مادی ومەعنەوی و.. هتد، دایکی مامۆستا ساکار نمونەیەکی زۆر بەرجەستەی ئەم سوڵحە عەشایەریە بوو کەلە ژێر فشاری دەروونی وکۆمەڵایەتیدا وبە قسەی مەلا وسوڵحکەرانی ناوچەکە وازی لەوە هێنا کەشایەتی بدات لەسەر تاوانکاری کوشتنی مامۆستا ساکار کەمێردەکەی خۆیەتی. بۆیە زۆری دەوێت تاژنێک دەگاتە ئەو ڕادەیەی کەبچێت سکاڵا تۆمار کات لەسەر پیاوێکی نێو خێزانەکەی. لەچوارچێوەیەکی ئاوادا، دانانی لیژنەیەکی لەم جۆرە، وەک مەرجێک لەسەروو دادگاوە، تالە کەیسێکی ژنان بکۆڵیتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەرەکانی ناردنەوەی جارێکی تری ژنان بۆ نێو ئەو فەزا توند وتیژیە خێزانیە، زۆر زیاتر دەکات وسەرلەنوێ ژنان دەخاتەوە بەر مەترسی لێدان وسوکایەتی ودوور نیە ژیانیان نەخاتە مەترسیەوە. ئەم لیژنەیە مەترسی ئەوەی هەیە کەببێتە ئامرازێک بۆ دوورخستنەوەی کێشەکانی ژنان لەیاسا ودادگا ودروست کردنی فشاری خێزانی وکۆمەلایەتی بۆ ژنان تا واز لەسکاڵاکانیان بێنن و بەم پێیەش ناکارا کردنی دەوری هەر دادگایەکی تایبەت، لەم نیوەدا بەرجستەدەکاتەوە.

هەموو ئەو ڕاستاینەی سەرەوە بەڵگەن بۆئەوەی کەبڵێین هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لەناوبردنی توند وتیژی دژ بەژنان چەواشەکارانەیە ونەک نابێت هەر ببێتە جێگای ئومید وخۆشباوەڕی ڕیکخراوەکانی ژنان وهەڵسوڕاوان و گروپەکانی ژنان، بەڵکودەبێ بەخەباتی یەکگرتوو هوشیارانەی بزوتنەوەی ژنانو پێکهاتووەکانی بەشکستدا بکێشرێت. تەنانەت بێدەنگەکردن لەئاست ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەریمدا، بەمانای چاوەڕوان هێشتنەوەی خەباتێکە کەلەدژی کوشتنی ژنان وستەمی سەرشانیان بەڕیکەوتووە، چاوەڕوانیەک کەمەعلوم نییە چەند سەد ژنیتر دەبێتە قوربانی پیاوسالاری ورەوشێک کەڕووبەڕووی ژنانی کوردستان کراوەتەوە. بەپێچەوانەوە دەبێ بزوتنەوەی ژنان وڕیکخراوەکانی، تا زووە یەکگرتوانە هێزی خۆی بەدەوری خواستەکانی"هەڵوەشانەوەی یاسای باری کەسێتی وشوێنگرتنەوەی بەیاسایەک کەیەکسانی هەمەلایەنەی ژنان وپیاوان بەڕەسمی بناسێنێ"، " هەڵوەشانەوەی مەکتەبی کومەڵایەتی و هەر لێژنەیەکی سەرو یاساو دادگا، لەچارەسەری کەیسەکانی ژناندا"، "هەڵوەشانەوەی یاسای فرەژنی وقەدەغەکردنی هەرجۆرە سوڵحێکی عەشایەری لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژناندا"..

بێنێتەمەیدانەوە. لەم نێوەشدا ئەرکی ئێمە وەک بەشی پێشڕەوو ڕادیکاڵ وشۆڕشگێڕی بزوتنەوەی ژنانە کەبێدەنگی ڕیکخراوەکانی ژنان و گروپەکان بشکێنین ولەکارنامەی چاوەشەکارانەی دەسەڵات کۆمەڵگە بەئاگا بهێنینەوە.

ماڵپەری دەنگەکان

٢٦ی سیپتامبری ٢٠١٢

## ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی لەبارەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی



لە وارڤین وەرگیراوە

ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان لە پرۆژەیەکی تایبەتدا چاودێری جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکات و لە ڕاپۆرتێکدا باری سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە بارەی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە و کەلێنەکانی و کەمتەرخەمی حکومەت خستووەتەڕوو.

ڕاپۆرتەکە پێکهاتووە لە (پێشەکی، چالاکییەکانی پرۆژەکە، کورتەیەک لەسەر یاساکە، ئالیەتی چاودێریکردن، گرفتەکانی بەردەم جێبەجێنەکردنی یاساکە، ئەنجام، ڕاسپاردە، پاشکۆ، دەقی یاساکە).

لەو ڕاپۆرتەدا، ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی شرۆڤەی خۆی بۆ جێبەجێنەکردنی یاساکە خستووەتەڕوو و لە چەند شوێنێکدا دەسەڵاتی سیاسی و حکومەتی بە "کەمتەرخەم" لە جێبەجێکردنی

یاساکەتۆمەتبار کردووە.
لەبەر گرنگی ئەو راپۆرتە و بایەخدانی ماڵپەڕی دەزگای (وارڤین بۆ پرسەکانی ژن) بە کێشە و پرسی ژن لە هەرێمی کوردستاندا، دەقی ئەو راپۆرتە بڵاودەکەینەوە:

## پێشەکی:

١١ی ئاگوستی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە وقائعی کوردستان ژمارە ١٣٢ بلاوکرایەوە بەمەش ئەو یاسایە چوە بواری جێبەجێکردنەوە ، شایەنی باسە لە بەرواری ٢١ی جوونی ٢٠١١ ئەو یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکرا.
لە هەرێمی کوردستاندا چەندین یاسای گرنگ لە پەرلەمانەوە دەرکراون بەڵام لەبواری جێبەجێکردندا کێشەو گرفتیان زۆرە، هەندێک لەو یاسایانە هێشتا نەچونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو هەندێکیشیان لەبواری جێبەجێکردندان، بەڵام وەک پێویست کار بە جێبەجێکردنی یاساکە ناکرێت، یاسای (بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) یەکێکە لەو یاسایانەی کە بەبڕوای ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا یاسایەکی نمونەییەو جێبەجێکردنی یاساکە کوردستان دەباتە قۆناغێکی نوێی گەشەکردوو لە بواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا.
هەربۆیە وەک رێکخراوەکەمان بەگرنگمان زانی ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێت و چەند راپۆرتێکی وەرزی لەبارەی هەنگاوەکانی چونە بواری جێبەجێکردنی ئامادەبکرێت بە ئامانجی ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بەم یاسایە دیاری بکرێن و پەرۆشی و بێخەمەییان لە راپۆرتانەدا دەستنیشانبکرێت، و جەخت لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەش بکرێتەوە .
پرۆژەکە بە هاوکاری رێکخراوی (NED) ئەمەریکی جێبەجێدەکرێت و ماوەی ساڵێک دەخایەنێت و لە (١ی مای ٢٠١٢ )ەوە دەستکراوە بە جێبەجێکردنی پرۆژەکەو تا (١ی مای ٢٠١٣) بەردەوامدەبێت.

## پرۆژەکە لە چەند چالاکییەکی جیاواز پێکدێت لەوانە:

١- چاودێریکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی کە هەر ٣ مانگ جارێک راپۆرت بڵاودەکرێتەوە واتا تا کۆتایی پرۆژەکە چوار راپۆرت بڵاودەکرێتەوە.
٢- ئەنجامدانی ٣ وۆرکشۆپ بۆ پارێزەرانو یاساناسانو هەروەها چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان سەبارەت بە وردەکاریو چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە.
٣- ئامادەکردنی بووکلێتێک (booklet) لەسەر یاسای توندوتیژی خێزانیو رێبەری چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە.
٤- دروستکردنی وێبسایتێک تایبەت بە بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانمان سەبارەت بە مافە کانی ژنان لە ڕووی یاساییەوە.

## کورتەیەک لەسەر یاساکە:

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی – ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١، لە رێکەوتی ٢١ی جوونی ٢٠١١ دا لە پەرلەمانی کوردستاندا بەکۆی دەنگ پەسەندکراو خرایە بەردەم سەرۆکی هەرێم بۆ واژووکردنی، بەڵام سەرۆکی هەرێم یاساکەی واژو نەکردو لەدوای تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی, پەرلەمانی کوردستان یاساکەی لە ژمارە ١٣٢ی وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکردەوەو لە رێکەوتی ١١ی ئاگوستی ٢٠١١ دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.
یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە ١٠ ماددەی سەرەکی پێکهاتووەو لە هۆیە پێویستەکانی دەرکردنی یاساکەدا هاتووە "توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی نەرێنی دژ بە پرەنسیپەکانی شەریعەتە ئاسمانییەکان و مافەکانی مرۆڤە و لەبەرئەوەی خێزان بنەمای کۆمەڵگەیەو لەپێناو پاراستنی لە هەڵوەشاندنەوە و پاراستنی تاکەکانی و وەرگرتنی رێکاری یاسایی بۆ دروستی و سەقامگیریی و قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی بەرێگای خۆپاراستن بەر لە ڕوودانی و گەڕان بەدوای چارەسەری چاکسازی و چارەکردن دوای ڕوودانی".
لە بڕگەی سێی ماددەی یەکەمی یاساکە دا پێناسەی توندوتیژی خێزانی کراوە بەجۆرێک کە "هەرکردارێک یان وتەیەک یان هەڕەشەیان لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتونەتە ناو خێزانەوە ئەشێ لەباری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێ و ماف و ئازادییان لەدەست بدات".

## هەروەها لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی یاساکەدا ١٣جۆر کردەوە وەک توندوتیژی خێزانی دەستنیشان کراوە کە بریتین لە:

١- هاوسەرگیری بەزۆر.
٢- هاوسەرگیری ژن بە ژنو منداڵ بەشوودان.
٣- بەشوودان لە جیاتی خوێن.
٤- لێک جودا کردنەوە بەزۆر.

٥- برینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

٦- مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتیو کاری داوێن پیسی بکات.

٧- خەتەنەکردنی مێیینە.

٨- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێبەجێشتنی فەرمانبەریەتی بە نارەزایەتی خۆیان.

٩- ناچارکردنی منداڵ بۆ بە کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن.

١٠- خۆ کوشتن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان.

١١- لەباربردن لە ئەنجامی توندوتیژی خێزان.

١٢- لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بەهەر بیانوویەک.

١٣- سوکایەتی پێ کردن وجنێودان و جنێودان بەکەس وکار و بەکەم سەیرکردنی و ئازاردانی و گوشار بۆهێنانی دەروونی و پێشێلکردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێی کردن".

### ئالیەتی چاودێریکردن:

پرۆسەی چاودێری جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی لەلایەن رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان بە هاوکاری رێکخراوی **NED** ئەمریکی. دەستپێکی کارەکانی لەچوارچێوەی کەمپینی داکۆکیکردن لە جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی ئەنجامدرا کە لە ٨ی مای ٢٠١٢ دا راگەیەندرا بەبەشداری بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان و رێکخراوی وادی ئەڵمانی.
چاودێریکردنەکە لەلایەن دوو پارێزەرەوە ئەنجامدەدرێت کە خۆبەخشانە چاودێری کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی دەکەن لە دادگا و بنکەکانی پۆلیسداو لە چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە دەکۆڵنەوە.
لەم راپۆرتە دا تەرکیز لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە کراوەو بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە سەردانی دادگاو پەرلەمان، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی خانمان و بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، سەردانی چەند بنکەیەکی پۆلیسیش کراوە لە ناو شاری سلێمانیدا کە بریتیبوون لە (بنکەی پۆلیسی سەرچنار، بنکەی پۆلیسی بەختیاری، بنکەی پۆلیسی رزگاری، بنکەی پۆلیسی ئازادی، بنکەی پۆلیسی سارداو، بنکەی پۆلیسی ئەزمەڕ، بنکەی پۆلیسی بەکرەجۆو بنکەی پۆلیسی نەوجەوانان).

### گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە:

گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە زۆرن، بەجۆرێک کە نەبوونی پلان یان ستراتیژێکی روون لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە گرفتەکانی زیاتر کردووە کە سەرەکیترینیان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخرێنە روو.

### یەکەم: نەبوونی دادگاو دادوەری تایبەتمەند:

بەگوێرەی برگەی یەکەم لە مادەی سێیەمی یاسای توندوتیژی خێزانی "دادگایەکی تایبەتمەند بە بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی پێکدەهێندرێت"، بەڵام تائێستا ئەم دادگایە پێک نەهێنراوە .( بەپێی نوسراوی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە ٦٦٦/١، بەرواری ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١١ ، تەنها دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە یاسای توندوتیژی خێزانی دانراوە) - کە ئەم دادوەرەش جگە لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی، چەندین کەیسی جیاوازی تر دەبینێت، ئەمەش تێکەڵاوی لە جۆری کەیسەکان و گرفت لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکەدا درووست دەکات.
لە فەرمانەکەدا هاتووە: دادگای لێکۆڵینەوەی یەکەم لە سەنتەری شارەکانی سلێمانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و "گەرمیان- کەرکوک") هەڵدەستن بە راپەراندنی کارەکانی یاسای توندوتیژی خێزانی سەرەڕای کارەکانی خۆیان، فەرمانەکە ئەوە دەردەخات کە دادگاکان تەنها لەناو ناوەندی پارێزگاکاندان واتا ناو شارەکانی (سلێمانی، هەولێرو دهۆک) لە قەزاو ناحیەکاندا هیچ دادوەرێک تایبەت بە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی دانەنراوە و ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بایەخ نەدان بە جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە.

### دووەم: نەبوونی لیژنەی ئاشتەوایی:

لە ماددەی پێنجەمی یاسای توندوتیژی خێزانیدا هاتووە: " پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت رەوانەی لیژنەیەک بکات کە لەشارەزاو پسپۆڕان پێکدەهێنرێت بۆ چاککردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند بکرێت کە دەشێت ئاشتەواییان تێدا بکرێت"، بەڵام تائێستا ئەم لیژنەیە پێکنەهێنراوەو یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە.
بەهۆی نەبوونی لیژنەی توێژینەوەوە زۆربەی کێشەکانی توندوتیژی خێزانی لە دادگاو بنکەکانی پۆلیسدا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، بۆنموونە لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس لەناو شاری

سلێمانیدا ٤٧ حاڵەتی توندوتیژی خێزانی تۆمارکراوە کە ٢٥ کەیسیان داخراون و ٢٢ کەیسیش بەهۆی نەبوونی لیژنەی توێژینەوەوە بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

**سێیەم: گرفتی بینا:**

یەکێکیتر لەو گرفتانەی، کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانی بووەتەوە نەبوونی شوێنی تایبەتە بە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی لە دادگا و لە لە بنکەکانی پۆلیسدا، ئەمەش بووەتە هۆی تێکەڵبوونی کەیسەکان و بەباشی بەڕێوەنەچوونی پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی.

لێکۆڵەرەوەیەک لە کەیسی توندوتیژی خێزانی لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیسدا نەگونجانی شوێنی لێکۆڵینەوەی وەک ئاستەنگێک باس کردو وتی "ئەو شوێنەی لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت گونجاو نیە، چونکە کاتێک لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئافرەتێک یان هەر کەسێکی تر دەکەیت پێویستە لە شوێنێکدا بێت کە ئەو کەسە هەست بە دڵنیایی بکات، وە دەبێت لێکۆڵەرەوەی ئافرەت دابنرێت کە لەکاتی پێویستدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئافرەت بکات بۆئەوەی بتوانێت بە سەربەستی کێشەکەی خوی باس بکات و بە نهێنی بێت".

**چوارەم: گرفتی لێکۆڵینەوە :**

لەبڕگەی شەشەمی مادەی سێهەمی یاسای توندوتیژی خێزانیدا هاتووە: (لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە بەشێکی تایبەت لەناو پۆلیس بکاتەوە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پۆلیسی ئافرەت پێکهاتبێت و هەڵسوکەوت لە کێشەکانی توندوتیژی خێزانی بکات"، بەڵام تائێستا لە بنکەکانی پۆلیسدا بەشی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی نییە و ئەو پۆلیسانەی کە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی دەکەن زۆربەیان لە ڕەگەزی نێرن و زۆر جار کەیسەکانی توندوتیژی خێزانیش لەگەڵ کەیسی توندوتیژی دژی ژنان تێکەڵ دەکرێن.

**پێنجەم: گرفتی نەبوونی زانیاری::**

نەبوونی هۆشیاری پێویست لەلایەن هاوڵاتیان و هەروەها نەبوونی زانیاری پێویست لەلایەن بنکەکانی پۆلیسەوە لە سەر یاسای توندوتیژی خێزانی لەمپەرێکی ترە لەبەردەم جێبەجێنەکردنی یاسای توندوتیژی خێزانیدا. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی یاساکە لە برگەی ٧ی مادەی سێیەمدا هاتووە کە لەسەر وەزارەتی ناوخۆو دەستە فەرمییە پسپۆرەکانە ریکلام بۆ ڕۆشنبیرییەتی توندوتیژی خێزانی بکەن. بەڵام تائێستا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە هیچ خولێکی شیاندن سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بۆ بنکەکانی پۆلیس و ئەفسەرانی لێکۆڵەرەوە ئەنجام نەدراوە.
لێپرسراوی یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس باس لەوەدەکات، کە هاوڵاتیان هیچ جۆرە زانیاریەکیان نیە، ئەبێت خۆمان دیاری بکەین کە کەیسەکە سەر بەو یاسایەیە، وتی یاسای توندوتیژی خێزانی وەک پێویست نەگەیەنراوە بە خەڵک، تەنها لای حاکمەکان و کەسانی تایبەت لە مەرکەزەکان قەتیس ماوە، بۆیە پێویستە هاوڵاتیان ئاگادار بکرێنەوە و هۆشیاری بدرێت لەسەر یاساکە لە رێگەی راگەیاندنو بڵاوکراوەکانەوە".

**شەشەم: دەبێت قوربانیانی توندوتیژی خێزانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە**

ئەمەلە برگەی (٣) لە ماددەی سێیەمدا هاتووە، یەکێکی ترە لەو ئاستەنگانەی بەردەم جێبەجێ کردنی یاساکە، پێویستی بەوەیە رێنمایی لەسەر دەربچێتو ڕوونبێت کە ئایا تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی چییە؟ هەروەها وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی ئەوەیان لەسەرە پۆلیسی ئافرەت دابمەزرێنن و ریکلام بکەن بۆ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیاریدان بە خەڵک و تاکی کۆمەڵگە سەبارەت بە یاساکە.

**حەوتەم: بێخەمی حکومەت و زیاد بوونی توندوتیژی خێزانی:**

هەرچەندە ساڵێک زیاترە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە پەرلەمان دەرچووە، بەڵام تائێستا دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن هیچ زەمینەیەکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە نەسازاندووەو پەرلەمانی کوردستانیش بەدواداچوونی بۆ ئەو مەبەستە نەکردووەو یاساکە نەبووەتە خەمی هیچ کام لەم دەسەڵاتانە و هەوڵەکانیان لە لێدوان و بەڵێنی درەوشاوە تێنەپەڕیوەو هەنگاوی پراکتیکی نەنراوە بەئاراستەی جێبەجێکردنی یاساکە هەنگاوی پراکتیکی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە پێویستی بە زەمینە سازی و پلانی ورد هەیە کە ئەمەش پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەک هەیە بۆ بردنە پێشەوەی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یاساکە، بەڵام لەکاتی پەسەند کردنی بودجەی ئەمساڵدا جگە لەوەی هەر لەناو پەرلەماندا پێشنیازەکانی لیژنەی ژنان رەتکرانەوە، لە راپۆرتی حکومەتی هەرێمیشدا کە لەسەر وێبسایتی حکومەت بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی "بودجەو ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی خەڵک، لایەنەکانی پەیوەست بە بودجەی هەرێمی کوردستان و تەواوی سێکتەرەکان" بە تەنها دێڕێکیش ئاماژە بە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی نەدراوە ئەمەش بۆخۆی سەلمێنەری بێپلانی و بێخەمی حکومەتە

لەبەرامبەر جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانیدا.

**ئەنجام:**

بەگوێرەی یاساکە چەند دەزگایەکی حکومی پابەندکراون بۆ زەمینەسازی و جێبەجێکردنی یاساکە، ئەوانیش بریتین لە (ئەنجومەنی دادوەری بە پێکهێنانی دادگای تایبەتمەند بە یاسای توندوتیژی خێزانی و پێکهێنانی لیژنەیەکی ئاشتەوایی بۆ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی، وەزارەتی ناوخۆ بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەیاساکەو دامەزراندنی پۆلیسی لێکۆڵەرەوەی ئافرەت لە بنکەکانی پۆلیسدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی، وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پێکهێنانی لیژنە یەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی توندوتیژی خێزانی) کە تائێستا هیچ کام لەم خاڵانە جێبەجێنەکراون و تەنها دادوەری لێکۆڵینەوەی (١) لەناو مەرکەزی شارەکانی سلێمانی، هەولێرو دهۆک دەستنیشان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی، ئەمەش مەترسی ئەوە دەخاتە روو کە ئامانجی دەسەڵات لە جێبەجێنەکردنی یاساکە زیاتر مەرامێکی سیاسییانە بێت بۆ ئەوەی کەیسەکانی توندوتیژی دژی ژنان بخاتە سەر یاسای توندوتیژی خێزانی و دواتر لە راپۆرتەکانیادا ئاماژە بەوەبدەن کە توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا کەمی کردووەو وەک ئامرازێکی چەواشەکارانە بەکاری بهێنن.

**راسپاردەکان:**

لە ئەنجامی ئەم راپۆرتەدا بە پێویستی دەزانین ئەم راسپاردانە بخەینە بەردەم رای گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆئەوەی هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە چالاکبکرێن، راسپاردەکانیش بریتین لە:

١- دروستکردنی دادگای تایبەتمەند و دانانی دادوەری تایبەتمەند لە هەموو دادگاکانی ناو شارو قەزاو ناحیەکاندا.
٢- پەلە بکرێت لە دروستکردنی لیژنەی ئاشتەوایی بۆ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی.
٣- رێبەرێکی هۆشیاری لەسەر یاساکە ئامادە بکرێت و ببێت بە یەکێک لەوانەکانی خوێندن لە ناو پرۆسەی پەروەردە دا لە قوتابخانەکاندا.
٤- رێنومایی لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی یاساکە بەسەر بنکەکانی پۆلیسدا دابەشبکرێت و ڕابهێنرێن لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکە.
٥- تەرخانکردنی بودجەیەکی دیاریکراو بۆ دامەزراندنی هەیکەلیەتی جێبەجێکردنی یاساکەو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر یاساکە.
٦- باشکردنی ئاستی خزمەتگوزاری لانەکانی داڵدەدان و کردنەوەی لانەی نوێ بەتایبەتی لە شارۆچکە گەورەکان بەنمونە "رانیە و قەڵادزە، گەرمیان، هەڵەبجە، زاخۆ ، کۆیە".
٧- تەرخانکردنی سەرجەم پێداویستیەکان بۆ بەڕێوبەرایەتی بەدواداچونی توندوتیژی و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر پێیان بۆ ئەوەی بتوانن لە حاڵەتە کتوپڕەکاندا فریای قوربانیەکان بکەون و کار بە رۆتین و بیرۆکراتیەتی ئیداری نەکرێت لە راپەراندنی کارەکاندا .

**پاشکۆکان:**

١- گفتوگۆی کراوە لەبارەی یاسای توندوتیژی خێزانی :
لە بەرواری ٨ی مای ٢٠١٢ ، رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان بەهاوکاری رێکخراوی وادی ئەڵمانیو بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سلێمانی، گفتوگۆیەکی کراوەی سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ئەنجامدا لە هۆڵی رێکخراوی (cdo)، و گفتوگۆ لەسەر چاودێری جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمی کوردستان، کە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١.

شایەنی باسە کە ئەم چالاکیە لە چەندین سایت و کەناڵی ناوخۆیی و دەرەکی گرنگی زۆری پێدرا بە نموونە ئەم سایت و کەناڵانەی خوارەوە :

Zagros, GK, KNN, NRT, Speda
Radio •
NINA, NAWA, Peyamner, Goran, Dangi new
Newspapers/Online Media •
www.sbeiy.comwww.peyamner.com www.radionawxo.org www.hawlati.co,
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=275370
http://www.chatrpress.com/Detail.aspx?id=8436&LinkID=3

...http://www.radionawxo.org/kurdi/index.php?option=com_content&view=articl

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەری تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانی یاسای توندوتیژی خێزانی حاکم سیروان ئەحمەد صاڵح، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی یەک لە سلێمانی. کە لە بەرواری (٢٩ مای ٢٠١٢) لە پاشکۆی مافی ژن ژمارە ( ٨ ) بلاوکراوەتەوە.

٣- بەهاوکاری چەندین رێکخراوو کەسایەتی و بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی **PDA** و **WADI** بەشداری دوو خۆپیشاندانی تایبەتیمان کرد بەرانبەر حاڵەتەکانی کوشتنی ژنان ، خۆپیشاندانی یەکەم لەبەردەم دادگای سلێمانی لە (٨ی مارچی ٢٠١٢) و خۆپیشاندانی دوەم لە بەرواری (٧ی ئاگوستی ٢٠١٢) کە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگیان بەم پرسە داو نوێنەرانی رێکخراوەکەشمان لێدوان و بەشداریان هەبوو لە چەندین بۆنەو کەناڵی ڕاگەیاندنەوە سەبارەت بەم پرسە هاوپێچ لینکی چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەو بارەیەوە .

http://rudaw.net/kurdish/index.php/komelayeti/12000.html

http://kurdish.sbeiy.com/Detail.aspx?id=4782&LinkID=4

...http://www.alsumarianews.com/ar/5/37790/news-details-Iraq%20society%20ne

http://www.hawlati.co/babetekan/14037

http://ku.radionawa.com/Detail.aspx?id=14561&LinkID=63

www.awene.com

٤- هەڵمەتێک بۆ داکۆکی لە جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١ ، رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان بەهاوکاری ٤٦ رێکخراوو دەزگا و چەندین کەسایەتی کەمپینێکمان بۆ داکۆکی لەیاسای توندوتیژی خێزانی ڕاگەیاند و لە بەرواری (٢١ی جوونی ٢٠١٢) یاداشتێکمان بۆ ڕای گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بلاوکردەوە و چەندین کەناڵ و دەزگای ڕاگەیاندن گرنگیان بەم بابەتە دا ، لە بەرواری (٢١ی جوونی ٢٠١٢) سەردانی هەریەک لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی خانمان کرا و یاداشتەکەیان ئاراستەکرا ،

لەبەر گرنگی ئەو یاداشتە لێرەدا جارێکی دیکە دەقەکەی بڵاو ئەکەینەوە :

بۆ هەریەک لە بەرێزان :
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی داواکاری گشتی

سالیادی دەرچونی یاسای توندوتیژی خێزانی و کەمتەرخەمیەکانی جێبەجێکردنی!

وەک کەمپینی داکۆکیکردن لە جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ ، لەساڵیادی دەرچواندنی ئەو یاسایەدا لە پەرلەمانی کوردوستان پیرۆزبایی دەستخۆشیمان هەیە بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە کە لەسەر ئاستی هەرێمو ناوچەکەش بەیاسایەکی پێشکەوتوو ناوازە لەقەڵەم دەدرێتو لەچەندین ئاستدا شانازی پێوەدەکرێت.

هەمان کات لەم بۆنەیەدا بەگرنگی ئەزانین بەرێزتان و رایگشتی لە کەلێنەکانی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لەماوەی ڕابووردودا ئاگادار بکەینەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆر بەباشی لەوە تێدەگەین جێبەجێکردنی یاسایەکی هەستیارو گرنگی لەو جۆرە کاتو دەرفەتی زیاتری دەوێت، بەڵام تەمەنی یەکساڵەی ئەو یاسایە پێمان دەڵێت هەنگاوەکانی ئەم ماوەیە بۆ جێبەجێکردنی لە ئاستی چاوەڕوانیدا نیەو کەمتەرخەمیەکی زۆریان پێوە بەدیدەکرێت.

گرنگترین ئەو خاڵانەش کە بونەتە جێی سەرنجی ئێمەو لەم یاداشتەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەدەین کە بریتین لە :

١- دانەمەزراندنی دادگای تایبەتمەند کە لە برگەی (١)ی مادەی سێیەمی یاساکەدا هاتووە، کە پێمانوایە نەبونی ئەم دادگایە کەلێنێکی یاسایی گەورەیەو تەنها بە تەکلیف کردنی دادوەرانی لێکۆڵەرەوەی یەکەم لە دادگاکان لە هەر سێ شاری سلێمانی و هەولێرو دهۆک بۆ جێگرتنەوەی ئەم دادگایە ناتوانێت ئامانجەکانی یاساکە بەدی بهێنێت.
٢- لە برگەی (٦)ی مادەی سێیەمدا پێکهێنانی بەشێکی تایبەتە کە تیایدا پۆلیسی ئافرەت بە پێویست دەزانرێت، پێکنەهێنانی ئەم بەشەش کەلێنێکی دیکەیە بۆ چەسپاندنی یاساکە.
٣- لەمادەی (٥) ی هەمان یاساشدا کە باس لە پێکهێنانی لیژنەیەکی ئاشتەوایی بۆ لایەنەکانی سکالا دەکات، هەتا ئێستا لیژنەیەکی وەها بوونی نیەو ئەمە بووەتە رێگرێکی سەرەکی لەبەردەم ئیحالە کردنی دۆسیەکان بۆدادگای تایبەت، گومانی تێدا نیە ئەمەش هۆکارە بۆ ئاڵۆزکردنی دۆسیەکە، یاخود پەشیمان بونەوەی خاوەن سکالا یان کێشەکە بە هەڵپەسێراوی دەمێنێتەوە، ئەمانەوە چەندین کەموکوڕی دیکە.
٤- نەبونی رێنومایی پێویست لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو جۆرە توندوتیژیانەی کە یەکەم جارە وەک تاوان ئەناسرێن بۆ نمونە ( خەتەنەکردنی مێینە ) لەم ڕووەوە هیچ

ڕێنومایی و پلانێک لەلایەن وەزارەتی تەندروستی بەدیناکرێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیەو هاوکاریکردنی قوربانیەکان.

٥- ئاستی خزمەتگوزاری لەخانەکانی دالْدەدان بەپێی پێویست نیەو سەرەرای بەڵێنەکان بۆ کردنەوەی خانەی نوێ لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی و کابینەی شەشەم هیچ خانەیەکی نوێ نەکراوەتەوە.

هەربۆیە ئێمە داواکارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی پێنج ساڵی ڕابگەیەنێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکەو بودجەی پێویستی بۆ تەرخانبکرێت، هەروەها ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە بەدواداچونی جدی بکات بۆ چۆنیەتی کارپێکردنی یاساکە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان و پێویستە داواکاری گشتیش ڕۆڵی کارای خۆیان ببینن لە جولاندن و بەدواداچونی هەموو ئەو دۆسیانەی کە یاساکە دەیگرێتەوە.

داواکارین لە ئەنجومەنی دادوەریش هەرچی زورترە پەلە بکات لە دامەزراندنی ئەو دادگا تایبەتمەندەی کە لە یاساکەدا ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی دیکەی نێو یاساکەو چیتر بیانوی کەمی دادوەر نەکرێتە بەهانە.

ئەرکی هەموو لایەکیشە بە ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵکانی خەمخۆری ئەم کۆمەڵگەیە تاوەکو بەشدارو هەماهەنگبن لەم هەڵمەتەدا بۆچەسپاندنی یاساو بەرقەرارکردنی هێزی یاسایی لە پێناو کەم کردنەوەی توندوتیژی خێزانی و گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ خێزانی کورد.

٢١ ی جوونی ٢٠١٢

## دەقی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی:

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١

### یاسای بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق

دووەم: خێزان کۆمەڵە کەسێکی سروشتین، پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتیان تاکو پلەی چوارەم هەیەو ئەوانەی بە پێی یاسا هاتونەتە ناو خێزانەوە.

سێیەم: توندو تیژی خێزانی: هەر کردارێک یان و تەیەک یان هەڕەشە یان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیدا کە لە سەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێ و ئەوانەی بە پێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە ئەشێ لە باری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنی و ماف و ئازادییان لە دەست بدات.

چوارەم: دادگا: دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: هەرکەسێک کە پەیوەستی هەبێ بە پەیوەندییەکی خێزانی، ئەنجامدانی توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا لێ قەدەغە دەکرێ لەوانەش: توندوتیژی جەستەیی و جنسی و دەروونی و، ئەم کردەوانەش وەک نموونە بە توندوتیژی خێزانی دادەنرێت:

١- هاوسەرگیری بەزۆر.

٢- هاوسەرگیری ژن بە ژن(شغار) و منداڵ بە شوودان.

٣- بەشوودان لەجیاتی خوێن.

٤- لێک جوداکردنەوەی بەزۆر (الگلاق بالاکراە).

٥- بڕینی پەیوەندی کۆمەلایەتی (صلە الارحام).

٦- مێرد بە زۆر ژنی خۆی ناچاری بەدڕەوشتی و کاری داوێن پیسی بکات.

٧- خەتەنە کردنی مێینە.

٨- ناچارکردنی تاکەکانی خێزان بۆ جێهێشتنی فەرمانبەریەتی بە نارەزایەتی خۆیان.

٩- ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهێشتنی خوێندن.

١٠- خۆکوشتن لە ئەنجامی توندو تیژی خێزان.

١١- لەباربردن لە ئەنجامی توندو تیژی خێزان.

١٢- لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵ بە هەر بیانوویەک بێت.




١٣- سوکایەتی پێ کردن و جنێودان و جنێودان بە کەس و کارو بە کەم سەیر کردنی و ئازاردانی و گوشار بۆ هێنانی دەروونی و پێشێل کردنی مافەکانی و بەزۆر سەرجێی کردن.

دووەم: بۆ زیان پێکەوتوو لە توندوتیژی خێزانی هەیە زامنکاری پاراستنی لە توندو تیژی هەبێت.

سێیەم:

١- داوا لە کێشەی توندو تیژی خێزانی لە لایەن زیان پێکەوتوو یان ئەوەی بە پێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە دەجووڵێنرێ و دادگا یان لێکۆڵەرەوە یان بەرپرسی بنکەی پۆلیس یان داواکاری گشتی لێ ئاکادار دەکاتەوە.

٢- لەسەر کارمەندانی بواری تەندروستی و پەروەردە و بنکە فەرمییەکانە بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی توندو تیژی خێزانی هەواڵ بدەن.

چوارەم: رێکارەکانی لێکۆلینەوە و دادگایی کردن لە کێشەکانی توندو تیژی خێزانی نهێنی دەبێت.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: دادگایەکی تایبەتمەند بە بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی ب پێی (یاسای دەسەلاتی دادوەریی هەرێم) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ پێکدەهێنرێ.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزان دابین بکات.

سێیەم: قوربانیانی توندو تیژی خێزانی تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی بیانگرێتەوە.

چوارەم: لە سەر وەزارەتی تەندروستیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارو باری کۆمەلایەتی چاودێری تەندروستی دەستەبەر بکەن و سەر لە نوێ شیاندن بۆ زیان پێکەوتووانی توندو تیژی خێزانی بکەنەوە.

پێنجەم: بەڕیوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندو تیژی دژی ئافرەت لە وەزارەتی ناوخۆ بەدواداچوون بۆ کێشەکانی توندو تیژی خێزانی دەکات.

شەشەم: لە سەر وەزارەتی ناوخۆیە بەشێکی تایبەت لەناو پۆلیس بکاتەوە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە پۆلیسی ئافرەت پێکهاتبێت و هەلس و کەوت لە کێشەکانی توندو تیژی خێزانی بکەن.

حەوتەم: لەسەر وەزارەتی ناوخۆ و دەستە فەرمییە پسپۆڕەکانە ریکلام بۆ رۆشنبیریەتی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی بکەن.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: دادگای تایبەتمەند لە کاتی پێویستدا یان لەسەر داوای یەکێک لە تاکەکانی خێزان یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات (فەرمانی پاراستن) وەک رێکارێکی کاتی بۆ پاراستنی توندو تیژی خێزانی دەربکات، بەمەرجێ فەرمانەکە ماوەی پاراستنەکە لەخۆ بگرێت و لەسەر دادگاشە بە پێی پێویست درێژی بکاتەوە.

دووەم: پێویستە ئەوەی داوای پاراستنی کردووە واز لەو فەرمانە بهێنێ بە پێی هاتنە کایەی شتی نوێ و لەسەر دادگاشە تەئکید لەوە بکاتەوە کە داوای هەڵوەشاندنەوەکە بە ئارەزوو پێشکەش کراوە و لە بەرژەوەندی زیان لێکەوتووە.

سێیەم: فەرمانی پاراستن ئەمانە لە خۆ دەگرێ

١- بەڵێننامەیەک لە شکات لێ کراو کە دەست درێژی ناکاتە سەر زیان لێکەوتوو یان هەر تاکێک لە تاکەکانی خێزان.

٢- گواستنەوەی قوربانی بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی لە کاتی پێویستدا یان ئەگەر قوربانی خۆی ئەمەی داوا کرد.

٣- بە بریارێکی دادکا و بۆ ئەو ماوەیەی کە بە مەترسی بۆ سەر شکاتکەر یان بۆ سەر هەر تاکێک لە تاکەکانی خێزان دەزانرێ نابێ رێگا بەشکات لێکراو بدرێت بچێتە ماڵی خێزانی.

چوارەم: لە حاڵەتی پێشێل کردنی فەرمانی پاراستن، سەرپێچکەر بۆ ماوەیەک دەگیرێ کە لە (٤٨) سەعات زیاتر نەبێ یان بە غەرامەیەک سزا دەدرێ کەلە (٣٠٠٠٠٠) هەزار دینار کەمتر نەبێ.

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت رەوانەی لیژنەیەک بکات کەلە شارەزاو پسپۆران پێک دەهێنرێ بۆ چاکردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشانە بکرێت کە ئەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت، بە مەرجێ کار لە رێکارەکانی پاراستن نەکات کە لەم یاسایەدا هاتووە.

ماددەی شەشەم:

لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کە دەقی لە یاساکانی بەرکاری هەرێمدا هاتووە:

یەکەم: هەر کەسێک هانی ئەنجامدانی کردەوەی خەتەنە کردنی مێینەی دا بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کەلە (١٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

دووەم: هەر کەسێک کردەوەی خەتەنە کردنی مێینەی ئەنجامدا یان بەشداری تێدا کرد سزای بەند کردنی بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کەلە (٦) مانگ کەمتر نەبێت وە لە (٢) سالیش زیاتر نەبێت وە غەرامەکەشی لێ وەردەگیرێ کە لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

سێیەم: هەرکەسێک کردەوەی خەتەنەکردنی مێینەی ناکامی ئەنجام دا یان بەشداری تێدا کرد سزای بەندکردن بۆ ماوەیەک دەیگرێتەوە کەلە (١) ساڵێک کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێتو لە (١٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکیک لەو دوو سزایە.

چوارەم: باری تاوانکار توندتر دەبێ ئەگەر بکەرەکە پزیشک بوو، یان دەرمانسازبوو، یان کیمیایی بوو، یان مامان بوو، یان یاریدەدەرەکانیان بوون و لەسەر دادگاشە فەرمان بدات پیشەکەی یان کارەکەی بۆ ماوەیەک لێ قەدەغە بکات کەلە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.





**ماددەی حەوتەم:**

لەگەڵ زیان نەگەیاندن بەهەر سزایەکی توندتر کە دەقەکەی لە یاسا کار پێکراوەکانی هەرێمدا هاتووە:
هەرکەسێک توندوتیژییەکی خێزانی ئەنجامبدات بۆماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێتو غەرامەیەک کە لەیەک ملیۆن دینار کەتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت، یان یەکێک لەم دوو سزایە.

**ماددەی هەشتەم:**

حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو و یاسای ئوسوولی دادگایی کردنی سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراوو یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاساکانی دیکەی بەرکار لە هەرێم پیادە دەکرێن ئەگەر هیچ دەقێک لە یاسایەدا لەسەری نەهاتبوو.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**(د.کەمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**هۆیە پێویستیەکان**

توندو تیژی خێزانی دیاردەیەکی نەرینی دژ بە پرەنسیپەکانی شەریعەتە ئاسمانیەکان وە مافەکانی مرۆڤە و لەبەر ئەوەی خێزان بنەمای کۆمەڵگایە و لە پێناو پاراستنی لە هەڵوەشانەوە و پاراستنی تاکەکانی و وەرگرتنی رێگای یاسایی بۆ دروستی و سەقامگیری و قەدەغەکردنی توندو تیژی خێزانی بە رێگای خۆ پاراستن بەر لە روودانی و گەران بەدوای دۆزینەوەی چارەسەری چاکسازیو چارەکردن دوای روودانی، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
دیوان- ژمارە: ٤٣٥ لە ١٩ی جوولای ٢٠١١

بە پێی ماددەی (دەیەم/ یەکەم/ ٢)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١ ) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندو تیژی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بە دەرچوو دادەنرێن لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێم لە ماوەی یاساییدا پێی نەکرا واژووی بکات.

**پرۆفایلی رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان**

**پێناسەی رێکخراو:**

رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە باوەرِی تەواوی بە یەکسانی جێندەری هەیە، کار دەکات لە پێناو چەسپاندنی کلتووری ناتوندوتیژی، هەوڵ دەدات کە جیاکاری جێندەری نەهێڵێت لە یاساکاندا، لە هەمان کاتدا هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی راوێژو رێنمایی یاسایی بەبێ بەرامبەر بۆئەو ئافرەتانەی) کە پێویستیان بە کاری یاسایی هەیە..لە٢٠٠٨/١/١ دامەزرا.

**ئامانجەکانی رێکخراو :**

* یەکسانی جێندەری لە یاساو کۆمەڵگادا.
* بنبرِکردنی توندوتیژی دژی ژنان و چەسپاندنی کلتوری ناتوندوتیژی لە کۆمەڵگادا.
* بەهەند وەرگرتنی پرانسیپ و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە ژنان وەک بنچینەیەک بۆ دانانی یاساکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.
* کارکردن بۆ دروستکردنی بانکێکی زانیاری تایبەت بە یاسکانی پەیوەندیدار بە ژنانەوە.
* بەهێزکردنی تواناکانی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستیان لە بوارەکانی (ئابووری _سیاسی _ کۆمەڵایەتی _ یاسایی).

## هۆکارەکانی پشت توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا



کامەران عەبدە ساڵح

باسکردن لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە لایەن رەگەزی نێرەوە، پرسێکی هەستیارە و پێویستە لە چەندین گۆشەنیگاوە قسەی لەسەر بکرێت، لایەنە مێژوویەکەی شیبکرێتەوە، رایەڵە کەلتوریی و فەرهەنگیەکانی بدۆزرێتەوە، سەرچاوەو باکگراوەندەکانی ئاشکرا بکرێن، لە سەرووی هەموویانەوە پرسیار لە تێروانینی خۆمان بکەین بەرامبەر بە ئازادی و مافی مرۆڤ، بەرامبەر بە کەلتوری توندوتیژی و فەلسەفەی لێبوردەیی.

بەداخەوە، توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، هەر لە قۆناغی یەکەمی پیاوسالاریەوە تا ئێستا بوونی هەیە، بە درێژایی مێژوو ژنان چەوسێنراونەوە و وەک کاڵا و مرۆڤی پلە دوو سەیرکراون، ئەو جۆرە تێڕوانینانەش هەرلە خۆیەوە جێگیر نەبووە، بەڵکو هەندێک لە ئایینەکان و لێکدانەوە کۆمەڵایەتیەکان، دەسەڵات و سروشتی کۆمەڵگەی خێڵەکی رۆڵێکی گەورە وکاریگەریان بینیوە لە ئاراستە کردنی ئەو بیرو بۆچوونانەدا.

هەندێک بیروباوەڕ سەرجەم جومگە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پیاو حەڵاڵ دەکات بەڵام بۆ ژنان بە پێچەوانەوە، بەمەش بەردەوام ژن بە کائینێکی لاواز دانراوەو کراوەتە شێوازێکی خۆشگوزەرانی بۆ پیاو، هەموو مافێکیان بە پیاو داوە کە توندو تیژی بە کاربهێنێت بەبی ئەوەی دوچاری هیچ سزایەک ببێتەوە، کاتێکیش نەریتی کۆمەڵگەیەک بەرەسمی مافی لێدان بە پیاو بدات و ئامۆژگاری پیاوان بکات بە ئارەزوی خۆیان توندوتیژی دژی ژنان بەکار بهێنرێت و عەقڵیەت و عەقیدەی کۆمەڵگەو تاک لەسەر ئەوە بنیات نرابێت، بێگومان ژنانیش جگە لە لێدان بەولاوە هیچی تریان بەرناکەوێت.

توندو تیژی و کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە یەکێک لەو دیاردە سلبیانەی کە مەترسی و کاریگەری خستۆتە سەر شوناس و جیهانبینی نەتەوایەتیمان، ئەگەر قسەش لەسەر هۆکارەکانی بکەین ئەوا جۆرەها هۆکاری هەیە، لەوانە:

١- زاڵبوونی عەقڵیەتی خێڵەکی و کەمی ئاستی هۆشیاری لای تاکەکانی کۆمەڵ و بە کەمزانینی رەگەزی می.

٢- هۆکاری ئابووری : تاکو ئێستا ژنانی ئێمە هەر چاویان لە دەستی پیاوە خۆیان داهاتێکیان نیە، ئەگەر هەشیان بێت زۆبەی جار پیاو دەستی بەسەردا گرتووە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا وا باوە کە دەبی ژن هەر چاوی لە دەستی پیاو بێت، لە سیستەمی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا ئەرکی بەرێوەبردنی خێزان لەسەر هەردوو رەگەزە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی تائێستا قبوڵی ناکات کە ژن کاربکات و لەو رێگەیەوە داهاتێک بۆ خۆی پەیدا بکات.

٣ - خراپ بەکارهێنانی سیستەمی تەکنەلۆجیا، ئەو سیستەمە زۆر بە سەختی هاتە هەرێمەکەی ئێمەوە و کاری پی دەکرێت، چەندین حاڵەتی کوشتن و توندوتیژی لە رێی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلەوە سەرچاوەی گرتووە، هەزم نەکردنی ئەو باهۆزەی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، رێگربووە لەوەی لەگەڵ گەشەی فیکری وەربیگرین .

٤- نەبونی یاسایەک کە ژن بپارێزێت، بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا عەقڵی خێڵ بەرێوەی دەبات، ئەم راستیەش لەهەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا رەنگی داوەتەوە، بۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا خێڵ بوون و دەسەڵاتی هەبێت، یاسا کەمتر دەتوانێت خۆی بسەپێنێت .

٥ - نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەی تازە: تاکو ئێستا چاکسازیی زانستی نەکراوە لە سیستەمی پەروەردە و پلانی بۆ دانەنراوە.

٦ - کەمی هوشیاری بەو مانایەی کە ژن وشیار نەکراوەتەوە بەرامبەر مافە رەواکانی خۆی، بەرزی رێژەی نەخوێندەواری، هەروەها هۆکاری خودی دواکەوتوویی ژنیشی لە پشتەوەیە، کە وابەستەیە بە کەلتورێکی دواکەوتوو ئەمەش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.

٧ - نەبوونی هێزێکی یەکگرتووی رێکخراوەکانی ژنان کە یەک دەنگ و یەک هەڵوێست بن لە بەرامبەر هەموو داواکان و مافەکانیان، نمونەی زۆرمان لەبەردەستدایە، بچوکترین نموونە هەڵوێستی هەندی لە رێکخراوەکانی ژنانە لە بەرامبەر هەمواركردنی یاسای باری کەسێتی، کە زۆربەی زۆری رێکخراوەکانی ژنان بی دەنگی و خەم ساردی و بی هەڵوێستیان نیشاندا جگە لە هەندی ریکخراو.

٨ - داب و نەریت و کلتوری کۆمەڵگا، کە پێیوایە دەبێت ژن ملکەچی زۆرشت بێت و، هیچ کەس لە ئێمە بۆ خودی خۆمان نەژین، بەڵکو بۆ کۆمەڵگە بژین.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیەش پێویستە ئەم پێشنیارانە لەبەرچاو بگیرێن:

١ - پێش هەمووشتێک ئێمە لەو کۆمەڵگەیەدا پێویستمان بە پەروەردەیەکی تازە هەیە هەر لە خێزانەوە بۆ تەواوی پنتەکانی تری کۆمەڵگە بە تایبەتی بەرامبەر فەلسەفەی پەروەردە، بە هەموو شێوازەکان کە تێیدا بەها و یەکسانی رەگەز لە پەروەردەدا رەنگ بداتەوە.

٢ - پێویستمان بە ریفۆرمێکی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی ئاینی هەیە ، کە رێزی زیاتر لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بگرێت.

٣- پێویستە بواری زیاتر بۆ ژنان برەخسێنرێت تا بتوانن رۆڵیان لە نەخشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا هەبێت، ئێمە لە کەلت ورێکدا لەدایکبووین و دەژین، کە بەهای ژیانی یەکتریمان لەلا لاواز دەکات، لە بری لێبوردەیی زۆرتر گیانی شەرانگێزیمان لا دروست دەکات، دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە کەلتووری کوردی تەواو ناشیرین بێت، بە پێچەوانەوە زۆر لایەنی جوانی تێدایە کە دەکرێت دەوڵەمەندتر بکرێت، بەڵام بۆ لایەنە سلبیەکان پێویستە هەوڵی چاکسازی بدرێت، ناگونجێت کۆمەڵگە لە شوێنی خۆی بوەستی و لەناو بازنەیەکدا بسورێتەوە، پێویستە کار لەسەر چاکسازی و بەرەوپێشچوون بکەین.

٤ - پێویستە هەماهەنگیەک هەبێت لە نێوان سەرجەم رێکخراو وسەنتەرەکانی ژنان، یەک هەڵوێست بن، یەک دەنگ بن لەسەر مافە رەواکانی خۆیان .

٥- کردنەوەی سەنتەری جۆراوجۆر بەتایبەتی لە سنووری قەزاو ناحیە و گوندەکان، گرنگە هەموو سەنتەرێک بەشی توێژەری کۆمەڵایەتی و یاسا و کتێبخانە و ... هتد تێدا بێت .

٦- حکومەت پلانی هەبێت بۆ هەلی کارکردن بۆ ژنان .

لە سەرووی هەموویانەوە بڕوابوونمان بە چاککردن و گەشبینیمان بەرامبەر بە ئایندە بە تایبەت بەرامبەر بە خودی ژنان، چونکە خۆیان دەتوانن ببنە مایەی گۆرانکاری نوی، جگە لەوەش پێویستە هەموومان هەست بە لێپرسراوێتی بکەین بەرامبەر بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان، پێویستە ئەو هەوڵە باشانەی کە لە زۆر لایەنەوە دەدرێن ئەکتیڤتر بکرێن، ژنانی جەسوور و هوشیار پێشرەوی بزاوتێکی فراوانتری ژنان بکەن بۆ بەشداری زیاتریان لە سەرجەم کایەکانی کۆمەڵدا، دەبێت پەرە بە هۆشیاری خێزان و فیکر بە گشتی بدرێت، بۆ ئەمەش ژیان ئاسۆی فراوانی تێدایە، هەرچەندە کێشەکان زۆر بن هێشتا بوار هەیە بۆ ئەوەی کاری تێدا بکەین، دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت کە دەتوانین چاکسازی بکەین.

٧- ئێمە پێویستمان بە گەشەکردنی عەلمانیەت هەیە هەم لە دەسەڵات هەم لە عەقڵی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت بۆ تێگەیشتنێکی سەردەمیانە و پەرەپێدانی عەقڵی دیموکراسی و گەشەکردنی، دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ بن و لەژێر هەیمەنەی حیزب بێنە دەری بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بە عەقلی کۆمەڵگا بدەن.

ڕوماڵ نیوز

## ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دوایین سەرژمێریی توندو تیژی دژ بە ژنان لە جیهاندا




ئامادە کردنی: چنوور قادری

ئەم دواییانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەمەڕ توندو تیژی دژ بە ژنان لە جیهاندا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە لێرەدا سەرنجتان بۆ بیستنی ئەو ڕاپۆرتە ڕادەکێشین:

نزیک بە ٧٠% لە قەتڵەکانی ژنان لە سەرانسەری جیهان، لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕوو دەدات. لە ساڵی ١٩٩٩ لە وڵاتی ڕووسیە، ١٤ هەزار ژن بەدەست هاوسەر یان خزمی نزیکیانەوە کوژران. بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی لە وڵاتی سویس کراوە، ٤٠%ی ژنان لەگەڵ توندو تیژی دەروونی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕوبەڕوو بوون.

دەسرێژی لەو تاوانانەیە کە سەرژمێرییەکی درووستی لە بەردەستدا نیە. لە وڵاتی ئامریکا ساڵانە ٧٠٠ هەزار ژن دەکەونە بەر دەسرێژی یان شێوەیەکی دیکە لە توندو تیژیە جیسنییەکان. ١٤/٨ لە سەدی ئەم ژمارەیە کچانی ژێر تەمەنی ١٧ ساڵ پێک دێنن. لە فەرانسە لە ساڵی ١٩٩٩، نزیک ٥٠ هەزار تا ٩٠ هەزار ژن کەوتنە بەر دەستریژی. لە زۆربەی ئەم خاڵانە هیچ شکایەتێک لە لایەن قوربانیانەوە نەکراوە.

منداڵان لە سەرانسەری جیهاندا قوربانیانی بەردەوامی توندو تیژی جینسین. لە لێکۆڵینەوەیەک کە لە ژنێڤ ئەنجام دراوەو تێدا ١٢٠٠ کەس لە تەمەنی نێوان ١٦ تا ١٧ ساڵ پرسیارییان لێ کراوە، بیست لە سەدی ئەو کچانە ئاشکرایان کرد کە لانیکەم جارێک تەجاوزیان لێ کراوەو "سو استفادە"ی جینسییان لێ کراوە. لە وڵاتی پرۆ لە لێکۆڵینەوەیەک کە لە کچانی دووگیانی نێوان تەمەنی ١٢ تا ١٦ ساڵ ئەنجام دراوە، پیشانی دا کە ٩٠%ی ئەم دووگیانی‌یانە ئاکامی دەسرێژیو زۆربەشیان لە لایەن کەسو کاریان ئەنجام دراوە.

توندو تیژی ئایینیو فەرهەنگی بە دژی ژنان هەموو کاتێک بواری بەرچاوتری هەبووە. لە سەرانسەری جیهان ١٣٠ میلیۆن ژن خەتەنە کراو هەن. هەر ساڵەی ٢ میلیۆن کەس بەم ژمارەیە زیاد دەبێت. لە وڵاتی هێند مەزەندەی ئەوە دەکرێت، هەر ساڵەی ١٥ هەزار ژن بە هۆی جەهیزییە دەکوژرێن. بە هۆی لەباربردنی منداڵ لە سکی دایک یان کوشتنی کچان، لە سەرانسەری جیهان ٦٠ میلیۆن ژن کەم هەیە. لە پاکستان زیاتر لە هەزار ژن لە ساڵدا دەبنە قوربانیی قەتلە نامووسیەکان. ئەم سەرژمێرییە لە تورکیە ساڵانە ٢٠٠ کەسە.

بازرگانی کردن بە ژنان بواری جیهانیی بەخۆی گرتووە. ژمارە ئەو ژنانەی کە ساڵانە لە ژێر ناوی ژیانی هاوبەش بۆ وڵاتانی دیکە دەنێردرێن، بەڵام لە ئاکامدا تووشی فەحشا یان کۆیلەییو کرینو فرۆشتن دەبن، زیاتر لە ٤ میلیۆن کەسە. نزیک دوو میلیۆن کچ لە تەمەنی نێوان ٥ تا ١٥ ساڵ ناچار بە فەحشا دەکرێن. سەرژمێریی فەرمیی کرینو فرۆشتنی کچان لە سویس ١٥٠٠ تا ٣٠٠٠ لە ساڵدایە. ئەم ژمارەیە لە تەواوی ئوروپا، بە گوێرەی مەزەندەی کۆمیسیۆنی ئورووپایی ڕێکخراوی ئاسایشو هاوکاری، نێوان ١٢٠ هەزار تا ٥٠٠ هەزار ژنە. ئەم ژنانە کەسانێکن کە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتو ناوەراست وەک کەرەسە بۆ ئورووپای ڕۆژئاوا دەنێردرێن.

زیاتر لە نیوەی تووش بووان بە ئیدز لە سەرانسەری جیهاندا لاوانی نێوان ١٥ تا ٢٤ ساڵە پێک دێنن، زیاتر لە ٦٠ لە سەدی ئەوان ژنان پێک دێنن.

لە کاتی کۆمەڵکوژییەکانی شەڕ لە ڕوواندا لە ساڵی ١٩٩٤، زیاتر لە نیو میلیۆن ژن کەوتنە بەر دەسرێژی. لە بۆسنی لە پێنج مانگی یەکەمی شەڕ لە ساڵی ١٩٩٢، نێوان ٢٠ هەزار تا ٥٠ هەزار ژن بوونە قوربانی تەجاوزی جینسی. ئاکامەکانی فیزیکیی ئەم دەسرێژییانی زۆر بەربڵاوو کاریگەرن. زۆربەی ژنەکان لە کاتی دەسرێژیدا کوژراونو ژمارەیەکی زۆریان تووشی ئیدز بوون.

سەرچاوە: "شهرزاد نیوز"

پێشمەرگەکان

# توند و تیژی دژی ژنان




ن.بهزاد خۆشحالی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە یەکەمین لێکۆڵینەوەی خۆی سەبارەت بە توند و تیژی دژی ژنان، بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە لە هەر ١٨ چرکەدا، یەک ژن دەکەوێتە بەر پەلامار یان خود توند و تیژی. تەنانەت "دووسک" بوونی ژن، نابێتە هۆی پاراستنی ئەو لە بەرامبەر دەست درێژی و توند و تیژی پیاوان.
٣٠ تا ٣٥ لە سەدی لانانی ئەمریکی بەراورووی ئازاری جەستەیی لە لایەن هاوسەرانیان دەبنەوە و ١٥ تا ٢٥ لە سەدیان لە کاتی "دوو سک" بوونیش دەدرنە بەر لێدان و ئەشکەنجەوە. هەروەها لە هەر ١٠ قوربانیی ژن، سێ کەسیان بە دەستی هاوسەر یان پیاوانی دیکە دەکوژرێن. ٤١ لە سەدی ژنانی هێندستان، بە هۆی ئازاری جەستەیی لە لایەن هاوسەرانیان دەست دەدەنە خۆکوژی. لە بەنگیلادیش، ٥٠ لە سەدی کوشتنەکان لە دەرەنجامی توندوتیژیی پیاوان روو دەدەن.
بە گشتی توند و تیژی دژی ژنان لە هەموو چینەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، نەژادی، تەمەنی و جوگرافیایی بوونی هەیە، ئەگەرچی ئم دیاردەیە لە نێوان هێندێک لە گرووپەکان زۆرتر دەردەکەوێت. توند و تیژی دژی ژنان بە جۆرێک دەرکەوتەی هەستی توندئاژۆیی و هەڵشاخانەو لەو جۆرە توند و تیژیانەیە کە لە ئاست بنەماڵەدا بەکاردەبرێت و دەبێتە هۆی خەسار یان ئێش و ئازاری جەستەیی، دەروونی و ڕەگەزی.
سێ فاکتەر و ئێلێمێنتی سەرەکیی هەڵسووکەوت، خەسار و زیان و ڕەگەز لە جۆرەکانی جیاوازی توند و تیژی دەبینرێتەوە. ڕەگەزی سەردەست و بکەر زۆرتر پیاوانن، لە هێندێک کات و شوێنیشدا، ژنان، جگە لە هاوسەرانیان، لە لایەن باوک و براو تەنانەت کورەکانی خۆیان بەرەورووی توند و تیژی دەبنەوەز ژنان لە ژیانی خۆیان چوار شێوەی توند و تیژی ئەزموون دەکەن کە بریتین لە، فیزیکی(جەستەیی)، دەروونی، ئابووری و سێکسی:

## توند و تیژیی فیزیکی (جەستەیی)

شێوەکانی ئازاری جەستەیی، لێدان و بریندار کردن، هەڵکێشانی قژ، سووتاندن و پاڵ پێوە نان لە خۆوە دەگرێت، ڕەنگە هەموو چینەکانی جیاوازی ژنان بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئاست و جۆری خوێندن، نەژاد، و بارۆدۆخی بنەماڵەیی تووشی ئەم جۆرە توند و تیژیە ببنەوە.

## توند و تیژیی دەروونی

ئەم جۆرە لە توند و تیژی، هەڵسووکەوتی سەرەرۆیانەو باڵادەستانە بۆ سووک کردن و سووکایەتی بە ژن، هەرەشە بۆ ئازار و کوشتنی ژن یان خود کەسێکی بنەماڵەکەی، جنیو، گاڵتە کردن، مۆڵەت نەدان بۆ بینینی خزم و کەسەکانی و هەروەها زیندانی کردنی ژن لە ماڵدا، لە خۆوە دەگرێتەوە. ئەو شێوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەستی بەتاڵی و هیچ بوون و یان "خۆ وێران کردن"، هەڵاتن لە بەشداریی کۆمەڵایەتی و درووست بوونی دڵەڕاوکەیەکی بەردەوام لە ژنان دەبێت.

## توند و تیژیی ئابووری

دابین نەکردنی مەعاش و پارەی بژێوی ژیان، بەکارهێنانی نەگونجاو ناشیاوی ژن بۆ ئامانج گەلی ئابووری و هەروەها لە ناوبردن و دەست درێژی بۆ سەر کەل و پەلی تایبەتی ژن کە خۆشی دەوێن، لە خاڵەکانی ئەم شێوە لە توند و تیژیەیە. لە زۆرێک لە وڵاتان ژنان وەکوو هیزی کاری بێ مووچە و بێ مەعاش بەکار دەهێنرێن و ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ خوڵقاندن و درووست بوونی توند و تیژی دەروونی.

## توند و تیژیی سێکسی

بەکارهێنانی هێزی لە رادەبەدەر بە بێ خواستی ژن، پێوەندی سێکسیی ناسروشتی و بە زۆرەملی، بەرگری لە بە کارهێنانی ئامرازی پێش گرتن لە دووسک بوونی لە ناکاو و نەخوازراو و سەرنج نەدان بە پێویستیە سێکسیەکانی ژن لە خاڵەکانی بەرچاوی ئەم جۆرە توند و تیژیەیە. سارد بوونەوەو نارەزایەتی سێکسی و جۆرگەلی جیاوازی لادان لە ڕێگای درووست و سرووشتی لە دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە توند و تیژیە دژی ژنانە. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ئامار و ستاتیکی توند و تیژی و دەست درێژی سێکسی لە شوێنی کارو دائیرەکاندا و لە ئاست دونیا، سەرەنج ڕاکێشە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان، ئەو ژنانە وا لە لایەن هاوسەرانیان بەراورووی توندوتیژی دەبنەوە، پێنج قات زۆرتر لە ژنانی دیکە تووشی خەسارگەلی دەروونی و خۆکوژی و هەروەها، شەش قات زۆرتر لە مەترسیی کێشەو تێکچوونی دەروونی دەبن. ڕاستی ئەوەیە کە فاکتەرهای دەروونی، تاکی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ڕوودانی توندوتیژی کاریگەرن. لەو بنەماڵانە وا کێشەی ماددە

سرکەرەکان و ئەلکول، بێکاری و قەیرانی ناوخۆیی دیکە هەیە، توند وتیژی زۆرتر دەبینرێت. ئەو پیاوانەی کە لە منداڵیدا بەردەوام چاویان لە ئازار و لێدانی ژنانی بنەماڵەکانیان بووە، لە داهاتوودا زۆرتر توندوتیژی دژی ژنان لە خۆیان دەنوێنن. کەسانی بێ ئەزموون، بێ تاقەت، گرێدراو بە شوێنێک و بە هەر لایەنێک، ناسەقام لە باری دەروونی و ئەوانەی وا هەست بە ناتوانی دەکەن، زۆرتر دژی ژنان توند وتیژی بەکار دەهێنن.

بە گشتی، توندوتیژی، لە گەڵ خۆی توندوتیژی دێنێت و بەواتایەکی دیکە، بۆ خۆی بەرهەمهێنەرە.

منداڵێک کە لە بنەماڵەکەیداو لە کاتی منداڵی، سەرمەشقی هەڵشاخان و توندوتیژیی لە بەردەستدایە، لە داهاتوودا هەڵسووکەوتی لەوشێوە لە خۆی نیشان دەدات. لەراستیدا، هێماسازی لە تاکی توندرەو و بکەری توندوتیژی، خواستی دەروونی بۆ ئەزموون کردنی هەڵسووکەوتێکی تایبەت و نائاسایی، خواستی لەرادەبەدەری غەیری سرووشتی بۆ نیشان دانی هەڵسووکەوتی پیاوانە، پێوەندیەکانی پیاوسالارانەی ناو کۆمەڵگا، بێدەنگی و قبووڵ کردن لە لایەن ژنان، و هۆکارەکانی فەرهەنگی، ژینگەیی و جوگرافیایی لە روودانی توندوتیژی لە کۆمەڵگایەکدا کاریگەریەکی تایبەتیان هەیە.

بازەرگانی و بەکارهێنانی سێکسی ژنان، فرۆشتنی کچانی تەمەن خوار و منداڵ لە لایەن باوکانی هەژار بۆ ناوندەکانی لەشفرۆشی و بەرهەم هێنانی فیلم گەلی نائەخلاقی و سێکسی لە رۆژئاوا، لە خاڵەکانی بەرچاو و زەقی توندوتیژی مۆدێرن دژی ژنان بە ئەژمار دێت.

بێ گومان توندوتیژی دژی ژنان، دیاردەیەکی چەند رەهەندیە، بۆیە بەرەنگاربوونە لە گەڵ ئەو خەسارە، پێویستیی بە دەرمان و چارەسەری چەند رەهەندیە.

بنەماڵە دەرمانی (چارەسەری لە ناو ماڵاندا)، درووست کردنی شوێنەکانی ئەمن بۆ ئەوانەی وا تووشی توند و تیژی دەبن و پاڵپشتی و لایەنگری یاسایی لەو ژنانە، بەشداری لە کۆرسەکانی پەروەردەی پێش هاوسەرگیری، راوێژکاری و راوێژگرتنی پێویست بۆ هاوسەرگیری، بردنە سەری ئاستی زانیاری ژنان و پیاوان لە رێگای پەروەردە و بەتایبەت پێداگری لە سەر مێتۆدگەلی زانستی، دەتوانن لە کەم کردنەوەو پێشگرتن لە توندوتیژی دژی ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو، کاریگەر بن.

ماڵپەری کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەلات

## خوێندنەوەیەک لە سەر تووندوتیژی دژ بە ژنان



سەرگوڵ خودایار

ئەگەر تەنیا توندووتیژیی جەستەیی بێنینە بەرباس و لێکۆڵینەوە ئامارەکان نیشان دەدەن کە ٦٦ لەسەدی ژنان لە ئیران، هەر لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی هاوبەشیدا لانیکەم بۆ جارێک روبەڕووی توندوو تیژی بنەماڵەیی بوونەتەوە. ژنان نەک لە ژیانی تایبەتی خۆیندا بەڵکوو لە ژیانی گشتیشدا روبەروی ئەم ئەزموونە دەبنەوە و ئەو دیاردەیە لە دژی ژنان هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ نابەرابەری رەگەزی کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە. ئەوە لەکاتێکدایە هەر چەند ئەو نابەرابەریە رەگەزیانە لە روانگەی یاسا و داب و نەریتە کۆنەکانەوە زۆرتر بێت، ئەوە توندووتیژی دژ بە ژنان بە رادەیەکی بەرچاو پەرەدەستێنێت.

توندوونیژی لە ئیران بە هۆی نەبوونی ئازادی راگەیاندن زۆر بە کەمی لە میدیا و راگەیەندنەکان باس کراوە و تەنانەت لە رێکخراوە نیونەتەوەییەکان و ئەو بەلێنانەی کە دەوڵەتی ئیران لەم رێکخراو و کۆنواسیۆنانەی واژۆی کردووە ئەو بەلێنانە بەرێوە نابات. هەروەها لە کۆمەڵێک لە وڵاتانی جیهان توندوتیژیی بنەماڵەیی هەر زوڵم و زۆر نییە کە ژن بە شێوەی جەستەیی ئازار بدات بەڵکوو ئەمرۆکە باس لە سەر توندوتیژی بنەماڵەیی زۆر بەربڵاو ترە و بریتییە لە توندووتیژیی رەوانی، ئیهانە و سەرکوت وهتدە.. کە لە راستیدا ئەو توندووتیژیانە رێزلێنان بە نەفسی ژن دێنێتە خوارەوە و توشی خەمۆکی دەکات و خۆ بەکەم زانین تیایدا پەرەدەستێنێت.

لە یاسای کۆمەڵێک لەو وڵاتانەی کە زۆربەی خەڵکەکەی مسوڵمانان و پیاوانی ئاینی دەوڵەت بەرێوە دەبەن، پشتیوانی لەو ژنانەی کە چ لە کۆمەڵگا و چ لە بنەماڵەدا ئەزیەت و ئازار دەدرێن زۆر ئەستەمە. لە وڵاتی ئەندۆنیزی و کۆمەڵێک لە وڵاتانی دیکە توندووتیژی بنەماڵەیی بە تاوان دەژمێردرێت بەڵام لە ئیرانی ژێر دەسەڵانی کۆماری ئیسلامی بە تاوان دانادرێت و بەڵکوو لە کاتێکدا زوڵم و زۆرەکە لە رادەیەک دابێت کە یاسا "دییە"ی بۆ ببردرێتەوە و ئەوە یەکێک لەو ململانیانەیە کە لەلای هەندێک ململانێی دیکە لە روانگەی یاساوە هێشتا لە ئیران وڵامی نەدراوەتەوە. ژن لە ئیران نەک لە ماڵەوە لە ژێر نابەرابەری ئازار دەبینێت بەڵکوو لە کۆمەڵگاش روبەروی دەبێتەوە کە ئەو توندووتیژیانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێان دەکرێت نەبوونی مافە، لە ئیران رێگا بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە توندوتیژی و سەرکوتی ژنان چۆڵ دەکرێت لە وڵاتێک ئەوە خودی دەوڵەتە دەبێت پشتیوانی کەسانێک بێت کە مافیان پێشێل دەکرێت بەڵام بەداخەوە ئیمە لە ئیران شاهیدی ئەو پشتیوانییە مرۆڤایەتییە نین.

لە ئێران شوێنێکی ئەمن بۆ ئەو ژنانەی کە ئازار و ئەزیەت دەدرین نییە کە بتوانن لە کاتی پێویستدا پەنای بۆ ببەن، لە هەمان گەلاڵەی بنەماڵەیی(لایحه خانواده) کاتێک کە کچێک بە تەمەنی یاسایی نەگەیشتبێت( واتە ژێر ١٧ساڵ) و بە گوشار باوکی بە شوو بدرێت و دواتر لە لایەن هاوسەرەکەی بکوژرێت یاسا هیچ وڵامێک یان هیچ هەڵویستێک بەرامبەر ئەم کردەوە ناشایست ودژە مرۆفییە ناکات. لە وڵاتانی دیکە کوشتاری ناموسی حوکم دەدرین و بەدواداچونی بۆ دەکرێت بەڵام لە ئێران هیچ هەوڵێکی بۆ نادرێت تەنانەت ژنان لە کوچەو شەقامەکان ئازار و ئەزیەت دەدرێن و هیچ یاسایەک بەرنگاری نابێتەوە. لەلایەکی دیکەوە پرسی حیجاب خۆی هەڵگری ئازار و ئەزیەتی ژنانە لە کۆمەڵگادا.






ریشەی نابەرابەری رەگەزی لە کۆمەڵگایەکدا دەبێتە هۆ و هۆکاری توندوتیژی کە ژنان روبەروی دەبنەوە. ئیمە لە کۆمەڵگایەکی پیاو سالاریدا ژیان دەکەین، ئیران لە زومرەی ئەو وڵاتانەیە کە هەڵاواردنی رەگەزی بە شێوەیەکی بەربڵاو بوونی هەیە و کۆمەڵگای لاواز کردووە. ئیمە شاهیدی جۆرەها توندوتیژی و ئازاری دژ بە ژنانین و دەبینین بە هۆی ئازارو و ئەزیەتی بنەماڵە و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا ئاماری خۆکوشتن ژنان تا چ رادەیەک پەرەی سەندووە.

ئیران لە زومرەی ئەو وڵاتانەیە کە هەڵاواردنی رەگەزی بە شێوەیەکی بەربڵاو بوونی هەیە و کۆمەڵگای لاواز کردووە. ئیمە شاهیدی جۆرەها توندوتیژی و ئازاری دژ بە ژنانین و دەبینین بە هۆی ئازارو و ئەزیەتی بنەماڵە و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا ئاماری خۆکوشتن ژنان تا چ رادەیەک پەرەی سەندووە.

گوشارە کۆمەڵایەتیەکان وەک خەسارێکی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی وڵاتانی دونیا و بە تایبەت لە ئیرانیش هەیە، لە ئێران هیچ جۆرێک وشیارکردنەوە و راهێنان و زانیاری لە سەر چەمکی تووندوتیژی دژ بە ژنان نییە و تەنانەت لە راگەیاندنە گشتییەکانی سەر بە دەوڵەتیش لەو بوارەدا پرۆپاگەندەی بۆ ناکەن، رێکخراوێکی سەربەخۆ و ئەوتۆ بۆ پشتیوانی کردن لەو ژنانەی کە توندوتیژیان لەگەڵ دەکرێت بوونی نییە و بەداخەوە ژنان لە کۆمەڵگایەک دەژین کە خودی دەوڵەت هۆکاری سەرەکی کردەوەی توندو تیژییە بە دژی ژنان و کچان.

کاتێک باسی دیاردەی تووندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت یەکەمین شتێک کە بە مێشکی هەمووان دەگات ئەو کردەوە(فیزیکی)جەستەییە کە بریتیە لە زەبر و لێدان و یا کوشتنی ژنان بە بیانوی نامووسی بەڵام توندووتیژی تەنیا ئەمە لە خۆ ناگرێت بەڵکوو زۆر نمونەی دیکەی وەک: چەوساندنەوەی ژن، بێبەش کردنی ژن لە ئازادییە سەرەتاییەکانی وەک چوونەدەرەوە لەماڵ یان وڵات و مافی تەڵاق بێبەشن کە خۆی شێوەیەک لە توندوتیژیە دژی مرۆڤێک.

زۆر جار توندوتیژی دژ بە ژنان پەیوەندی هەیە بە پرسی ماڵی و دۆخێک کە ژنان لە ئێ ◌ًیران هەیانە چۆنکوو مافی ئەلاق بۆ پیاو پارێزراوە و دەتوانێت ژنەکەی تەڵاق بدات بەڵام زۆرێک لە ژنان ئەگەر بیانهەوێت ئەلاق بگرن دەبێت هەموو ماڵ و سەروەت و سامانی ببەخشێت تاوەکوو بتوانێت رزگاری بێت هەر بەو پێیە ئەوە دەبێتە توندوتیژی ماڵی دژی ژنان یان یاسای میراس کە خۆی کۆمەڵێک تەوەر لە خۆ دەگرێت بە توندووتیژی ماڵی دەژمێردرێت.

نموونەیەکی دیکە لە توندوتیژی دژ بە ژنان بواری روحی و رەوانییە ئەویش بە هۆی ئەوەیکە لە ئێران فرەژنی یاساییە و مەشروعییەتی هەیە ئەمانە لە بواری روحی و رەوانی نمونەیەک لە توندووتیژییە چونکوو هەموو کات ژنان بیر لەوە دەکەنەوە کە هاوسەرەکانیان ژنیان بەسەر دێنن یان تەڵاق دەدرێن و بیر لە نەبوونی ئائەمنی وئاسایش دەکەنەوەو لە بواری روحی و رەوانی وێران دەبن. بەڵام توندووتیژیەک کە لە زۆربەی وڵانان و بە تایبەت لە ئیرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەیە و زۆربەی ژنان روبەروی دەبنەوە توندووتیژی سیاسییە.

ئێمە پیویستمان بە چاکسازی و پێداچوونەوەیەکی زۆر بنەرەتییە لە یاسای کۆماری ئیسلامی ئیران لە سەر پرسی ژنان و دەبێت چارەسەریان بۆ بکرێت .

*ماڵپەری کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات*

## ژنان لە دژی ژنان




*وەرگێران لە فارسییەوە: ماریا حەسەنپور*

ساڵانێکی دوور و درێژە، توندوتیژی لەگەڵ وشەی پیاو تێکەڵ بووە و شوناسێکی پیاوانەی بەخۆوە گرتووە، توندوتیژی جەستەیی ونا جەستەیی کە پیاوان لە دژی ژنان بەکاری دێنن و رێکارگەلێک کە بە پانتایی نێونەتەوەیی ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوی ئەو قەیرانە جیهانیە بۆ نزمترین ئاست دابەزێت.

ئەگەرچی توندوتیژی چەمکێکی تێکەڵاو بە کلتورە و لە هەر کۆمەڵگایەک دەرکەوتەی جۆراوجۆری خۆی هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ئاسەوارەکانی دەبێتە هۆی روخانی ناخی مرۆڤ کە زۆر بەسەختی قەرەبوو دەبێتەوە.

ئێستاش ئەم نوسراوەیە بەدوای گەڕانی وڵامی ئەو پرسیارەیە کە لە پەیوەند لەگەڵ ئەو تەوەرەیە دێتە ئاراوە، کە توندوتیژی دژی ژنان تەنیا لە لایەن پیاوانەوە روودەدات و هەر ئەو جۆرە لە توندوتیژی لە خۆ دەگرێت کە دەیان جار بینیومانە؟

**توندوتیژی بەپێی ئەوەی کە لەکام جۆر و لە کوێ روودەدا دەتوانێت شاراوە یا ئاشکرا بێت.**

هەوڵ بۆ دۆزینەوەی هۆکار و ریشەی توندوتیژی ئاشکرا کارێکی گران نیە، توندوتیژی حکوومی، یاسایی و زۆرێک لە توندوتیژیە جەستەیییەکان لە کۆمەڵگا، نمونەی ئاشکرای ئەو جۆرە لە توندوتیژیەن. بەڵام جۆری دووهەم لە توندوتیژی واتە توندوتیژی شاراوە و نا وشیارانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە. توندوتیژی شاراوە بە دوو شێوە دابەش دەکرێت:

یەکەم ئەوەی کە ئەم جۆرە لە توندوتیژی ئەگەرچی جەستەییە بەڵام لەشوێنە گشتیەکان روو نادات، وەک توندوتیژی خێزانی لە ماڵەوە روودەدات و وەک نهێنیەک دەمێنێتەوەو باس ناکرێت.

دووهەمیان توندوتیژی جەستەیی نیە بەڵکو شێوەیەکە لە کلتوری توندوتیژ ئامێزە کە بەهۆی نا وشیاریەوە روودەدات. ئەم توندوتیژیە ئەوەندە دەرونیە کە دەتوانێت ببێت بەشێکی ئاسایی ژیان و کلتور و نەریتی هەر کۆمەڵگایەک.





### کێ سفرەکە کۆدەکاتەوە؟

منداڵی قۆناغێکە کە لەودا پێناسەی سەرەتایی هەر مرۆڤێک سەبارەت بە شوناسی جنسیەتی خۆی و کەسانیتر، هەروەها کلیشەگەلی پۆزێتیڤ ونێگەتیڤ دروست دەکات.
ئەوی کە لەو قۆناغەدا دەبێتە ژێرخانی وشیاری منداڵان، دەگەرێتەوە بۆ پەروەردەی ناو خێزان، مەدرەسە، راگەیاندنەکان و کۆمەڵگا. بە گشتی کردار و تایبەتمەندی وباوەڕگەلێک کە بۆ
رەگەزێک گرینگە ونۆرم لە قەڵەم دەدرێ لە چوارچێوەی رۆڵی ژنانە وپیاوانەیە لەمنداڵییەوە لەگەڵ مرۆڤ تێکەڵ دەبێت ولەکۆتاییدا دەبێتە هۆی دروست بوونی کلیشەگەلی جینسیەتی.
خاڵی گرینگ سەبارت بە قۆناغی منداڵی و ئەو پەروەردەیی کە منداڵان وەری دەگرن، دەوری گەورەساڵان وەک فێرکارانی ئەو بابەتانەیە.
ژنان وەک دایک، رۆڵێکی گرینگیان لەم بوارەوە هەیە و لە بەرهەمهێنان و دووبارە کردنەوەی ئەم کلیشە جنسیەتیانەدا شەریکن.ئەم تەوەرە ئەگەرچی تەوەرێکی جیهانیە بەڵام لە کۆمەڵگای
ئێمەدا زۆر زەق و بەرچاوە. زۆرێک لە دایکەکان هەر لە سەرەتاوە بە پێی باوەرگەلی شەخسی خۆیان یا بە هاوکاری باوکەکان و کۆمەڵگا، منداڵەکانیان بە پێی رۆڵگەلی پێناسەکراو
پەروەردە دەکەن و ئەوان رووبەرووی چوارچێوەیەکی لە پێش پێناسەکراو دادەنێن. بەم شێوەیە زۆرێک لە کچان بۆ هاوسەری و دایک بوون پەروەردە دەکرێن، فێری کارەکانی ماڵەوە دەبن و هەر
لەسەرتاوە فێری ئەوە دەبن کە لە رۆڵگەلی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێ بەشن و زۆرتر رۆڵگەلی پەروەردەیی و خزمەتگوزاریان لە ئەستۆیە، لە لایەکی تریشەوە کورەکان ئەو ئیزنەیان
پێدەدرێ تا رۆڵگەلێک کە کۆمەڵگا بۆ ئەوانی پێناسە کردوە تەمرین بکەن. لەم ناوەدا دایکەکان بە هەڵسوکەوتی خۆیان لە ماڵەوە مانای ژن بون فێری کورەکانیان دەکەن.
کچان زۆر زوو دەگەنە تەمەنی خۆناسین و لاوێتی، بۆیە هەر بەپێی هەمان پەروەردەی قۆناغی منداڵیان بەردەوام سەرقاڵی خۆ رازاندنەوە و جوانکردنی خۆیان دەبن ئەویش نەک بۆ خۆیان
بەڵکو بۆ کەسانی تر، ئەوان فێر دەبن لەسەر بەدەست هێنانی کوران لەگەڵ یەک کێبرکێ بکەن تەنانەت زۆر جار کەسی بەرابەریان بە قەحبە ناولێدەبەن و تا توانایان هەبێت لەبەر چاوی
ئەو پیاوەی کە خۆشیان دەوی سوکایەتی بە هاو رەگەزەکانیان دەکەن
لە راستیدا ئەوان بە دابەشکردنی ئەرک وکارەکان، جل و بەرگ، هەڵسوکەوت و رۆڵە سیکسیەکان، لە مێشکی منداڵانی کوریان ئەو کلیشانە دروست دەکەن. هەندێک لە دایکەکان زۆر بەکەمی
داوا لەکورەکانیان دەکەن لە کاروباری ناوماڵەوە یارمەتیان بدەن، لە بەرابەردا زۆرتر ئەرکی کرینی پێداویستیەکانی ناوماڵ دەدەنە کورەکانیان. چاوەروانی ئەوە لە کورەکانیان دەکەن کە
لەکاتی نەبوونی باوکیان ببنە پیاوی ماڵێ، بەغیرەت بوون و بەناموس بوون وەک خاڵێکی پۆزێتیڤی کورەکەیان و نیشانەی بالغ بوونی ئەو دەزانن. کور مافی خۆیەتی درەنگتر لە خوشکەکەی
بێتەوە ماڵ، بڕواتە سەفەر و هاتووچۆی دۆستەکانی بکات.
ئەگەر کورێک لە کاروباری ناو ماڵ تەنیا یارمەتێکی بچوکیش بکات هان دەکرێت بەجۆرێک دەڵێی چاکەیەکی گەورەی لەحەق خێزانەکەی ئەنجام دابێت.
بەڵام ئەرکی سەرەکی کچ ماڵداریە هەر ئەو جۆرەی کە دوزینەوەی پیشە و سەرمایە لە ریزی ئەو کارانە لەقەڵەم دەدرێت کە بۆ کوران دیاری کراوە.
هەر چەند لە دنیای ئەمرۆدا ئەم دەورو رۆڵانە بە خەستی رابردوو نیە بەڵام لە راستیدا تا ئێستاش ئەم کلتوورە پشت بە پشت دەگوازرێتەوە وتەنیا شێوازەکەی گۆراوە.
ئەو ژنەی تر راهێنانی رۆڵە جنسیەکان بە منداڵان تەنیا بە ئەرکەکانیان لە ماڵەوە کۆتایی پێنایەت. بەگشتی ئەو منداڵانە لە ژینگەیەکدا گەورە دەبن کە هەڵسوکەوتێک کە لە رواڵەتدا
پەیوەندی بەوانەوە نیە داهاتووی فیکری ئەوان دروست دەکات. ئەوان بە وشیاریەوە ئاگاداری رەفتاری گەورەکانن، دایک و خۆشکانێک کە هەندێکیان چیرۆک بێژی رق وقین و تورەیی و
سوکایەتی کردن و ئیرەیی کردن بە ژنانی هاو رەگەزی خۆیانن.
هاوسەرانێک کە ئەگەر مێردەکانیان لەگەڵ ژنێکی تر پەیوەندی هەبێت بێ دوودڵی ژنی بەرابەریان بە دوژمنی خۆیان دەزانن وتاوان و رۆڵی پیاوان لەو ناوەدا بەتەواوی لەبیر دەکەن.
دایکانێک کە کوریان هەیە هەموو کچانی دوور ونزیکیان وەک گورگ دەبینن کە چاوەروانن کورە تاقانەکە بخەنە داوەوە، هەر بەو هۆیەشەوەیە کە تاوانبار کردن وسوکایەتی پێکردنی لەبن
نەهاتووی خۆیان سەبارەت بە کچانی دەورو پشت دەست پێدەکەن. تا جێیەک کە کار دەگاتە تێرۆری کەرامەت و شەخسیەتی هەندێک کەسی تر.
کچان زۆر زوو دەگەنە تەمەنی خۆناسین و لاوێتی، بۆیە هەر بەپێی هەمان پەروەردەی قۆناغی منداڵیان بەردەوام سەرقاڵی خۆ رازاندنەوە و جوانکردنی خۆیان دەبن ئەویش نەک بۆ خۆیان
بەڵکو بۆ کەسانی تر، ئەوان فێر دەبن لەسەر بەدەست هێنانی کوران لەگەڵ یەک کێبرکێ بکەن تەنانەت زۆر جار کەسی بەرابەریان بە قەحبە ناولێدەبەن و تا توانایان هەبێت لەبەر چاوی
ئەو پیاوەی کە خۆشیان دەوی سوکایەتی بە هاو رەگەزەکانیان دەکەن. ئەوان هاوسەرگیری دەکەن و پیاو بە چاوی سەرمایە و کاڵایەکی بەنرخ چاولێدەکەن کە دەبێ لە چنگ هاو رەگەزەکانی
خۆی دووری بخاتەوە. کچێک کە هاوسەرگیری ئەنجام نەدابێ لە میوانیەکان و دەعوەتی دوستەکانیدا راحەت نیە، بەجلە رووتەکانیەوە لە میوانی بە چاوێکی تر سەیر دەکردرێت، رەفتارەکانی
دەخنە ژێر چاوەدێریەوە، بەڵام پیاوان لەم ناوەدا قوربانیانی بێدەنگن کە ژنان بە دوژمنایەتی یەکتر لە هەوڵی رزگار کردنیانن.
چەمکگەلێک وەک بووک، خەسوو، دش و شتی لەم شێوەیە هەموویان باسکەری ئەو دوژمنایەتیە دێرینەیەن کە ژنان بەهۆی فێر بوونیان لە کلتوور و ئایینەوە پشت بە پشت گواستویانەتەوە و
بەردەوام لە هەوڵی نوێکردنەوەی دان، ئەوان پێش ئەوەی فێری خۆشەویستی یەکتر بن فێر کراون بەردەوام لە کێبرکێی یەکتردابن.
لەو کاتەوەی لەگەڵ شوناسی خۆیان و ئامانجیان لە کۆمەڵگا وەک ژن ئاشنا دەبن کێبرکی بۆ گەیشتن بەو پێگەیە دەست پێدەکات.
شەرێکی شاراوە کە بە ئارایشتکردنی زیادە لە حەد و هەڵسوکەوتی زێدە رۆیانە، بارهێنانی لەشیان وەک باربی و هەوڵی لەو چەشنە دەست پێدەکات.
لەم ناوەدا بنەماڵە، گۆمەڵگاو بەتایبەتی دایکان و ژنانی خزم لە پشتیوانی کردن ئەم هەستە رۆڵێکی ناڕاستەوخۆ دەگێرن. ئەوان بەردەوام ئەو بەوەی کچێکی باش و جوان بێت لەگەڵ
کەسانیتر هەڵدەسەنگێنن، ئەو نە بۆ سەرکەوتنی لە بواری خوێندن بەڵکوو بەهۆی ماڵداری، خۆ رازاندنەوەو لە ئاکامدا بۆ بردنە سەرەوەی شانسی هاوسەرگیری دەخەنە ژێر فشارەوە.
ژنان هەر لە منداڵییەوە فێری شەڕ و کێبرکآ لەگەڵ ژنانیتر دەکەن و ئەم کێبرکێیە تا جێیەک پەرە دەستێنێت کە ئیتر دوای ماوەیەک کێبرکآ تەندروست لەبیر دەچێتەوەو دەبنە ژنانێک کە
هەموو هەوڵی خۆیان بۆ باشتر بوونیان لە باقی ژنانی تر دەخەنەگەڕ تا نەوەک هۆکارێک بدەنە دەست هاوسەرەکانیان تا لێیان هەڵگەرێنەوە.

ژن هەمووکات دەبێت لەگەڵ هاورەگەزەکانی لە کێبرکێدابێ تا نەوەک لە لایان ژنانی ترەوە یان لە لایەن پیاوانەوە تەریک بکەونەوە.

**گەمەی دەسەڵات**

روانینی بە دوور لە هەستیاری رەگەزی تەنیا تایبەت بە خەڵکی کۆڵان و بازار نیە. ژنان، کاتێک دەچنە ناو کاری سیاسەتەوە جا چ لە پۆستی دەوڵەتی و چ وەک چالاکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی بێت هەندێک جار بیریان دەچێتەوە کە لەپاڵ بیروبۆچوونە سیاسیەکانی خۆیان، باشترە سەبارەت بە بارودۆخ و ئەو پرسە سیاسیانەی رووبەرووی ژنان دەبێتەوە هەستیارتر بن.

ئەوان تا رادەیەک لە جەخت کردنەوە لەسەر ژن بوونیان ترسیان هەیە تا نەوەک لە گۆرەپانی سیاسەت کە بە کارێکی پیاوانەی دەناسرێت دوور بخرێنەوە. بۆیە نەتەنیا سیاسەتە دژە ژنەکان راناگرن بەڵکوو خۆیان پەرەپێدەر و لە جێبەجێکەرانی ئەو یاسا توندوتیژانەن. بەڵام لە ئاکامدا ئەو ژنانە دەبنە دۆڕاوی یاسا پیاو سالارانەکانی ئەم سیستمە و خۆیان دەبنە پیاوێکیتر کە پەرەپێدەری توندوتیژی دژی ژنانن. ئەوان لە شوێنی کار و لەسەر کورسی دەسەڵات بۆ بەدەست هێنانی پۆستێکی باڵاتر و بەرابەر لەگەڵ پیاوان پەیرەوی لە یاساگەلی کۆن و پیاو سالارانە دەکەن، هەوڵ دەدن تووڕەو توندوتیژ ببینرێن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش نە بە هۆی چۆنیەتی کاری باشتر و تواناییەکانیانەوە بەڵکوو تەنیا بەهۆی گەرەنتی ئاسایشی دەروونی و پێگە و پۆستی باشتر لەگەڵ هاوکارانیان و ژێردەستانیان پەیوەندیکی باش دروست دەکەن ودرێژە بە داوەرییە جێندەر تەوەر دەدەن.

ئەوان بە جۆرێک، خۆیان لە بازنەی هاوکارانی ژنیان دوور دەخەنەوە تا ئاسانتر بتوانن لە دونیای پیاواندا هەنگاو بنێن و ببنە بازنەیەک لە بازنەکانی دەسەڵاتی پیاوان.

بە کورتی ئەوەی کە، ژنان ئەوە فێری منداڵان و ژنانیتر دەکەن کە توندوتیژی زمانی و جەستەیی و یاسایی بەشێک لە ژیانە کە باشتروایە قبوڵ بکرێت. ئەوان چیرۆک گەلێک لەسەر پیاوان، وەک پێویستی سێکسی بێ برانەوەیان قبووڵ دەکەن و چونکە خۆیان بێتوانا لە وڵامدانەوەی ئەو پێویستیە دەزانن، چەند هاوسەریان قبووڵ کردووە و تەنانەت پرۆپاگەندەشی بۆ دەکەن.

هەندێک لە ژنانیش لەو زیاتر هەنگاو دەنێن و توندوتیژی جەستەیی وسێکسی هاوسەر و کورەکانیان سەبارەت بە کچەکانی خۆیان لە بەرچاو ناگرن و بە سڕینەوەی ئەم کێشە سەرەکیە لە هەوڵی هێور نیشاندانی پەیوەندی خێزانەکەیاندان.

برینی ئەندامی سێکسی کچان ( خەتەنە کردن ) پشت بە پشت ئەنجام دەدەن تاکوو کچەکانیان پاک و هەر بە کچێنی بمێنەوە تا بتوانن هاوسەرگیری ئەنجام بدەن.

هەندێکیتریش بە گێرانەوەی نوکتە سێکسیەکان، سوکایەتی کردن بە هاو رەگەزەکانیان و بەشداری کردن لە توندوتیژی زمانی پیاوان لە دژی ژنان هەوڵ دەدەن پێگەی خۆیان لە ناو دڵی پیاواندا بەهێزتر بکەن، کە لە رواڵەتدا تەنیا ئاسایشی دەروونی وکۆمەڵایەتی بۆ ئەوان بەدی دەکات.

ئەم دیاردەیە بەردەوام لە سەرتاسەری جیهان و بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە تا جێیەک کە ئێمە ژنان تێبگەین کە توندوتیژی لە دژی ژنان تەنیا کاتێک بنە بڕ دەکرێت کە خۆمان بەرهەم هێنەری نەبین.

سە ر چاوە: asoyroj

مالپەری کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

## دەسەڵات و توونددوتیژی



کە ژال درخشانی

گیەکیک لەدیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان کە زۆر کاریگەرە لەژیانی هەموومان و زۆر رۆانگەو بیرمەندی بەخۆوە خەریک کردووەو باس و گفتۆگۆی لەسەر کراوە، توونددوتیژیە کە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ خۆی کێشی کردووە. تا ئێستا زۆر لەسەر ئەم دیاردەیە نووسراوە و بابەت وروژێنراوە، بەڵام بەداخەوەو وەک واقیعێکی زاڵ وچەسپیوو ونەگۆڕ هەرماوەتەوەو چارەسەرێکی گونجاوی بۆ نەکراوە.

توونددوتیژی، کردەوەیەکی جیهانییە کە بەپێی تایبەتمەندیەکانی تاکەکەسی وکۆمەڵایەتی و بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان دەدات و درزی کردۆتە نێو هەموو بوارەکان بەگشتی و هەموو چین و توێژەکانی گرتۆتەو بووە بەهۆی لەدەست دانی مافی تاکەکەسی وهەروەها بەها مرۆییەکان و لەمپەرێکە لەسەر رێگای جیهانێکی ئەمن وئەمان. لەم نێوەدا کۆمەڵگاو یاساش بە بێدەنگە بوونی خۆیان بە دووبارە بوونەوەو بەردەوام بوونی یارمەتی دەگەیەنن. بێ گومان بەستێن گەلێکی وەک، داب و نەریت، ئابووری، سیاسی وئایین، رەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر ئەم دیاردەیە. هەر بۆیە لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتی و دواکەوتووەکاندا ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی ریشەی داکووتاوەو بووە بە بەشێک لە ژیان و تەنانەت بە یاساش دەرهاتووە.

ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرنگە کە لەسەری بدوێین و شتێکی غەریب و نامۆ نییەو بە زەقی دەبیندرێت، توونددوتیژیە دژ بەژنان کە مێتودو کردەوەیەکی نائەخلاقیەو وەک قەیرانێکی زەبەلاح رۆژ بەرۆژ پەرەدەستێنێت وئاسەوارێکی یەکجار خراپ لەسەر لەش و رەوانی ژنان بەدیاری دەهێنێت وکاریگەری نێگەتیفیشی لەسەر کۆمەڵگا بەجی هێشتووە و دەتوانیین بڵێین وەک چەمکێک بۆ دەسەڵاتی پیاوانەیە. هەر لەبنەماڵەوە بگرە تا قوتابخانە، شەقام، دوکان وبازار سات بەساتی ژیانی ژنان دەخاتە مەترسییەوەو کەش و هەوایەک دەخوڵقێت کە بەردەوام دڵەڕاوکێ و ترس سێبەر دەکێشێت بەسەر ژیانیاندا. ئەمە خۆی زۆر خەساری کۆمەڵایەتی وەک، خۆکوژی، خوسوتاندن و هەڵاتن لەماڵی لێدەکەوێتەوە. زۆرترین ئاماری توونددوتیژی تایبەتە بەبنەماڵە کە بەبیانووی جۆراوجۆر وەک بەرێوەنەبردنی بەها پیرۆزەکان و ئایین کە بێگومان دەستکردی دەستی پیاوانە وداب ونەریتی سوننەتی کۆمەڵگا لە لایەن ژنەوە و هەروەها بە بیانووی پاراستنی

نامۆس ئەنجام دەگرێت و بەگشتی، بە رەسمیت نەناسینی مافی ژن وەک ئینسانێکە.

جێگای داخە کە ئەم کردوەیە لە نێوان نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە شێوەیەکی زەقتر بەرچاوو دەکەوێت و ئەمەخۆی بیرتەسکی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە نیشان دەدات کە بەردەوام حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەمارگرژانە بە نەرخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ چوونە سەرەوەی ئاستی وشیاری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و دروست کردنی زۆر لەمپەر لەسەر رێگای کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکرات، ئەم دیاردەیە وەک رەوتێکی ئاسایی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە باسی لێوە بکرێت، دەسەڵاتە کە یەک لەگرنگترین، ئەو فاکتانەیە کە وەک فاکتەرێکی دانەبڕاو لەکۆی فاکتە بەرهەمهێنەرەکانی دیکە، لەبەرهەمهێنانی توونـدوتیژی بەگشتی و دژ بەژنان بەتایبەتی دەور دەگێڕێت کە بەشێوەی جیاوازو لەسیستەمە جۆراوجۆرەکاندا رەنگدانەوەی لەشوێن خۆی بەجێ دەهێڵێ و رێژەی تاوان و پێشێلکردنی تەنانەت نۆرمە ئاساییەکانیشی بردووەتە سەرەوە.

بەدرێژایی مێژوو دەسەڵات بەواتای حاکمییەتی سیاسی بووەو چینی حاکم خاوەنداری بوون، وئەم چینەش رێژەیەکی کەمیان لە کۆمەڵگا پێکهێناوەو لەم نێوەدا بەگشتی حکومەت نەتەنیا نوێنەری ئەم چینە حاکمە بووە بەڵکوو نوێنەری رەگەزی حاکم واتا پیاوان بەسەر کۆمەڵگاشدا بووەو جێی داخە کەتا ئێستا لە مێژوودا مەجالێکی وەها نەرەخساوە کە دەسەڵاتێکی پێکهاتوو لە هەر دوو رەگەزی نێر و مێ و دێموکرات پێک بێت. کە وایە خاوەن دەسەڵات کە پیاوانن، رۆڵی سەرەکی دەگێرن لە میکانیزمی بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و دابەش کردنی دەسەڵاتدا. بێگومان ئەمە خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان بە گشتی و قۆرخ کردنی دەسەڵات لە لایەن پیاوەوە کە دەتوانێ بێ رەحمانە سنوورێک نەناسێت و پەل دەهاوێژێت بەسەر ژیانی ژناندا. لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، دەسەڵاتی لە رادەبەدەری پیاوان، بووە بە هۆی ئەوەی کە یاساش سەقەت و پیاوانە بێت، پێکهاتەی کۆمەڵگاش لەسەر بنەمای نابەرابەری جنسی و چینایەتی بنیات نراوە. لە کۆماری ئیسلامیدا بە هۆی فەرهەنگی کۆن و سوواوی سەدە ناوەراستییەکان و داب ونەریتی پیرۆزکراو کە خەڵک ملکەچی دەبن و بەرهەمی ئایینی توندی ئیسلامییە، پەراوێز خستنی ژنان لە لایەن بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانی کۆمەڵگاوە بۆتە راستییەکی تاڵ، ئەمە تایبەتمەندی وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراوە. هەروها کە ئاماژەمان پێدا لە کۆمەڵگای ئێراندا دەسەڵات پیاوانەیەو هەموو قوژبنێکی گرتووەتەوەو توندوتیژی بنەماڵەش، زایەڵەی ئەو نابەرابەرییەیە لە دابەش کردنی دەسەڵاتدا.

لەکۆمەڵگای پیاوەمەزنی( پاتریارکی)، پیاو سێمبۆلی زوڵم و زۆرە لە بنەماڵەدا و دەسەڵاتی بەدەستەوەیەوە. ئەم نابەرابەریە لە دەسەڵات دا توندو تیژی لێ کەوتووەتەوە. دەسەڵاتی پیاوان لە بنەماڵەدا، زەختی زۆرو چاودێری سونەتی(ترادیسۆنی) ژیانی ژنانی بەرەو ئاراستەیەکی مەترسیدار پاڵ پێوە دەنێت و دەرفەتی ئەوەی نابێت بە شێوەی مرۆڤێکی تەواو، هەست بە بوونی خۆی بکات وئەمەش رێگرە لە سەرگەشەی ژنان و ئاستی وشیارییان و وەکوو مرۆڤێکی لاواز لە بەرابەر توندوتیژی پیاواندا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت. باوک و برا و هاوسەر بێ ترس لە سزادان و یاساو کۆمەڵگا، ناعەداڵەتییەک کە لە ساختاری کۆمەڵگادا هەیە لە نێو خێزانیش بە کردەوە دەری دەهێنن و بە شێوەیەکی وحشیانە، لێدان، ئەشکەنجەو سووکایەتی پێکردن ئاراستەی ژنان دەکرێت کە لەکۆتاییدا دەبێت بە هۆی ترسو بێتوانایی رۆحی و رەوانی و لەدەست دانی باوەر بە خۆبوون و بیرکردنەوە لە خۆکوژی. توندوتیژی بە شێوەی سیستماتیک پەیوەندی هەیە بە دەسەڵاتەوە کە قۆرخکراوی پیاوانە و بەدرێژایی سی ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەم سیستەمە کار کراوە، بۆیە جێی سەرسوورمان نییە کە ژنانێکی زۆر بوونەتە قوربانی.

ئەگەر چی ئەم دیاردە کوشندە و دیاردە هاوشێوەکانی، زەبرێکی قورسی لە کۆمەڵگای ئیران داوەو رژیمی ئیسلامی لە رێگای پەرەپێدانی و زەخت و گوشار و سەرکوت بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی خۆی هەوڵی بێوچانی داوەو بە درۆ و فریوکاری پروپاگەندەی بۆ سیاستەکانی کردووە، بەڵام ئەمرۆژە دەبینن و دەبیستین کە نەتەنیا نەگەیشتوونەتە ئامانج، بەڵکوو سەرەڕای لەسێدارە دان و زیندان و لێدان، لەگەڵ نەفرەت و قینی جەماوەری وەزاڵە هاتووی ئێران بەگشتی و ژنان بە تایبەتی بەرەروو بوەتەوە. ئێستاکە بزوتنەوەی ژنان لە دوای تێپەرکردنی دەورانێکی پر لەئازارو مەینەت، شێلگیرانەو ئاشکرا دەنگی هەڵبریوەو بەهێز و بەتین هاتوونەتە مەیدان و هەڵگری پۆتانسیەلێکی بەهێزە دژبە سیاسەتی دژە ژن و شەوەزنگی ئایینی کوماری ئیسلامی. بۆنموونە لە ئاخێزە جەماوەرییەکەی هەنووکەی ئێراندا شاهێدی ئەوە بووین کە ژنان چلۆن بە تین و تەوژم و سەربەرزانە، شان بە شانی پیاوان سەرەرای هەورازو نشێو، تەنانەت بوێرانەتر هاتوونەتە مەیدان. کە دەڵێین بوێرانەتر مەبەست ئەوەیە کە سەلماندیان راست نییە کە دەڵێن شۆرش پیاوانەیە و ژنان وەک هێزێکی پاشکۆی شۆرشن وهەروەها لە ئەگەری بەند کردن و زیندانی کردندا، بە شێوەی وەحشیانەتر رووبەرووی ئەشکنجە و ئازار دەبنەوە ومەترسی زیاتر لە سەر رێگایاندایە.

هەرچەند بەردەوام لە پێش شۆرشەکاندا ژنان رۆڵێکی کارا و ئەکتیفیان گێراوەو و وەک ئامێرێک بۆ سەرختنی شۆرشەکە کەڵکیان لێوەرگیراوە، بە هیوای ئەوەی کە لە دوای شۆرش مافەکانیان دابین دەکرێت و چیتر لە بیرناکرێن، بەڵام بە داخەوە لە دوای سەرکەوتنی شۆرش پەراوێز خراون. بۆ نموونە لە نارەزایەتییەکانی شۆرشی ساڵی57 بە دژی حکوومەتی پاشایەتی ژنان وەک ئامرازێک بەکارهێنران، پۆششی ئیسلامی کە زەمەنێک تەنیا بۆ یەکگرتوویی خەباتەکە ناوی لێ دەبرا دواتر بوو بە بەهانەیک بە دەستی دەسەڵاتدارانی ملهۆرو سەرەرۆ بۆ کپ کردنی هەر جۆرە دەنگ هەلبرینێک و حیجابی زۆرە ملی سەپێنرا بەسەر ژنانی ئێرانداو ئەو ئازادیە کە پێشتر ژنان لەپۆششی خویاندا هەیانبوو لێیان زەوت کرا. لەم قۆناغەی ئێستادا ئاسۆی ئاڵوگۆڕەکان و رووداوەکان باس لەوەدەکەن کە چیتر قۆناغی بێدەسەڵاتی و لاوازی روو لە تێپەرینە و ژنان بە تێگەیشتنی قووڵترو روانینی وردترو بابەتیانەتر لەرووداوەکان دەڕوانن و ئیتر نابنە ئامێرێک لەم پانتایەدا، بەڵکوو دژی هەر جۆرە ناعەدالەتییەک و توندوتیژیەک دژ بە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دەوەستنەوەوە بەهێزتر لە رابردوو لە سەنگەری ئەم خەباتە هەنگاوی قایمتر هەڵدەگرن.

*ماڵپەری کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات*

## توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان: هۆکارەکان و ڕێکارەکان



ناهید بەهمەنی

**توندوتیژی کە لە کۆمەڵگای سوننەتیدا ڕەواجی زۆرترە لە هەنگاوی هەوەڵدا ژن و منداڵ دەداتە بەر پەلاماری خۆی و لە سەر بناغەی پیاوسالاری دامەزراوە.**

توندوتیژی و هێرش کردنە سەر ژنان، چین، ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، بیروباوەڕ، تەمەن و ئایدیولۆژی ناناسێت، لە سنوور و وڵاتی تایبەت تێپەر دەبێت و لە هەموو جێگایەک بە شێوەی جۆر بە جۆر بە کار ئەبرێت. بنەڕەتی ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانە دەرحەق بە نیوەی کومەڵی ئینسانی "پیاومەزنی"یە کە تێیدا ژن بە ملکی پیاو دەناسرێت. پیاو وەکوو یەک مەجموعە دەستی باڵای هەیە و ژنیش وەکو ژێرمەجموعەیەکی پلە دوو سەیری دەکرێت و بەرپرسایەتی و دەسەڵاتیش لە سەر ئەساسی ئەم دابەش کردن و لێکدانەوە نابەرابەرە ناوەرۆک و مەعنای پێ دەدرێت.
ناحەقتر ئەوەیە کە ئەم سیستمە و ئەم فەرهەنگە دایمەن بۆ شاردنەوەی زوڵمی پیاوان هوو سەبەب دەبینێتەوە و دڕندەیی و سەرکوتی ژن لە لایەن پیاوەوکەیەوە بە نیشانەی خوشەویستی زۆری پیاو بەرامبەر بە هاوسەرەکەری دەزاندرێت و لێدان بە پێوانەی وەفا و بەدەربەست بوونی پیاو لە قەڵەم دەدرێ. یان دەگوترێت کە قودرەت نواندن واتە زەبر و زەنگ بو پیاو بە هۆی هۆرمۆن و فیزیکی جیاوازەوە لە جوملەی نیازی سروشتی پیاوە و لە راستیدا لێدان لەم ڕێگایەوە بو نێرینە پاساو دەکرێ و بەم جۆرە نهادینە دەبێ.
لەوەش خراپتر لە وڵاتانێک کە قانون و یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە سەر ئایین و نەریتی شەرعی دارژاوە، وەکوو ئێران، تەبەعیەتی ژن لە پیاو دەشبێتە قانونی پیرۆز. بەلام زوڵم لە ژن و لەوانە توندوتیژی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ پێوەندی قووڵتری بە نەریت و عورفی "پیاو سالاری"یەوە هەیە تا "شەرع". ئەگەر چی ئایین ئەم کۆت و بەندانە چڕوپڕتر دەکات و هەروەها بە نەگۆڕ و پیرۆزیان دادەنێت.
جەوهەری پیاومەزنی لە بنەڕەتدا ئەمەیە کە پیاودەیهەوێت و تێدەکوشێت بە هەموو شێوەیەک و لەوانە بە زەبری کاریگەری توند وتیژی ژن کۆنترۆڵ بکات و بیباتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. شێوەی ڕوانین بۆ ژن پێوەندی ڕاستەوخۆی بە نەوعی ڕوانین بۆ دەسەڵات هەیە. بە واتەیەک جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەیەک و پێوانەیەکیشە لە ڕادەی دابەش کردنی دەسەڵات و سەروەری نێوان ژن و پیاو. دەکرێ بڵێین پیاو و توندوتیژی ئاوەڵدوانەی یەک نین، بەڵکوو دەسەڵات و توندوتیژی پێویستیان بە یەکتر هەیە.
لێدان و کوتان، کە تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان، سەرتایی ترین نەوعی توندوتیژییە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتی بێیاسا و سوننەتی و لەوە خراپتر عەشیرەتیدا نەک تەنیا ناشیرین نییە و نادرێتە بەر ڕەخنە، بەڵکوو بەجۆرێک معیارێکیشە بو راگرتنی "ڕێز" و گەورەیی پیاو و بەرەسمی ناسینی رادەی دەسەڵاتی بەسەر ژندا.
مەرج نییە کە توندو تیژی لە حەنای ژنان دایمەن بە لێدان و زەبرو زەنگی فیزیکی نیشان بدرێت. زانایانی دەروونناسی و پسپۆڕانی ئەم بوارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بەرهەمی لێکولینەوەکانیاندا بەوە گەیشتوون کە پیاوان لە مەڕ خۆ بە بالاتر زانین وبۆ راگرتنی ئەم حالەتە روحیە لە بەرامبەر ژنەکانیاندا شێوە و تکنیکی دیکەش لە هەلس و کەوتی ڕوژانەدا بە کار دەهێنن. یەک لەوانە توندوتیژی دەروونی نەفسی ورەوانییە. بۆ نمونە سەرنج نەدان بە قسە و بوونی ژن لە نێو جەمعدا. کاتیک ژنیک لە نیو جەمعێکدا ڕشتەی کەلام بە دەستەوە دەگرێت، پیاو بێتاقەت دەبێت و لە سەر جێگاکەی ئارامی نییە یان لە سەر کورسییەکەی جوڵەجوڵ دەکات یان دەس دەکات بە خوێندنەوەی نووسراوەیەک و ئەگەر ئەوەش نەکات تماشای ژنە قسەکەرەکە ناکات و بەم شێوەیە ئەو بە بچوکتر لەوە دەزانێت کە گوێی بو شل بکات. ژن لەمەدا زور هەست بە بێقابیل بوون و کەم بایەخی و تەنانەت ئامن بوون دەکات.
جاری وایە لە جیاتی قسە پێ وتن و سووکایەتی بە زمان، سکوت و بێدەنگی وەکوو چەکێک لە لایەن پیاوەوە بە کار دەبرێت و کاریگەری عاتیفی دەکاتە سەر ژن. بە پێی ئەزموونەکان پیاوان زور جار بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خۆیان لەم ڕێگایەوە کەڵکی باشتر وەردەگرن تا زەبرو زەنگ. مەتەڵەک وتن و نەوعێک لە دوان و قسە کردن کە دەبێتە هۆی ئازاری روحی و تەحقیری ژنان یان گاڵتە کردن بە کارێک کە "ژنانە" نییە وەکوو کاروباری تەکنیکی و بەپێی نەریت کاری" پیاوانە"یە و ژن جەسارەت لە خۆ نیشان دەدات و دەیکات. یان شاردنەوەی نهێنی و ئەسرار لە ژن. بێباوەڕییەکی تەواو لەمەدا زەق دەبێتەوە. زۆرێک لە پیاوان گرینگترین بڕیار و تەسمیماتی ژیانیان بەبێ ئاگادار بوونی ژنەکەیان عەمەلی دەکەن. سوننەتی پیاو مەزنی عەقلیەتی ژن بە گشتی بۆ بڕیاردان و حوکم بڕینەوە بە لاواز و کەم و کورت دەزانێ. بڕوا کردن بە ژیری و توانای مێینە لە بواری بڕیارداندا خۆی لە خۆیدا زەمینەیەکە بۆ بە حەسێب هێنانی توانایی ژن و مەجال بۆ ڕەخساندنی بۆ گەیشتن بە چوار چێوەیەک لە دەسەلاتداری، ئەگەر چی بەرتەسکیش بێت و ئەمەش تابووە و نابێ بشکێت.
جنێودان، هەرەشە کردن، تەعقیب، بێمبالاتی بە هەست و خواستی ژن لە هەموو بوارەکاندا وێڕای بێبەش کردن لە ئیمکاناتی مالی و ئابووری کە بە تەواوی ژن دەکا بە دەسەنە خۆری پیاو، دەبێتە هۆی فشاری روحی بو ژن. بە گشتی کاریگەری توندوتیژی رووحی قووڵتر و درێژخایەنترە.
دەسدرێژی جینسی بەرامبەر بە ژنانی کارمەند و کرێکار لەلایەن کاربەدەستان و کارفەرماکانەوە کە زوربەی وەختەکان لە بەر مەترسی دەرکردن لەسەر کار و بێکار بوون و هەروەها بێئابروو بوون بێدەنگی لێدەکرێت و قەد بەو رادەیەی کە روو دەدات دەرناکەوێت. توندوتیژی جینسی دژ بە ژن زوربەی جارەکان بە پەنامەکی و دوور لە چاوی ئەم و ئەو دێتە کایەوە. لە دەسدرێژی جینسیدا شەرم دەبیتە هۆی شاردنەوەی. ئاشکرایە لەم وەزعەدا خۆکوشتن و خۆسوتاندن ڕێگای دەربازبوونە لە جەهەنەمێک بە نێوی ژیان کە بۆیان خوڵقاوە. لە ماوەی چوار ساڵدا لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧، ٢٠٠٠ ژن لە ئێران خۆیان سوتاندووە.




توندوتیژی سیاسی لە کۆمەڵگادا بنەمای هەموو توندوتیژیەک پتەو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی نهادینە بوونیان. چونکە دەوڵەت لە ڕێگای لە بەرچاونەگرتنی مافی ژنان لە دارشتنی یاسادا ئەسلی نابەرابەر بوونی مافی ژن و پیاو دەکاتە قانونی و ڕێگا بۆ بە دەسەلات نەگەیشتنی ژنان یان ڕێگا پێنەدانیان لە زوربەری بوارە کومەڵایەتی، سیاسی و شوغڵە سەرەکییەکاندا خۆش دەکات. لەو چەشنە ڕژیمانەدا داکۆکی کردن و پشتیوانی دەرمانی و دەروونی وخزمەتگوزاری لەو کەسانەی کە قوربانی توند وتیژین جێگایەکی لە پروژە و ئەرکەکانی حکومەتدا بەرامبەر بە شارۆمەندانی نییە و تەنانەت زوربەی جارەکانیش ژنانی زوڵم لێکراو نەک وەکوو قوربانی بەڵکو وەکو خەتابار و تاوانکار دەناسرێن.

داکۆکی نەکردن لە یەکسانی ژن و پیاو لە سیاسەت داناندا وا دەکات کە نێرینەی ماڵ وەکوو باوک، برا و مێرد لە سایەی ئەم بێ پشتیوانیەدا هەموو یاسا و نەریتی نایەکسان و زاڵمانەی نێو کۆمەڵگا بەبێ ترس لە بنەماڵەی خۆیدا دابمەزرێنێ. ئەو هەموو ژن کوشتنە لەلایەن برا و باوک و مێردەوە بە نێوی دیفاع لە شەرەف وناموس نیشاندەری ئەم راستییەیە و دەوڵەت و فەرهەنگی پیاوسالارانە پێکەوە دیواری زیندانی ژیان بو ژنان بە چەن قات پتەوتر دەکەنەوە. بە تایبەت لە ئیران، ئەو وڵاتەی کە هەڵاواردنی جینسی قانوونی کراوە.

حیجابی زۆرەملیش، لە جوملەی توندوتیژی دەروونیدایە، بەڵام هەروەها بەبۆنەی بە یاسایی کردنی لە کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا دەچێتە خانەی زوڵمی سیاسیشەوە. حکومەتی ئیسلامی ئێران بە بیانوی حیجابەوە بەردەوام و شێلگیرانە ژنانی داوەتە بەر پەلامار وزەخت و زۆر، بە گۆپاڵی حیجاب دوژمنایەتییەکی ساختەی لە نێوان ژنی "موسڵمان" و ژنی "کافر"دا پێکهێناوە و نارەزایەتی و بێزاری ژنانی لە بارودۆخی نالەبار و نامرۆڤانەی داسەپاو بە سەریاندا، بەردەوام بە چەکی "حیجاب" دامرکاندووە و بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی نێوان ژن وپیاو و هەڵاواردنی جینسی لە کۆمەڵگادا لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەپێداوە.

تەڵاق نەدانی ژن لە کاتێکدا کە ژن خوازیاری تەڵاق سەندنە، فرەژنی پیاو تەنانەت بەبێ ئیزنی ژنی هەوەڵ، نەدانی مافی سەرپەرشتی منداڵان بە ژن لە کاتی جیابوونەوەدا، بەرگری کردن لە کاری ژن لە دەرەوەی ماڵ و بێدەسەڵاتی ئابووری، لە جوملەی توندوتیژی حقوقی دان.

راگرتنی دەسەڵات بە بێ توندوتیژی ئەویش لە چوارچێوەیەکدا کە سنووری بۆ دابین نەکرێت، لە کۆمەڵگا و لە بنەماڵەدا، بەرێوە ناچێت. نەوعەکانی خشونەت بەرامبەر بە ژنان هەر وەکوو رادەی کاریگەرییەکەی بەرفراوان و جوراوجورە.

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان گرفتێکە کە لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا، شارستانییە کۆنەکاندا، وڵاتانی دیموکراتیک، وڵاتانی ئیستیبدادی کەم تا زۆر هەیە وتەنانەت هاوکات لە گەڵ قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش وەکوو شەڕ، قەیرانی ئابووری و هتاد زیاتر پەرە دەستێنێت. بۆ ئەو ژنانەی کە کچی ماڵن، خوشکن، هاوسەرن، بووکن، هاوسەری پیشوون، هاوژینن، ئاسمانی ئەم زوڵمە هەزار وێنەیە هەر یەک رەنگە.

ئاماری رەسمی یەکیەتی ئوروپا دەڵێ کە توندوتیژی ناو بنەماڵە گرینگترین هۆکاری مەرگ لە نێوان ژنانی ١٦ تا ٤٤ سالدایە لە ئوروپا. نەخوشی شێرپەنجە و رووداوی ماشێن بە نیسبەت توندوتیژی بنەماڵە لە رادەی دوهەم و سێهەمدان.

بێدەسەڵاتی مالی و ئابووری ژن بناغەی توندوتیژی پیاو دەرحەق بە ژنە. بە گوێرەی لێکوڵینەوەکان، سەرەڕای دەورەگەلێکی ناوبە ناو لە رەفتاری سووک و نامرۆڤانە بەرامبەر بە ژنان، ئەوان لە سالی هەوەلی هاوسەری، لە دوای منداڵ بوون، لە کاتی تەنگەژەی مالی، لە دەورەی دووگیانیدا و لە تەمەنی میانساڵیدا زورتر تووشی توندوتیژی دەبن.

بە کارهینانی وشەی رەکیک و ناشیرین، بیانووگرتنی یەک لە دوای یەک، دەنگ هەڵبرین و توورەیی، دەستووردان و داخورین، هەرەشەی کوشتن، بێبەش کردن لە خواردن، کوتەک و لێدان، مەجبوور کردن بە کاری پێچەوانەی ئەخلاق و قانوون، پێش گرتن لە سەربەخۆیی ئابووری، لە خوارەوە بوونی حەقدەستی کارکردنی ژنان لەچاو حەقدەستی پیاوان، پێوەندی جینسی بەزۆر، مەجبوور کردن بە دیتنی فیلم و وێنەی دژی ئەخلاق، فرەژنی، بێبەش بوون لە سەرپەرشتی مندال لەدوای جیابوونەوەی ژن و پیاو، قاچاغی کچان و ژنان بۆ وڵاتانی دنیا و بازرگانیی سێکس، بەردەباران، ,سیغە یان هاوسەریەتی کاتی،حیجابی زۆرەملی، قەدەغە کردنی ئیزدواجی ژنی موسڵمان لەگەڵ پیاوی غەیری موسڵمان، بەحیساب هێنانی کچی تەمەن ٩ ساڵ وەکوو ژنی باڵغ، بەحسێب هێنانی ژن بە نیوەی پیاو لە قەزاوەت و شەهادەتدا، بەرێگری لە خۆێندن و فێربوونی زانست بۆ کچان، خەتەنەی کچان، لەناوبردنی منداڵی کچ پێش لە دایک بوون و دەستدرێژیی جینسی سیستماتیک لە کاتی شەڕ و لە بەندیخانەکاندا، وێنەکان و شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنانن.

بەگوێرەی سەرچاوەکان بازرەگانیی سێکس بە ژنان لە دوای قاچاغی چەک و مادە سرکەرەکان سێهەمین بازرگانی پرسوود و نایاساییە. بە پێی راپۆرتی رێکخراوی نێونەتەویی "کار"، ئەمە نمونەیەکی بەرچاو لە هەڵاواردنی سەردەمی هاوچەرخە بۆ ژنان. ساڵێ میلیۆن و نیوێک ژن بە قاچاغ دەس بە دەس دەکرێن. قاچاغبەرەکان و کرپارانی ئەم بازرگانییە دزێوە لە ڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنیکەوە بە نێوی "بووکی سفارشی" ئەم کچان و ژنانە بۆ وڵاتانی دنیا بەرێ دەکەن و دواتریش بە مەبەستی کەڵک لێ وەرگرتنی جینسی دەدرێنە وڵاتی سێهەم. قاچاغچییەکان بۆ هێنانی ئەم کۆیلانە تەرحیکیان هەیە بە نیوی "تەرحی راو", ئەویش ئەوەیە کە ئەم ژنە دزراوانە لە سەرەتاوە بۆ ماوەی ٤٢ سەعات لە دیوێکدا حەبس دەکرێن و ٧-٦ کەس دەستدرێژییان پێدەکەن. لە دوای ئەم کارەساتە ئەم ژنانە لە باری دەروونی و باوەر بەخۆوە دەرووخێن ولە لایەکی تریشەوە بە هۆی نەبوونی جێگا و سەرپەناوە دەبنە بوونەوەرێکی بە تەواوی فەرمانبەر و بێئیرادە. ڤیزا و پاسپۆرتەکانیشیان لەلای قاچاغبەرەکانە و بۆیەش ناتوانن هەڵێن و لە لایەکەوە لە ترسی گرتنی پۆلیس و لەم لاشەوە لە ترسی قاچاغچییەکان ئەو ژیانە ژێردەستەییە و وئەو سووکایەتییە قەبووڵ دەکەن. بە گوێرەی مەجمەعی پارلمانی شورای ئوروپا لە سەدەی ٢١دا هێشتا کۆیلە لە ئوروپا ماوە و و زوربەشیان ژنانن و بە نێوی کارەکەری بۆ ماڵان دەفروشرێن بە وڵاتانی دیکە.

توندوتیژی دەرحەق بە ژنان ریشەی لە هەڵاواردنی رەگەزیدایە و هەروەها پەرە پێدەریشیەتی. توندوتیژی ناهێڵێت پێناسەی "پیاوانە" لە سایەی زانست و تێگەیشتنێکی ئینسانی و فەرهەنگێکی ئازادپەروەرانەوە بکەوێتە بەر رەخنەوە، مەودا بۆ ژن ناهێڵێتەوە بۆ فکر کردنەوە ودەربازبوون، ئاستی چاوەروانی و خواستەکانی دێنێتە رادەیەکی خوارەوە تا ئاستی کۆیلەیەک، ناهێڵێت مەنتقی لاوازی "پیاوسالاری" و زاڵ بوونی پیاو بە هۆی فیزیکی بەهێزەوە بکەوێتە لاوە و تەریک ببێتەوە. "پیاوسالاری" بو راگرتنی دەسەلاتەکەی نیازی بەم "زۆری بازوو"ە هەیە. سروشتی و ئاسایی بوونی ئەسلی "ژێردەستەیی" ژن بۆتە باوەرێکی قووڵ نەک هەر لەنێو پیاواندا بەڵکوو بەداخەوە لە نێو ژنانیشدا. توندوتیژی لە وەها بارودوخێکدایە دەوام دەهێنێت.

پسپۆڕان دەڵێن ئەورۆ بنەماڵە پڕمەترسیترین شوینە بۆ ژن. لە وڵاتانێک کە بەتایبەت پشتیوانی دەسەڵات وکۆمەڵگا لە ژن بە عورف و بە شەرع لە پێناوی دامەزراندن ودابین کردنی هەڵسوکەوتێکی ئینسانی نیوان دوو لایەنی ژن و پیاودا لە ئارادا نییە و نەسەلماوە، ئەم دیاردەیە و کاریگەرییەکانی لەسەر نەک تەنیا هەر ژن بەڵکوو منداڵ و بەگشتی بنەماڵەش دەورێکی زۆری هەیە. توندوتیژی لە حەنای منداڵ لە بنەماڵەدا لە لایەن باوک و دایکەوە بە نێوی "ئەدەب" و "پەروەردە" قەبووڵ کراوە و سنووریشی بۆ دانەنراوە. هەر بۆیە بەم بیانووەوە لێدان لە منداڵ و بەتایبەت منداڵی کچ ئاساییە و لەم ڕێگایەوە توندوتیژی لە بنەماڵە دا پەرە پێدەدرێ. لە ئاکامدا نەوەیەکی نەخۆش لەباری دەروونییەوە و هەروەها کومەلایەتیشەوە پەروەردە دەکرێت کە تێیدا منداڵی کچ هەر ڕێڕەوی خامۆش و بێ تەوەقوعی ڕێگای دایکیەتی و منداڵی کوڕیش هەڵسوکەوتی باوکی دەکاتە پێوانە و نموونە بۆ هەڵسوکەوت لە گەڵ شەریکی ژیانی.

ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پانتایی و سنووری کاریگەرییەکانی توندوتیژی چوارچێوەی خێزان و بنەماڵە تێپەڕ دەکات. واتە ئەوانەی کە زورتر ئاسایش و ئەمنییەتی کۆمەڵگایش دەخەنە مەترسییەوە کەسانێکن کە شاهیدی توندوتیژی لە بنەماڵەیاندا بوون لە تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵیدا. کە وایە نائەمنی لەنێو بنەماڵەدا نائەمنی کۆمەڵایەتیشی پێوە بەسراوە.

کۆمەڵگای سوننەتی و پاش کەوتوو، کێشەی ژن و منداڵ و بەگشتی توندوتیژی لە بنەماڵەدا بە کێشەیەکی خوسووسی دەزانێت و دەوڵەت و دەزگاکانی لەم چوارچێوەیەدا لەمەڕ چارەسەر کردنی ناکۆکی و توندوتیژی بەرپرسایەتییان نییە. بەڵام کۆمەڵگای پێشکەوتوو ئەم بەرپرسایەتییە ناخاتە سەر ئەستۆی تاک، بەڵکوو دەوڵەت بە نۆێنەرایەتی خەڵک و کۆمەڵگا بە پێی یاسا بریار دەدات. یاسا لەلایەکەوە دەبێتە ژێرخانی نەزم و دادپەروەری و لە روویەکی دیکەوە فەرهەنگی پێشکەوتوو پەرە پێدەدا. چون تەنیا یاساش نییە کە کاریگەری هەیە، بەڵکوو فەرهەنگیش دەبێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت. میدیا دەبێ دەوری بێلایەن و بەئینسافی هەبێت لە ناساندنی رواڵەتی زوڵم و زۆردا و لە دەرخستنی دەنگی ناڕەزایەتییەکاندا. بزووتنەوەی ژنان و هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و دام وەدەزگاکانی کوَمەڵگای مەدەنی لە کوردستان نیازیان بە راشکاوی، لێبڕاوی و شەفافیەت لەم ڕێگایەدا و لە هەمان کاتدا "یەکبوون و یەک دەنگیش" هەیە. نەک هەر ژن کوژی، بەڵکوو هەموو ئەم دیمەنانە لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بە هەموو هەوڵ و تەقالایەک دەبێ بگۆڕدرێت، دەبێ لە باری ئەخلاقییەوە عەیب و شوورەیی و لە رووی یاساییەوە سزاهەڵگر بێت. توندوتیژی بەرامبەر بە ژن نابێت بێسزا بمێنیتەوە. تێکۆشان بۆ دابین کردنی یاسایەکی مۆدێرن، دێمۆکراتیک و مرۆڤدۆستانە بەرهەمی کاری دەسەڵاتێکی مۆدێرن و دێموکراتە. هەر بۆیەش ئەم خاڵانەی خوارەوە وەکوو خاڵگەلێکی سەرەکی لە پرۆژەیەکی جیدیدا بۆ پێکهێنانی بارودۆخیکی ئازاد و ئەمین دەبێ بەئەنجام بگات و ببێت بە سەرەتایەک بۆ ڕێفۆرم لەمەڕ داکۆکی کردن لە کەرامەت و کەسایەتیی ئینسانی ژن و لەم ڕێگایەشەوە بەهرەمەند بوون لە بنەماڵەیەکی سالم و سەرفەراز:

- جیاکردنەوەی شەریعەت لە حکومەت.
- دارشتنی یاسایەکی نوێ لەسەر بناغەی راگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ.
- تەزمینی پشتیوانی قانونی و خێرای نیهادە قانونییەکانی وەکوو پولیس و دەزگا ئەمنییەتییەکان لەو ژنانەی کەوتوونەتە بەر توندوتیژی.
-لێکۆڵینەوەی قانونی لەلایەن دەزگای حکومەتی و قەزاییەوە لە سەر کەیسی کەسانێک کە ژن لە ڕێگای فیزیکی، جینسی، دەروونی و هتاد دەدەنە بەر پەلامار و هەرەشە و بە سزا گەیاندنی ئەو کەسانە.
- دابین کردنی بودجەیەکی شیاو لەلایەن دەوڵەتەوە بە مەبەستی پەروەردەکردنی کادر و کەسی پسپۆر لەم بوارەدا وەکوو راوێژکاری کۆمەڵایەتی و راوێژکاری بنەماڵە.
- دانانی ماڵی "ئەمن" بو ئەو ژنانەی کەوتوون و دەکەونە بە ڕپەلاماری توندوتیژییەوە و دابین کردنی سیستەمی حەرەس ونیگابان بۆ پارێزگاری لێکردنیان.
- فێر کردنی ژنان و پیاوان بە چۆنیەتی بە کار هێنانی پێوەندی شیاو و بەرابەر لە نیوان ژن وپیاودا، لە باری زانستی، فەرهەنگی، بیهداشتی و ئەخلاقییەوە.
- قەدەغە کردنی تەمێی جەستەیی منداڵان لە بنەماڵە و لە کۆمەڵگادا کە دەبێتە هەوێنی ئاسایی کردنەوەی توندوتیژی بە گشتی.
- دانانی کلاس و دەورەی فێرکردنی خویندن و نووسین، هەروەها و بە گشتی خوێندن بۆ ئەو ژنانەی کە شانسی خوێندنیان نەبووە، لە شار ولە گوند و بە تایبەت بو ژنانی قوربانی توندوتیژی.
- دانانی دەوەرەگەلێک بۆ فێرکردنی پیشە و شوغل بە گشتی بۆ ژنان تا شانسی کاریان زیاتر و بەرێوە بردنی ژیانیان و سەربەخۆیی ئابووریان زۆرتر تەزمین بکرێت.
- دارشتنی تەرحی "بەلاوەچونی موسبەت" واتە تەبعیزی موسبەت بۆ ژنان وەکوو توێژێکی کۆمەڵایەتی کە زوڵمیان لێکراوە و بەشیان لە دەسەڵاتدا لە گەڵ نەقش و دەوریان لە کۆمەڵگادا نایەتەوە. ئەم شێوەیە کاریگەریی بەرچاوی لە سەر گەشە پێدانی عەقلیەتی مودێرن و بەرابەریخوازانە لە نێو کۆمەڵگادا هەیە و لە زوربەی وڵاتانی پێشکەوتوو تاقی کراوەتەوە.
- ئێمە وەکوو ژنانی بەدەربەست بە کێشەی ژنی کورد و رزگارییەکەی لە بەشی روژهەلاتی کوردستان، بێگومان ئەزموونی کوردستانی باشوور دەبێ بکەینە نمونەیەک بۆ دەرس لێوەرگرتن. نەهێڵین لە ئاڵ وگۆڕەکانی داهاتووی کوردستانی ئێران کێشەی ژن لە هەموو لایەنێکیەوە بکەوێتە پەراوێزی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە و بە بیانووی سونەت و ئایینەوە ڕێگای سێکولار و مۆدێرنی ئازادی و سەرکەوتنمان وون بکەین.

ماڵپەری کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

## به بۆنەی ٢٥ نۆڤەمبەر رۆژی قەدەغە کردنی توندو تیژی دژی به ژنان



روفیا رەمەزانعەلی

رۆژی ٢٥ نۆڤەمبەر وەکو رۆژی نێو نەتەوەی قەدەغەکردەنی توند و تیژی دژ به ژنان له لایەن کومەڵگای نێونەتەوەیی دیاری کراوه. جێگای خۆیەتی بەم بۆنەوە چالاکان و تێکوشەرانی بواری خەباتی یەکسانیخوازی چاوخشاندنێکی کورت و پێویست سەبارەت به هەلو مەرجی کومەلاَیەتی و سیاسی و بارودوخی ژیانی ژنان بکەن. مافی ژن ئەبی به پێ مافی مروڤ پێناسه بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت.

له جارنامەی مافی مروڤ سەبارەت به مافی تاکەکان هاتووه" هەمو ئینسانێک ئازاد له دایک ئەبێ و هەمو کەسێک ئەبێ بەهاو ئەرزشی یەکسانی له کۆمەڵگادا هەبێت".

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات که هەمو تاکێک له کومەڵگا مافی یەکسانی هەیە هیچ کەسیک بۆی نیه کەسێکی تر به هۆی رەگەزی ،زمان، رەنگە پێست ، یان بیر و بۆچونی جیاوازەوە لەم ئازادیانە بێبەری بکات. ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەردەخات و پێویستی به وەلام و لێکدانەوە هەیە ئەوەیە ، ئایا دوای ئەو جارنامەیەی مافی مرۆڤ که به روونی شتەکانی دیاری کردووه بۆ پێویست دەکا له لایەن خودی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رۆژێک بۆ بەرەنگاربوونەی توندوتیژی دژ به ژنان دیاری کرێت؟ به بروای من وەڵامی ئەم پرسیاره لەوەدا دەردەکەوێت . که ناو له مافی مروڤ ئەبەین مروڤ به پیاو پێناسه دەکرێتەوه و ژنان هەمیشه دەکەونه پەراوێزەوه. هەمیشه ئەوان هەموو جۆرە توند و تیژیان چ له ناو خێزان چه لەناو کومەڵگادا دەرحەقیان دەکریت، له شەڕەکاندا وەک لاوازترین خاڵی لایەنی بەرانبەر هێرشیان دەکرێته سەر ودەبنه قوربانی و دەستریژیان دەکرێته سەر بۆ نمونه له شەرەکانی بۆسنی هەرزەگوینا له سالەکانی ٩٢ -٩٤ زاینی ٢٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ ژن دەستدرێژی جنسیان کرایه سەر. له لادیکانی کۆسۆڤۆ ٣٠%تا ٥٠% ژنان له لایەن میلیشیای سەربەوە دەست درێژیان کرایه سەر. ژنان و مندالان به گشتی قوربانیانی کارەساتەکانی کۆمەڵگای ئینسانین و مافەکانیان بەردەوام پێشیل دەکرێ .

### توندوتیژی ناو خێزان

توند و تیژی ناو خێزان یەکێک له ئاسانترین شیوەی توند و تیژی دژ بەژنانه بەپێی ئەو ئامارەی که بەدەستەوە هەیە یەک له سەر سیی ژنانی جیهان له ژیانیاندا به شێوەیەک له شیوەکان توند وتیژیان بەرانبەر کراوه، له ولاتی سوید که له پاراستنی مافی بەرابەری ژن و پیاودا تا رادەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی به خۆوە دیوه لەسالی٢٠٠٤ زائینی دا ٢٢٧٠٠ راپۆرتی توندوتیژی دژ به ژن تومار کراوه. بەپێی وتەی ئەوکەسانەی له ئەم بوارەدا ئیشیان کردوه ئەمە تەنیا ٢٢% تا/ ٢٥% لەو کەسانەن که توندوتیژیان له گەل ئەکرێ.زۆربەی ئەو کەسانە به هۆی جۆرواجۆر راپۆرت له سەر ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان کراوە نادەن. بەداخەوە توند و تیژی ناو خێزان تا ئەو ئاستەلەنێو کومەڵگادا باوە که وەک شتێکی ئاسائی چاوی لێ دەکرێ ،هەر بۆیه هیچ ئامارێکی باوەر پێکراو که رێژەی ئەم توند و تیژیه دەست نیشان بکات له بەر دەستدا نیه.

یەکێک له هۆکارەکانی ئەم دیاردەیه ئەوەیه که به زۆرینەی ژنان به مافەکانی خۆیان ئاگا نین یان بۆ پاراستنی ئابرو و شەرەفی خێزانەکانیان رێگای بێدەنگی هەل ئەبژێرن، بەراستی کەم نین ئەو ژنانەی وا ئامادەن هەموو زوڵم و زوریک قبول بکەن به مەرجێک بتوانن لای مال َو منداڵیان بمێننەوه ،یان به هۆی فەقیری و دەست تەنگیەوە ناچار به بێ دەنگی دەبن .

ژنان ٧،٤٩% له رێژەی دانیشتوانی سەر گوێی زەوی پێک دێنن ، ئەمه بەو مانایه که بۆ ئەوە تەناسبی نێوان پیاو و ژن یەک بێت ئەم دەرسەدە ئەبی ٥٠% بێت که ئەو به پێ ژمارەی دانیشتوانی سەر گوێی زەوی دەکا به ٦٠ مێلیون ژن .ئەم ٦٠ ملیۆنه پێش له دایک بوونیان به هۆی ئەوەی کچن له بار ئەبرێن یان بەو شێوە وا پێویستە ئاگاداریان نین و له تەمەنی ساوایدا گیانیان له دەست ئەدەن ، ئەمە نیشانەی ئەوەیه که به رادەی پێویست بەمنداڵی کچ ئەرزش و بەها نادرێت. هەر بۆیه منداڵانی کچ هەر له منداڵیەوە لەگەڵ دنیای هەلاواردن و جیاوازی رەگەزی ئاشنا دەبن و له گەل بێرەحمی کومەڵگا و خیزان دا روبەروو ئەبنەوه.

### یاساکان ومەسەلەی ژنان

له کاتیک دا دەهەی یەکەمی سەدەی ٢١تیپەر دەکەین به داخەوە ژنان، هێشتا له سەرەتاترین مافەکانی خۆیان بێ بەشن. له بەشێک له وڵاتانی دنیا کەمتر له نیوەی ئینسان به حساب دێن. هێشتا مافی شارومەندی له زۆربەی وڵاتانی دنیا بۆ ژنان بەرەسمیەت نەناسراوه، بۆ نمونه هەزاران ژنی ئێرانی به هۆی ئەوە که مێردەکانیان ئەفغانی بون هاوکات له گەل پیاوەکانیان لەئێران دەرکران. بەم چەشنه به ئاشکرا مافی شارومەندی ئێرانیان له سێندرایەوه. له ئێران به پێ یاسای ئیسلامی زۆربەی ئەو پۆست و مەنسەبانە مافی بریار دانیان هەیە له ژنان قەدەغە کراون. ژنان ناتوانن به پێ یاسا ببن به حاکم، ناتوانن بۆ رێبەری وڵات و سەروک کومار خۆیان هەڵبژێرین، زۆربەی یاریە وەرزشیەکان له ژنان قەدەغە کەراوه. له ئیرانی ژێر دەسەڵاتی کوماری ئیسلامی ،ژنان تەنانەت هەر وەک نیوەی ئینسانیش به حساب نایەن.مافی جیابونەوەیان نیه، و ئەگەر له گەڵ داوێی تەلاقی ژن له پیاوەکەی موافقەت بکرێ

ماڵپەری کۆمەڵەی ژنانی رۆژهەلات

## چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر شێوازی جۆراوجۆری توندو تیژی دژ بە ژنان



سەبری بەهمەنی

**به بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان**

رۆژی چواری سەرماوەز رۆژی نێونەتەوەیی خەبات لەدژی توندوتیژییە. بۆ یەکەمین جار لە "یەکەمین کۆبوونەوەی فمێنیستی بۆ ئامریکای لاتین و دوورگەکانی دەریای کارائیب" کە لە بوگوتای کولومبیا لە رۆژەکانی ١٨ تا ٢١ی ژوئیەی١٩٨١ بەرێوە چوو، رۆژی ٢٥ی نوامبر وەک "رۆژی جیهانی خەبات لە دژی توندوتیژی لە دژی ژنان" راگەیەندرا. ٢٥ی نوامبر بۆ رێز گرتن لە یادو بیرەوەری سێ خوشکی خەڵکی کۆماری دومینیکن، خوشکانی "میرابال" دیاری کرا. ئەم سێ خوشکە لە دەورانی دەسەڵاتداریەتی دیکتاتۆریی رافائل تروئیلو کوژران. هۆی دیاری کردنی ئەم رۆژە وەک رۆژی خەبات لە دژی توندوتیژی دژبە ژنان بۆ رێز گرتن لەم سێ خوشکەو هەروەها بوونی توندوتیژی جنسی لە جیهان ناوزەد کرا.توندوتیژی دژ بە ژنان لەو چەمکانەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی بەربڵاوو هەمەلایەنە بدرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە راستیدا ماوەیەکی دوورودرێژ نییە کە توندو تیژی لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بووەتە کێشەیەکی جیدی، بەڵکوو مێژووی دوورودرێژی توندوتیژی لە جیهان بووەتە هۆی ئەوەی کە وەکوو کێشەیەکی ئاسایی سەیر بکرێت.

"توندو تیژی بە مانای بە کار هێنانی کردەوەیەکی دژە مرۆییەو دروست کردنی دڵەراوکێ و لێدان لە کەسانی بەرامبەر."

**توندوتیژی بە شێوازی جۆراوجۆر بەسەر ژنان دادەسەپێ:**

"توندوتیژی بنەماڵەیی، دەست درێژی، کرین و فرۆشتنی ژنان و کچان، لەش فرۆشی زۆرە ملێ، توندوتیژییەکانی بەرهەمی شەڕ وەکوو کوشت و بڕو دەست درێژی بەردەوامو بەرنامەدارێژراو، کویلەیی جنسی، سک پڕی زۆرەملێ، کوشتنی منداڵانی کچ، هەڵبژاردنی رەگەزیی کۆرپەلە، خەتەنە کردنی کچان و توندو تیژی سیاسی."
بنەماڵە یەکەمین شوێنی دەست پێ کردنی توندوتیژیە لە دژی ژنان. ژنان لە نێو بنەماڵەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە بیانووی نەپارستنی بەها پیرۆز کراوەکان و بەها سوننەتیەکان، بە بیانووی پاراستنی شەرەف و ناموسەوە بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن. پیاوان بەبێ ترس لە سزا دان، یاسای نابەرابەر و داسەپاوی نێو کۆمەڵگا لە بنەماڵەشدا بەرێوەی دەبەن. روو لە زیاد بوونی ئەشکەنجە، کوشتنی کچان بە دەستی باوک، برا، مامو خاڵ یان مێردەکانیان و کوشتن بە ناوی پاراستنی شەرەف و ناموس، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەم مەسەلەیە.بە بوونی وەها پێوەندیەک پێک هێنانی ژیانی هاوبەش تێیدا نەک لە سەر بنەمای هەڵبژادنێکی وشیارانە و خۆشەویستی بەڵکوو تەنیا بۆ بەرێوەبردنی ئەرکێکی سوننەتی بەرێوە دەچێ و ژن لە بنەماڵەدا دوای سەرپەرەستی باوک دەکەوێتە بەر توندوتیژی هاوسەرەکەی. بە پێی ئامارەکان لە سەدا هەفتای ژنان رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، لە سەدا نزیکەی ٢٥ی ژنان هەر لە سەرەتای یەکەمین رۆژی ژیانی هاوبەشەوە دەکەونە بەر توندو تیژی و ٢٥ %ی دیکە لە یەکەمین حەوتووی ژیانی هاوبەشدا توندوتیژی دەست پێ دەکات. لە هەر ١٢ چرکەدا ژنێک رووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. لە هەر سێ ژن لە ماوەی تەمەنیدا ژنێک لە لایەن شەریکە جنسیەکەیەوە تووشی ئازارو لێدان دەبێت. لە سەدا ٩٥ی توندوتیژییە بنەماڵەیەکان لە لایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت . زیاتر لە٤٠% کوشتنی ژنان لە لایەن مێرد یان دۆستە کورەکانیانەوە روو دەدا. لە هەر١٠ ژنو مێرد، شەشیان تووشی توندو تیژی خێزانی دەبن. توندو تیژی بنەماڵەیی، لە هەموو چین و توێژ، رەگەز، ئاستی جیاوازی داهاتو خوێندەواریدا هەیە. کەسانێک کە توندوتیژی دەنوێنن لە دەورانی منداڵیدا قوربانی یان شاهیدی توندو تیژی بوون. بەم بۆنەوە توندوتیژی خێزانی بە کەسێک کۆتایی نایەتو ئەو کەسەی بووەتە قوربانی توندوتیژی لە تەمەنی سەرووترو پاش پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، ئەو کردەوانەی لە بنەماڵەدا فێری بووە لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتە خێزانیەکانی خۆی بەکار دەباتەوە، دیاردەیەک کە لە کۆمەڵناسیدا پێ دەوترێت"دەوردانەوەی توندوتیژی". پێکهاتەی کۆمەڵگاش کولتوری پێوەندیدار بە توندوتیژی قەبووڵ دەکات و کردەوەی توند تەحەمول دەکات و دەبێتە هۆی پتەو کردنی توندوتیژی خێزانی و پەرەسەندن و گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.بە پێی ئامارەکان لە سەدا ٩٠ی منداڵانێک لە خێزانێک کە توندوتیژی تێیدایە، ئاگاداری لێدانی دایکیانن. ٨٠%ی ئەو کەسانەی تووشی تاوانی کۆمەڵایەتی دەبن لە کەش و هەوایەکی پڕ لە توندوتیژی گەورە بوون.کوڕانێک کە لە بارودۆخی پڕ لە توندوتیژی خێزانی گەورە دەبن، لە ٧٠ %ی خەڵکی ئاسایی زیاتر دەست بۆ توندوتیژی و لێدان بەرانبەر بە هاوسەرەکەیان دەبەن.منداڵانێک کە لە کەشو هەوای پڕ لە توندوتیژی گەورە دەبن ٣% زیاتر لە کەسانی ئاسایی، توشی ئەلکۆل و مادەسڕکەرەکان دەبن.
ئەم ئامارە راچڵەکێنەرانە باس لەکاریگەریەکانی توندوتیژی و دووبارە بەرهەمێنانی توندوتیژی لە کۆمەڵگا دەکات. توندوتیژی جنسی، یەکێکی تر لە شێوەکانی توندوتیژییە لە بەرامبەر ژناندا. توندوتیژی جنسی بە دوو شێوە بە سەر ژناندا دادەسەپێ، یەکەم پێوەندیەکی سێکسی زۆرە ملێ و دەست درێژی بۆ سەر ژنان، دووهەم هەڵس و کەوتی جیاواز لە گەڵ ژن و پیاو بە هۆی رەگەزیانەوەو فەرز کردنی یەکێکیان بە سەر ئەوی تر. توندوتیژیەکانی بەرهەمی شەڕ، یەکێکیتر لە شێوەکانی توندوتیژییە لە دژی ژنان. لەم شەڕانەی دواییدا کە ئێمەش شاهیدی بووین، سنووری نێوان کردەوەکانی تایبەت بە شەڕ، جینایەت، پێشل کردنی مافی مرۆڤ و توندوتیژی سێکسی تێکەڵاو بووەو بشێویی و تاڵان بووەتە ستراتیژی شەڕخوازەکان.بە پێی بۆچوونی یۆنیسف و رێکخراوی (مدیکاموندیالە) هێشتاکە توندوتیژی سێکسی و دەست درێژی بۆ سەر ژنان و کچان لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی ئاگاهانەو بەرنامە بۆدارێژراو و هەروەها وەکوو یەکێک لە کردەوەکانی شەڕ بەکار دەبرێت. ژنان لە زیندانی ئەبوو غرێب لە وڵاتی عێراق کە لە کاتی شەڕی نێوان ئامریکاو عێراق زۆرترین زەختی جەستەیی و دەروونیان لە سەر بوو،






باشترین نموونەی ئەو راستیەن. ژنانی بەرەکانی شەڕ وەکوو بۆسنی، کوزۆوو ئەفغانستانیش هەر بەم شێوەیە بوون. ژنان نەتەنیا لە دەورانی شەڕ بەڵکوو پاش تەواو بوونی شەڕ دەست درێژیان ئەکرێتە سەرو پاش تەواو بوونی شەریش بێ پشتیوانی یاسایی و بێ پەنان. بۆ ژنان سەرەراِی راگەیاندنی کۆتایی شەڕ هێشتا کارەساتەکە کۆتایی نەهاتووە. کێشەو گرفتە دەروونیەکانی ژنانێک کە دەست درێژیان کراوەتە سەرو منداڵانێک کە بە هۆی ئەم دەستدرێژیانەوە چاویان بە ژین هەڵاتووەو دایکانێک کە نەخوازراو بوونەتە دایک، درێژەی هەیەو ئەم مۆتەکە بۆ ژنانی ئازار چێشتوو هەر بەردەوامە. هەروەها ژنان لە سیاسەتیشدا دەکەونە بەر توندو تیژی. بە وتەی مێهرەنگیزی کار: "توندوتیژی سیاسی بە کردەوەی لاهێزەکانی(اهرم) دەسەڵات واتە دەوڵەت لە دژی ژنان بەرێوە دەچێ. ئەم شێوە لە توندوتیژی بە چاوپۆشی لە مافی ئینسانی ژن لە دارشتنی یاسا رەنگدەداتەوەو بە شێوەی پشتیوانی نەکردن لە یەکسانی مافی ژن و پیاو لە دارشتنی سیاسەت خۆ دەنوێنێ. ئاماری توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران کەمتر لە لایەن راگەینەرە گشتیەکانەوە بڵاو دەبێتەوەو راگەیاندنەکانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیش سەرپۆشی بە سەر دادەنن. بەستێنی یاسایی لە دژی ژنانەو بە هۆی یاساوە پیاو مافی سەرپەرەستی ژن و منداڵی هەیەو مافی پیاو بە پێی شەرع و یاسا لە مافی ژن زۆرترە. هەروەها پیاو بە هۆی "نەفەقە"دان بە ژن مافی بێ دەنگی پێدراوە، واتە ژن کە لە لایەن پیاوەوە بە خێو دەکرێت دەبێ هەر کات پیاو ویستی جەستەی خۆی بخاتە ئیختیاری. هەروەها بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ئیزنی کار، سەفەرو خوێندنی ژن بە دەست پیاوە..."

بە گشتی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گشتیەتێکی پێکەوەتەنراوی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، جنسی، دەروونی و ئابووری پێک هاتووە.مافی ژنان بەشێکی جیا نەکراوەیە لە مافی مرۆڤ. توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمە بنەچەی قووڵی داکوتاوەو پێویستی بە بەگژداچوونەوەیەکی هەمەلایەنە و پێشکەوتنخوازانە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ توندوتیژی لە بناغەوە بنەبڕ بکات و رێگا بۆ لە ناو بردنی هەر جۆرە توندوتیژییەک خۆش بکات

ماڵپەری قەندیل نیوز

## ٢٥ی نوامبر. ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان



قادر وریا

لە ساڵی ١٩٨١ ەوە، ڕۆژی ٢٥ ی نوامبر وەک ڕۆژی خەبات لە دژی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان ناسراوە.
هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٥ ی نوامبر بۆ ئەوەی بە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان، ناودێر بکرێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی لە ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمێنیکەن ڕووی دا. لەو ڕۆژەدا سێ ژن (پاتریا، مینرواء ماریا ترێزا) کە بە خوشکانی میرابال ناویان دەرکردوە، بە هۆی دەست و پێوەندەکانی "ترۆئیلۆ" دیکتاتۆری دۆمێنیکەن، کوژران.
پاتریا، مینروا و ماریا ترێزا کچی "ئینریکە میرابالأ" و "ماریا مێرسدێس" بوون. یەکەمیان ساڵی١٩٢٤، دووهەمیان ساڵی١٩٢٧ و سێهەمیان ساڵی ١٩٣٥ لە ناوچەی "سیباس" ی کۆماری دۆمێنیکەن لەدایک ببوون. هەرسێکیان خوێندەوارو ماریا ترێز، تەنانەت پلە بەرزەکانی خوێندنی زانستگەشی بڕیبوو. ئەم سێ خوشکە و مێردەکانیان لە خەباتگێڕانی شێلگیری دژ بە ڕێژیمی "ترۆئیلۆ" بوون و، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری بە دژی حکوومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون. لە ڕەوتی خەبات دا هەرکامێکیان چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. لە ژانویەی ١٩٦٠ پاتریا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی گرتە دەست کە دواتر بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی ١٤ ی ژوئەنی ١٩٦٠. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون بە ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنییە لە سەرانسەری وڵات دا کەوتنە بەر ڕاوەدوونان. سەرەتاکانی نوامبری ١٩٦٠، ترۆئیلۆی دیکتاتۆر ڕایگەیاند کە لەگەڵ دوو گرفت بەرەو ڕوویە: یەکیان کلیساو ئەوی دیکە خوشکانی میرابال. لە ٢٥ ی نوامبری ١٩٦٠ دا، خوشکانی میرابال، لە کاتێک دا، بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی "ترۆئیلۆ" و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەم تاوانە بەجۆرێک بووە هۆی وەڕێخستنی تووڕەیی و بێزاریی گشتیی خەڵک کە بۆخۆی بووە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات بە دژی دیکتاتۆریی ترۆئیلۆ. ساڵێک دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکوومەتی ملهوڕی ترۆئیلۆ کۆتایی پێهات.
ئەم خوشکانە کە نازناوی Involvidables Mariposas (پەپوولە لەبیرنەکراوەکان) یان پێدراوە، بوون بە سەمبۆلی خۆڕاگری و خەبات بە دژی ستەم دەرحەق بە ژنان. بیرەوەریی خوشکانی میرابال، هەوڵەکانیان لەپێناوی ئازادی داو ڕێزنانیان لە مافەکانی مرۆڤ، ئەوانی بۆ هەمیشە کردوە بە سەمبۆلی خۆڕاگری و سەرچاوەی ئیلهام بۆ هەموو خەباتگێڕانی لایەنگری ئەم بایەخانە. ئەوان نموونەی هەرە دیاری خەبات لەگەڵ هەر چەشنە هەڵاواردن و دەمارگرژین و، ژیان و مردنیان ئیلهامدەری هەموو ئەو کەسانەیە کە دوای مردنیان، لەگەڵ ژیان و خەباتی ئەوان ئاشنا دەبن. ئەم ڕۆژە لەسەر پێشنیاری نوێنەرانی کۆماری دۆمێنیکەن، و بە دوای پەسەند کرانی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەک ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان قبووڵ کرا.
توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی سەر ڕێی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتی یەو، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان. یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایە و پێگەی نزمتر لەچاو پیاوان رابکێشن. بە سەرنجدان بەم جۆرە ڕاستییانە بوو کە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٣ ی فێوریەی١٩٩٤ دا "بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان" ی پەسەند کرد.
"توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەت دەگرێتەوە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوو

دەدەن، لە ریزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەو نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسیء دەروونی کە لە بنەماڵەدا روو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنان و ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژن و مێردایەتیداو توندءتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵدا روو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنی و دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

ئەو بەیاننامەیە لە دەوڵەتانی دەوێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن و، نابێ هیچ داب و نەریت یا تێبینیی ئایینی بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی دا. لەم پێوەندییەدا بەیاننامەکە، کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی خستۆتە سەر شانی دەوڵەتان تا لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی و ناوچەیی دا هەنگاوی بۆ هەڵ بگرن.

لە ڕاستی دا ئەوەی لەبارەی ژنانەوە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ توندو تیژی بەرامبەر ژنان، هاتوون، هەموویان باش و گرنگ و لەجێی خۆیان دان. بەڵام دانانی دەوڵەتان بەو مافانەو ملدان بۆ ئەو لێپرسراوییانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی خستوویەتە سەر شانیان، کاروتێکۆشانی زۆر و نەپساوەی دەوێ. جێگیر بوونی مافە ڕەواکان و بایەخە دنیا پەسەندەکان، کۆتایی هاتن بە توندوتیژی و هاتنەدیی یەکسانیی ژن و پیاو لە بنەماڵەو کۆمەڵ دا لە گرەوی چەندو چۆنی ئەو خەباتە دایە کە ژنان بەتایبەتی و مرۆڤە یەکسانیخوازەکان بە گشتی، بەڕێوەی دەبەن.

سەرچاوە:

چوند وتاری ماڵپەری"ایران امروز"

کتیبی"چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە"، وەرگێرانی:قادر وریا

## بەیاننامەی هاوبەشی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
## بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان




توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لە هەموو کۆمەڵگەکان بوونی هەیە و وەک مۆتەکەیەک سیبەری خستووەتە سەر ژیانی زۆربەی ژنانی جیهان. بە کارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان و ئاکامەکانی وەک مەسەلەیەکی جیهانی، چ لە نێو چوارچێوەی خێزان و چ لە هەموو بەشەکانی دیکەی ژیانی ئەوان، برینێکی کۆنە کە ناخ و هەست و دەروونی ژن و تەنانەت ئاسایشی تێکدەدا و ئەمەش دەبێتە بەربەستێک لە سەر ڕێگای هەموو کار و چالاکیە کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیەکانی ژن. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە یاساکانیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دانەڕێژراوە، زیاترین توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکرێت و دەسەڵات و یاساش دەبێتە بەشێک لەو کلتور و فەرهەنگە دژە ژنە و ئەمەش وایکردووە کە توندوتیژی شوڕ بێتەوە نێو هەموو بوارەکانی ژیانی ژنان. لە ئەگەری ڕوودانی هەر شەڕ و کێشەیەک یان هاتنە ئارای قەیرانی ئابووری و بە گشتی هەر گۆرانکارییەک لە ئاستی جیهاندا، ئەوە یەکەم قوربانیانی ژنانە. هەنووکە بە هۆی قەیرانی ئابووری کە جیهانی گرتووەتەوە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی جیهان لە بارودۆخێکی نالەباردا بە سەردەبەن و گوشارێکی لە رادەبەدەریان لە سەرە و بازرگانیان پێوە دەکەن.

بە هۆی بوونی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، یاسا و دەسەڵات بە توندی دژی ژنانە و بە واتایەکی دیکە توندوتیژی بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا دژی ژنان بەڵکوو دژی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە کار دەبرێت. هەڵاواردنی ڕەگەزی، سیاسەتی جیاکاری لە نێو زانکۆ و قوتابخانەکان، نەبوونی یاسای پشتگیری لە ژنان، نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لەهەموو بوارەکانی ژیان، قەتلی ناموسی، قاچاخی ژنان و کچان، فرەژنی و دەیان مەسەلەی دیکە لە ئێران، هەموو مافە مرۆییەکانی ژنانی پێشێل کردووە و ئەوانی کردووەتە توێژێکی بێ دەسەڵات و بێ دەرەتان. هۆکاری سەرەکی توندوتیژی دژی ژنان، هەمان ئەو هەڵاواردنانەیە کە نایەکسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پەرە پێدەدات و ژن دەکاتە بوونەوەرێکی پلەنزم وبێدەسەڵات.

توندوتیژی و ئاسەوارەکانی کاریگەری لە سەر ناخ و دەروون و کەسایەتی ژن دادەنێت و دەبێتە کۆسپێک لە سەر ڕێگای بۆ بەرەوپێشچوون و هەنگاونان بەرەو داهاتوو. کۆمەڵگای ئەمرۆی مرۆڤایەتی پێویستی بە هێز و توانای هەموو تاکەکان و بەتایبەتی ژنان هەیە تا کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازی و توندوتیژییەک دابمەزرێنێت. بۆیە ناکرێت لە کاتێکدا کە ژنان هێشتا بەرەورووی توندوتیژی و سوکایەتی و هەڕەشە دەبنەوە، چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت چالاکانە لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و کلتوری بەشدار بن، بۆ بەشداری هەرچی زیاتری ژنان و بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و هەروەها بۆ پەروەردە کردنی نەوەیەکی پێشکەوتوو، پێش هەر شتێک پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ کەم کردنەوەو سڕینەوەی توندوتیژی لە هەموکۆمەڵگاکان. ئەمەش لە هەر کۆمەڵگەیەک پێویستی بە یاسایەکی دادوەرانە و پەروەردەیەکی ئەمرۆیی و سەنتەری داڵدەدانی ئەو ژنانە هەیە کە بەرەورووی

توندوتیژی دەبنەوەو لە هەمان کاتدا وشیار کردنەوەو دانی زانیاری بە هەموو چین وتوێژەکان و لە هەموو گرنگتر دەور و رۆڵی میدیا و راگەیاندنەکانە لەمبوارەدا.
بە هۆی ئەوەی لە ئێران، هیچ یاسا و رێسا و ناوەندێک بۆ پشتگیری لە ژنان نییە و لە هەمانکاتدا میدیا لە خزمەت بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارانی رژیمی دژە ژنی ئێرانە، بە شێوەی پراکتیک لەمبارەوە کارێکی چروپڕ بەرێوە ناچێت. هەر لێرەوە رووەدەکەینە هەموو میدیا و راگەیاندنی کوردی و داوایان لێدەکەین هەستن بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە و هەوڵبدەن بە دەرخستنی لایەنە نێگەتیڤ و ناحەزەکانی توندوتیژی دژی ژنان و وشیاری و زانیاری بڵاو بکەنەوەو رۆڵی گرنگی خۆیان لە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا بگێرن و پرسی ژن و کێشەکانی نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ریزی یەکەمی ئاجێندای کاری خۆیان دابنێن. لە هەمانکاتدا هاوکاری و لێک نزیکبوونەوەی رێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بوونی پلاتفۆرم و بەرنامەی هاوبەش بۆ چارەسەری پرسی ژنی کورد بە گرنگ دەزانین و یەکدەنگی و یەکگرتوویی ریزەکانی ژنان، هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەر خستنی پرۆسەی یەکسانیخوازی.

ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

یەکێتی ژنانی دیموکرکۆمەڵەی ژنانی رۆژهەڵات

یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

ژنانی یەکێتی دیموکراتیکی کوردستان

## توندوتیژی دژ بە ژنان و شێوە جۆراوجۆرەکانی



**بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر، رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان**

ن: ســـیروان پەرتەونوری

**مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبەر، رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان**

دانانی رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەک رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان،بەهۆی شۆڕشی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز لە بەرامبەر سەرمایەداری و حکومەتانی ژێر چەپۆکی سەرمایەداری هاتە ئاراوە.
٤٥ساڵ پێش لە ئێستا و لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا،٣خوشکی خەڵکی کۆماری دۆمێنیکەن،بە ناوی خوشکانی میرابیل،لەدوای چەندین مانگ ئەشکەنجە،سەرەنجام لەلایەن رێکخراوی ئەمنی سوپای ئەو وڵاتە کوژران.(تاوان)ی ئەم ٣خوشکە بەشداری لە چالاکیە سیاسیەکانی دژ بە حکومەتی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر دۆمینیکەن بوو.
٢١ ساڵ لە دوای ئەم راستیە،بەواتە ساڵی ١٩٨١ ،لە کۆنفرانسێک لە بۆگۆتا، پایتەختی کۆڵۆمبیا،لەلایەن داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کارائیب بەسترابو، پێشنیاری ئەوا کرا کە رۆژی کوژرانی خوشکانی میرابیل بکرێتە رۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.ئامانج لەو پێشنیارە ئەوە بوو کە هەم رێز لە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و بوێریی ئەم ٣خوشکە گیانبەختکردوە بگرن و هەم سەرەنجی بیری گشتی بەرە لای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان راپکێشن.ئەم هەوڵانە بوەهۆی ئەوەی تا لە ساڵی ١٩٩٩ .رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری بە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان بە رەسمی ناساند.
ساڵـــێک دواتریش،ئەنجومەنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،بە واتای لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕیارنامەی ١٣٢٥ی بە ناوی(ژنان،ئاشتی و ئاسایش) پەسەند کرد.تەوەرە سەرکیەکانی ئەم بڕیارنامەیە، پێشگیری کێمەکیش و دژایەتی لە ناوەوە و لە نێوان کیشوەرەکان،دەستەبەری بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشگرتن لە زیادبوونی توندوتیژی دژ بە ژنانی دەگرتەوە.ئەم بڕیار نامەیە هۆکارێکە بۆ ئەنجامدەرانی کردەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بکێشرێنە لای مێزی دادگایکردن.بەڵام بەداخەوە نە تەنیا رێکخرای نەتەوەیی،بە کردەوە دەرهێنانی ئەم بڕیار نامەیە خۆی لە چاو زۆربەی بڕیارنامەکانی تر پەیگیری نەکرا و هیزی بەکردەوە دەرهێنانی نەبوو،بەڵـــکو دەوڵەتانی جینایەتکار و دژەژنیش کە ئەندامی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن،بەشێوەی گشتی بڕیارنامە گەلێکی ئاوا قبوڵ ناکەن و بەردەوام و بێپسانەوە لە هەموو زەمینەکانی ئابوری،سیاسی،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەڵاواردنێکی بەربڵاو و ئاشکرا دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن.
لە ماوەی ١٢ساڵی رابردوودا،بە واتای لە کاتی بڵاو بوونەوەی بڕیار نامەی(ژن،ئاشتی و ئاسایش) ئەنجومەنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،،رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر،بە خۆپیشاندان و رێپێوان،گەڵاڵەکان و رێگەی کارە یاسایی و مافەکان،بەرێوەبردنی چەندین سیمیناری زانستی و پسپۆڕی و ....بەرێوە دەبرێت.
بان کیمۆن سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان،ساڵی پار لە وتەیەکیدا بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر،توندوتیژی دژ بە ژنانی بە کەموکورتییەکانی مافی مرۆڤ وەسف کرد.هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە کردەوەی توندوتیژیی جۆرێکە لە جۆرەکانی تاوان و جێگەی پەسەند نیە و هەروەها لەبارەی پەرەسەندی هەوڵەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەش دوا.
مۆن،داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد کە سیستمێک بۆ چاودێریکردن و پاراستنی خەبات لەگەڵ ئەم جۆرە تاوانانە دابنێت.
سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درێژەی بە قسەکانی دا لە راگەیاندنێکی خۆیدا راگەیاند کە شەخصەن مەبەستیەتی کە لیژنەی بەرێوەبردنی کارزار لە رێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکان وە ئەستۆ بگرێ کە تا ساڵی ٢٠١٥ بەردەوام دەبێت و گرێدراوە بە بەهیز کردنی حەساسیەت سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان و بەهێز کردنی ئیرادەی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە.بان کیمۆن تەئکیدیشی کردەوە لەناوبردنی هەموو جۆرە توندەتیژییەکان دژ بە ژنان ئامانجی ئاشکرای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە.

## توندوتیژی چیە؟

توندوتیژی شێوەیەکە لە ڕەفتارکردن کە بۆ کۆنترۆڵ و دروستکردنی ترس و تۆقاندن بەرامبەر تاک و یان کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت و زیاتر بۆ کۆنترۆڵی جوڵە و ڕەفتار و کردەوەی تاکەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت کە دەبێتە هۆی زیانەکانی ڕۆحی،دەرونی و جەستەیی بۆ سەر مرۆڤەکان.

چەپاندن،تیرۆر،زیندان و ئەشکەنجە،لەسێدارە دان و دروستکردنی ترس و خۆف لە کۆمەڵگا توندوتیژی گەلێکن کە ڕژێمە دیکتاتۆر و ئاینیی و مرۆڤ ئازار دەرەکان لە ڕێگەی کەرەستەی سەربازی و چاودێریکردن و سیخوڕەکانی خۆیانەوە کە لەژێر ڕکێفی حکومەتدان دژ بە کۆمەڵگا بەکاریان دەهێنن.

لە کۆمەڵگایەکدا کە ئایین و دابونەریتە کۆن و بەسەرچوو و فەرهەنگی باوکسالارانە کە لەلایەن خودی سیستەمەوە بۆ دوبەرەکی و ملکەچ کێشانی خەڵک کەڵک لەوە وەردەگرن و تێکهەڵکێشی تانوپۆی کۆمەڵگای دەکەن و دەبێتە هۆی برەوپێدانی توندوتیژی،هەژاریی و دەستبەتاڵی و باوەڕە ژن ئازاردەرەکان بیروباوەڕی پیاوسالارانە و پەرەسەندنی توندوتیژیی لە کۆمەڵگا،کە قوربانیانی سەرەکی ئەم توندوتیژیانە لە ڕاستیدا هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا و بە ڕێژەیەکی زۆر ژنان و منداڵانن.

## قسە لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ژنان و شێوە جۆراوجۆرەکانە.

ئامارە دڵتەزینەکان لەبارەی توندوهتیژی دژ بە ژنان لە سەرانسەری دونیا بەتایبەت لە کیشوەرەکانی جیهانی سێهەم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و بەربڵاوتر دەبێت،ئەم توندوتیژییانە کە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت پێکدێت لە؛

*توندوتیژی جەستەیی؛کە ئەم شیوازانە لە خۆ دەگرێت؛گرتن و بەستنەوە،چنگ لێگرتن،ڕاکێشانی قژ،دەرکردن لە ماڵ،لێدان،بێبەش کردن لە خواردن،گاز لێگرتن،زلە لێدان،مشت و شەق لێدان و پاڵ پێوەنان.

*توندوتیژیی خێزانی؛کە تێکشکانی مێزی خواردن، شکاندی کەلوپەلی ناوماڵ و ...هتد

*توندوتیژی دەرونی قسەیی؛یەکێکی ترە لە شێوازەکانی توندوتیژی کە بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدرێت کە بە بەکارهێنانی قسەی ناحەز و سوک و تۆمەت دانە پاڵ،بەهانەگرتنی زوو زوو، قسە لەگەڵ یەک نەکردن و لاوازیی خۆشەویستی،ڕەخنە گرتن لە شێوەی جسم و جلوبەرگی ژن خۆی دەبینێتەوە.

*توندوتیژیی ڕەگەزیی و ناموسی؛دەستدرێژی سێکسی،خەتەنەی ڕەگەزیی،کوشتنی ناموسی،ناچارکردنی لەباربردنی منداڵ،یان دوگیانی بەزۆر و نەویستراو،نەبونی پاریزگاری تەندروستی ڕەگەزیی، پێشگرتن بە هەبونی پەیوەندی ڕەگەزیی،لە هەر یەک لەم توندوتیژیانە خۆی باسێکی قوڵ هەڵدەگرێ.

*یەکێکی تر لە جۆرەکانی توندوتیژی هەڕەشە ی ئازار دان و کوشتنە؛هەڕەشەی ئازار دانی کەسە نزیکەکانی دەوروبەری ژن،لەوانە دزینی منداڵ...هتد

*توندوتیژیی ئابوریی؛زۆرێک لە پیاوان بە کەڵک وەرگرتن لە هۆکاری دارایی و ئابوریی،ژنیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەو دەیان چەوسێننەوە.ئەم پیاوانە ڕێگە لە سەربەخۆیی دارایی هاوسەرەکانیان دەگرن،لە دارایی تایبەتی ژناندا دەستوەردەدەن بە نەدانی خەرجیی ماڵ و نەدانی پارەی تەواو بۆ ژنان کێشە و نەهامەتی دارایی دروست دەکات.

*توندوتیژیی یاسایی؛تەڵاق،فرە ژنی،سیغە، پەیوەندی دور لە چاوی ژن و پەروەردەی منداڵ، پێشگرتنی پیاو لە جیابونەوە لە ژنەکەی بە پێچەوانەی حەزی ژنەکە.

*ڕێگە گرتن لە نەشونمای فیکریی، پەروەردەیی و بەشداری لە چالاکی کۆمەڵایەتی کارکردن،جۆرێکی ترە لە توندوتیژی کە دەبێتە هۆی سنوردار کردنی پەیوەندی ژن لەگەڵ کۆمەڵگا،خێزان و هاورێیانی.

*توندوتیژیەکانی تر؛توندوتیژیی لە دژی هاورەگەز بازانە کە سوکایەتی پێکردن، و گاڵتە پێکردن و لەبەرچاو نەگرتنی مافە مرۆییەکان دەگرێتەوە.

لە دونیای ئەمڕۆیدا کە سەرمایەداریی و دەوڵەتانی لایەنگری سەرمایە،چاوسەندنەوەیەکی بێ وێنەی بەسەر جەماوەری خەڵکدا هێناوە،بە تایبەت ستەم لە بەرمبەر ژنان،تەنها بە ئازاری ڕەگەزیی و جەستەیی و ڕۆحیی ژنان سنوردار نەبوە،بەڵکو چەوساندنەوەیەکی زۆر قوڵتر لەوە و سامناک تر لەوە لە ئارادایە؛سیستمی سەرمایەداری ڕێک ستەم لە بەرامبەر ژنان و پیاو سالاری بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگا بەرهەم دێنێتەوە پەرەی پێدەدا،کەواتە خەبات لە دژی ستەم بەرامبەر ژنان،ناتوانێت لە خەباتی چینایەتی لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری بێ دەست بردن بۆ بنەڕەتە مێژوییەکان چەوساندنەوەی ژن لەگەڵ دەستپێکی چین و پەیوەندی سەرمایەداری جیابێت.

لێکدانەوە لیبراڵیەکان و خەبات لە دژی نا یەکسانی ژن لەگەڵ ئاسۆ و داهاتووی ئەم بیروباوەڕە،سەرەتا چەوساندنەوەی مێژویی ژن بەلاڕێدا دەبات،و دووەم خەباتی ژنان بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری یاسایی لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری سنوردار دەکات.

توندوتیژیی و هەڵاواردنی ژنان و چەوساندەوەی ژن،لەو کاتەوەی کە چینەکان لە مێژوودا سەریان هەڵداوە،چووە ناو قۆناغێکی نوێوە. پێش لەو مێژووە،ژنان لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ پیاواندا هاوبەش بوون.ئێستاش لەگەڵ ئەوەی کە سەرمایەداری لە تەواوی جیهاندا زاڵە و بەشێوەیەکی کاتی باڵادەستە بەڵام توندوتیژیی لە بەرامبەر ژنان،لە توندوتیژیی حکومییەوە بگرە تا توندوتیژیی لە خێزاندا،لە شوینی کار و سەرشەقامەکان بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لە ئارادایە.

توندوتیژیی لە دژی ژنان،لەگەڵ بانگەشە کردنەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی سەبارەت بە کەم بوونەوەی،هەروەها دیاردەیەکی بەربڵاو و ئاشکرا و قیزەونە.ژنانی جیهان،لەگەڵ

جیاوازییەکان لە وڵاتانیی جۆراوجۆر،ئامانجی توندوتیژییە هەمەڕەنگەکان،لە سەرکوتی حکومیی،لێدان و بیرێزی لە کۆمەڵگا و بنەماڵە،سووکایەتیپێکردن،خەتەنەی ڕەگەزیی و بێبەشی ئابوریی بگرە تا قوربانی کوشتنە ناموسییەکانن.هەڕەشە و توندوتیژیی زمانی و قسەییش بەشێکە لەم توندوتیژییانە.

ئاماری سندوقی کۆمەڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،بەراوردی کردوە کە ساڵانە ٥٠٠٠ ژن لە سەرانسەری جیهان لەلایەن خێزانەکانیانەوە بە هۆکاری ناموسی دەکوژرێن.لەهەر 5 ژن 1 ژن ڕۆژانە دەستدرێژی یان هەڕەشەی دەستدرێژی سیکسیان دەکرێتە سەر.

بۆ ڕیشە کێش کردنیی توندوتیژیی دژ بە ژنان نە تەنیا ئەبێت خەباتی هەمەلایەنە دژ بە دابو نەریتەکان،فەرهەنگ و کەلتوری ئاینی و کۆنەپەرستانە و فەرهەنگی پیاوسالاری ڕێکخراو بکرێت،بەڵکو ئەبێت خەباتی بەردەوام و بێپسانەوە دژ بە سیستەمی جیاکردنەوە و نایەکسانی سەرمایەداریی کە بە دواکەوتوویی و نایەکسانی بۆ بەردەوامی ژیان پێویستی پێیە و دەوڵەتانی پاریزگاری ئەم سیستەمەیش ڕێکخراو بکرێن.

هیچ مرۆڤیکی یەکسانی خواز،ناتوانێت تەماشاچی بێرێزیی و توندوتیژی دژ بە ژنان بێت.ئەبێت لەهەر هەلێک کە دەڕەخسێ کەڵک وەربگرن بۆ خە بات.ئێستا گۆشەکانی ئەم خەباتە لە چواردیواری ماڵدا سنوردار بکرێتەوە یان لە شوینی کار و خوێندن بە شیوەیەکی گشتی دەبێت لە هەموو مەیدانە کانی کۆمەڵایەتی پەرەی پێبسێنرێت.

هەڕەشە و سوکایەتی کردن بە ژنان،هەڕەشە و سوکایەتی کردنە بە هەموو مرۆڤایەتی.بەمجۆرە،ئەبێت مرۆڤە ئازایخواز و یەکسانی خوازەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە بێ مافی ژنان هەڵوەستەیەکی گونجاو و بەردەوام لە خۆیان نیشان بدەن.

سەرچاوە: پێنووسەکان

## ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و سەرنجێک



( تووبا ئەلیاسی)

هەروەک هەموو لایەک ئاگادارین ئەم ڕۆژە لە لایەن ڕێکخراوی نیونەتەوەیی مافی مرۆڤەوە وەک ڕۆژی خەبات بۆ نەهێشتنی توندووتیژی دژی ژنان ناودێر کراوە. هۆکاری دیاری کردنی ڕۆژێکی ئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان بڕوایان وایە کە ژنان لە هەموو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بە ڕادەی کەم تا زۆر و بەڵکو بە شێوازی جیاوازیش دەکەونە بەر توندووتیژی کۆمەڵگا و پیاوانەوە.

ئەم توندوتیژیانەش پێک هاتوون لە توندوتیژی جەستەیی و هەروەها توندوتیژی دەروونی. لە توندوتیژی جەستەییدا ژنان توشی لێدان و هەتا کوشتن دەبنەوە بە هۆی لە بەرچاو نەگرتنی داوا و ویستەکانی پیاوانەوە، یان بە هۆی ڕەچاو نەکردنی یاسای دژە ژنانی کۆمەڵگا و حکومەتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانەوە. بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ئێراندا ژنان سەرەڕای ئەوەی کە لە بنەماڵەدا ئەبێت گوێڕایەڵی ویست و فەرمانەکانی پیاوانی ماڵ بن و سەرپێچی کردنیان لە بەرانبەر پیاوانی ماڵدا ئەتوانێت تووشی توندوتیژی جەستەییان بکات و هەمیش دەروونی. دیسانیش ئەبێت یاسای دژە مرۆڤانەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەمەڕ ژنان و لە بەرچاو گرتنی پۆشینی ئیسلامیش بۆ ژنان ئەبێت بپارێزن و شکاندنی ئەو یاسایانە سزای توندی بە دواوە دەبێت.کەواتە ئەتوانین بڵێین بە پێی ئاماری دیاریکراو ڕۆژانە بە هەزاران ژن لە دونیادا تەنیا بە هۆی ژن بونیانەوە لە لایەن پیاوانەوە تووشی توندوتیژی جەستەیی دەبنەوە.ئەمە بەو واتایە نییە کە ئێمە بڵێن لە هیچ جێگایەک پیاوان لە لایەن ژنانەوە تووشی توندوتیژی نابنەوە ، چوون ئەوەش ئینکار ناکرێت، بەڵام ڕادەکەی زۆرکەمە بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ ڕادەی توندووتیژی بەرانبەر بە ژنان.

توندوتیژی جەستەی ئەتوانێت لە هەمانکاتیشدا کاریگەری مەنفی دەروونی بێ ئەملاوئەولای هەبێت لە سەر ژنان بەشێوەیەک کە تووشی خەمۆکیان بکات و بڕوا بەخۆ بوونیان تێدا لاواز بکات و دیسانیش بڕوا بەخۆ نەبوون هۆکاری هەرە سەرەکی دەبێت بۆ پێ نەگەیشتن و خۆ پێنەگەیاندن و لە ئاکامدا ژنان دەبن بە مرۆڤێکی لاواز و بێ توانا لە بەرانبەر پیاوان و هەروەها سەختیەکانی ژیاندا. هەروەها لەوانەیە بەشێک لە پیاوان توندوتیژی جەستەیی ئەنجام نەدەن لە بەرانبەر ژناندا، بەڵام ڕۆژانە بە دەیان جار لە باری دەروونییەوە، هاوسەر، کچ یان ژنانی دیکە ئازار بدەن بە وتنی قسەی ناشیرین و ڕواندنی تۆویی بێ بڕوایی و بێ هیوایی لە دەروونیاندا.

هەموومان دەبیسین و دەبینین کە ژنان بە ڕۆژانە لە لایەن پیاوانەوە لێان دەکوژرێ ، نموونەی هەرە بەرچاومان فادیمە و دوعا و دوعا ڕەنگەکانی دیکە و ئەو ژنە کوردانەیە کە لەو ئاخرانەدا هەتا لە دونیای پێشکەوتنی وەک ئوروپادا بە دەست پیاوانەوە کوژران. هەروەها ئێستاش بە پێی زانیاری باوەڕ پێکراو بە دەیان ژن لە ژێر مەترسی هەڕەشەی کوشتن و مردن دان و لە ژێر پارێزگاری بنکە پارێزەرەکاندا ژیان بە سەر دەبەن دوور لە بنەماڵەکانیان. جا ئەمە لێرە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەشێک لە ژنان بپارێزرێن، باشە لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا ژنان چی بکەن و چۆن لە مەترسی مەرگ و توندوتیژی بپارێزرێن؟

هەر بۆیە من پێم وایە تەنیا هەبوونی ڕۆژێک لە ژێر ئەو ناوە ناتوانێت دەرمانێک لە سەر برینی ژنان دابنێ کە ڕۆژانە بە دەروون و جەستە ئەزموونی ئەو توندوتیژیانە دەکەن. بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچ نەبێت ڕادەی ئەو توندوتیژیانە بگەیەنێت بە لانی کەم، پێویستیمان هەم بە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی هەیە، هەمیش بە هەبوونی سیستمێکی دێمۆکرات و یاسایەکی یەکسان کە بتوانێ بە ڕاشکاوی داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکات. لە هەمانکاتیشدا یاسا ئەبێت گەرەنتی ئیجرایی هەبێت و بتوانێت سزای ئەو کەسانە بدات کە سەرپێچی لە یاسا دەکەن،

یاسایەک کە لە سەر بنەماکانی یاسای بنەڕەتی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دامەزرا بێت. بۆ گەیشتنیش بەو کۆمەڵگا و یاسایە ئەرک و مەودای زۆرمان لە پێشە و ژنان ئەبێت زۆر بە راشکاوانە بێنە مەیدانەوە و بە دژ یاسای، کۆنەپەرەست و پیاوسالاریدا بچنەوەو، ئەگینا ئەگەر خەباتەکە لێگەڕێن تەنیا بۆ پیاوان بێت و خۆیان زیاتر ، بە کاری ماڵ و بەخێو کردنی منداڵەوە سەرقاڵ بکەن، ئەرکێک کە ئەرکی سەرشانی پیاویشە، ئیتر ئەوان کاتیان بۆ نامێنێتەوە بۆ خۆ پێگەیاندن و هەروەها بەشداری کردن لە خەباتی سیاسیدا. کاتێکیش خۆیان لە مەیدان نەبن خاترجەمبن پیاوان ئەگەر بە تەنیا بن یاسایەک دائەنێن کە زیاتر ویست و داواکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە، هەر وەک چۆن یاسای ئیسلام پیاو داینـاوە و بە قـازانجی خۆیەتی و ژن لە زۆر بواردا کۆیلەی پیاوە و موڵکی خۆشگوزەرانی ئەوە.

لێرەدا هەرچەند دەزانم هیوا بە تەنیا هیچ ناکات، بەڵام من لەم بۆنەیەدا هیوا دەخوازم کە زۆر نەخایەنێ شاهیدی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دێمۆکرات بین کە مافەکانی ژنان بێ جیاوازی لە گەڵ پیاوان لەوێدا گونجاو بێت و بە پێی تواناش هەوڵ ئەدەم وەک ڕێبوارێکی ڕێبازی یەکسانیخوازی نێوان ژن و پیاو لە بەرانبەر توندووتیژی دژی ژنان بێدەنگ نەبم.

## راگەیەندراوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

### راگەیەندراوی کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان خەبات بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

ئافرەتانی خەباتکاری کوردستان! خەڵکی ئازادی ویستی کوردستان و ئێران! ئەندامان ولایەنگر و دۆستانی کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات !

خەبات و قوربانیدانی ژنانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز، لە چوارچێوەی گەیشتن بە مافە زەوتکراوەکانیان، بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵێک دەسکەوتی پڕبایەخی بۆ ئەو چینە گەورەیەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرهەم هێناوە .یەکێک لەو دەسکەوتانە ناساندنی رۆژی ٢٥ی نوامبر لە سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو رۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەسەرانسەری جیهانە. یەکەم جار خەباتکارانی فمینستی لە کۆبوونەوەییکدا لە بوگوتای کولەمبیا لە رۆژەکانی ١٨ تا ٢١ی ١٩٨١ ، رۆژی ٢٥ی نوامبریان وەک رۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی راگەیاند و پاشان کۆماری دومینکەن بە کۆی دەنگی 74 وەڵاتی ئەندام بە نیشانەی رێزگرتن لە خوشکانی میرابال کە بەهۆی پێداگری لەسەر مافەکانیان لە لایەن حکومەتی نیزامی ئەو کات لەسێدارە دران، پێداگرییان لەسەر ئەو رۆژە کردەوە. لەساڵی 1999 کۆمەڵی گشتی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە نۆرەی خۆی ئەو هەڵبژاردن و دیاری کردنەی پەسەند کرد. توندوتیژی بریتییە لە هەر ئاکار و کردەوەییک کەببێتە هۆی ئازاری جەستەیی و روانی و کەسی قوربانی توشی زیان بێ. توندوتیژی بە جۆرەها شێوەی وەک جەستەیی، رۆحی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی...هتد، بەڕێوە دەچن. مێژووی چەوسانەوەی ئافرەتان مێژووییکی دووردرێژە و ئافرەتان بەردەوام لەگەڵ بێ مافی و سەرکوت بەرەوڕووبوونە. بەڵام دزێوترین و پڕئازارترین لایەنی چەوساندنەوەی ئافرەتان بەڕێوەبردنی توندوتیژییە لەدژیان. دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان دیاردەییکی جیهانیە و دەکرێ بڵێین لەسەرانسەری جیهان ژنان لەگەڵ ئەو کێشە بەرەوڕوون، هەڵبەت رێژەی کەم و زۆری رادەی توندوتیژییەکان لە وڵاتە جۆاروجۆرەکان جیاوازی هەیە و لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و وڵاتانی لەحاڵی گەشەسەندن و بەتایبەت وڵاتە دیکتاتۆرییەکان ئەو دیاردەیە زیاتر بەرچاو دەکەوێ . لەبەرانبەر ئەو رەوتەش دا، جێگەی خوشحاڵیە کە ئافرەتان دەستەوەستان نەبوونە و بەهەر نرخێک بووبێ، لەبەرانبەر ئەو ناعەدالەتیانە خۆراگریان کردووە و بە ئاگابوونەوە و ناسینی مافەکانیان و هەوڵ دان لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی یەکسان و ئاسوودە قەڵغانێکی قایمیان لەبەرانبەر هەموو بێ مافی و چەوساندنەوەکان دروست کردووە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی رادەی پێشکەوتنەکانی جیهان و خوێندنەوەی سەرلەنوێی دیاردە باوەکانی جیهان و ئاڵوگۆڕەکان، پێشکەوتنی ژنان بەتایبەتی ژنانی کورد وەک پێویست نەبووە و هێشتا رێگەییکی زۆر لەبەردەم دا ماوە. هۆیەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری عەینی و زەینی کە لایەنەکانی چۆنیەتی توندوتیژی وستەم لەبەرانبەر ئافرەتان دەردەخا. بەهێزترین هۆ بۆ بەڕێوەچوونی توندوتیژی لەدژی ژنان و مانەوەی سێبەری ستەم بەسەر ئافرەتانەوە، دەسەڵاتی سیاسی و یاساکانی حکومەتە. هەڵبەت چەوسانەوە و توندتیژی دژی ژنان ریشەی، لەکەلەپوور و داب و نەریتی دواکەوتووانە و دژە ژنی کۆمەڵگا هەیە و دیاردەی پیاوسالاریش لەڕاست هێشتنەوەی دۆخی نالەباری ئافرەتان وەکو خۆی بێ باندۆر نەبووە و بەردەوام لەمپەرێک لەبەردەم پێگەیشتن و وریابوونەوە و گەیشتنی ژنان بە مافەکانی بووە، بەڵام نکۆڵی لێنەکراوە کە هێزی دەسەڵات و حکومەت، یەکلاکەرەوەیە و ئەگەر سیستەمێک لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگاییکی یەکسان و بەرانبەر و ریشەکێشکردنی رەگەکانی چەوساندنەوەی ئافرەتان هەوڵ بدا و لەرێگەی چەسپاندنی یاسای عادلانە، کار لەسەر کەلەپووری کۆمەڵگا بکات بێ شک بەشێکی زۆر لە باری قورسی ستەمی تاقەت پرۆکێن لەسەر ئافرەتان کەم دەبێتەوە و ئیتر کەس ناتوانێ بە بێ ترس توندوتیژی لەبەرانبەر ئافرەتاندا رەوا ببینی و لەهەمان کاتیشدا ئەو قانونانە دەبنە گەورەترین پشتیوان بۆ چینی ئافرەتان. لەوپێوەندییەدا دەتوانین نموونەی رژێمی ئاخوندی لەوڵاتی ئێران بێنینەوە. دەسەڵاتی ئاخوندی سەرەڕای ئەوەی کە پێشێلکردنی مافی ئافرەتانی لە ئێراندا کردۆتە قانون و نەتەنیا رێگە دەدا ئازادانە توندوتیژی لەراست ژنان بەڕێوە بچێ، بەڵکو خۆی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی توندوتیژییە لەڕاست ئافرەتان و بە جۆرەها شێوە ژنان بەرەوڕووی ئازار و مەینەتی دەکاتەوە. لەئاوا هەلو مەرجێکدا، ئافرەتانی ئێران بە گشتی و ئافرەتانی کورد کە هیچ دەروییک بۆ رزگاری لەدەست زوڵم و چەوساندنەوە نابینن، دەبێ لەباری رۆحی لە چ فشارێکدا بن.بێ گومان فاکتەرێکی دیکە کە نابێ فەرامۆشی بکەین، دەور و کاریگەری خەبات و خۆڕاگری و هەوڵی ژنان بۆ وەدەستهێنانی ماف و لابردنی چەوساندنەوە لەسەر خۆیانە. لەڕاستی دا پێش مەرجی دامەزرانی یەکسانی لەکۆمەڵگا دا خەباتی نەپساوەی خودی ئافرەتانە. ژنان دەبێ لێبراوانە بۆ ناسینی مافەکانیان و خەبات لەبەرانبەر ناعەداڵەتیەکان هەوڵ بدەن و هەرگیز نابێ بە هەڵومەرجی داسەپاو رازی بن. هەڵبەت ئافرەتانی کورد و ئێرانی بە بوونی حوکمی دەسەڵاتی ئاخوندی ئەرکەکەیان گەلێک دژوارتر دەبێ، بەڵام هەروەک لە رابردووش دا شاهیدی بووینە، ئافرەتان دەبێ زیاتر لەجاران لەرێگەی پێگەیاندن و وریاکردنەوە و بەڕێوەبردنی کەمپین و سیمینار و چالاکی جۆاروجۆر لەخەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە پێ شێل کراوەکانیان بەردەوام بن و تاگەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجاری کۆڵ نەدەن. کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی رۆژی ٢٥ی نوامبر پیرۆزبایی لەسەرجەم ژنان

و کچانی کوردستان و ئێران و جیهان دەکا و هیوادارە بە خەباتی هەمە لایەنە توندوتیژی و هەموو بێ مافیەکانی دیکە لەسەر ئافرەتان هەڵگیرێ و بە کۆمەڵگاییکی یەکسان و بێ جیاوازی بگەین. لە رۆژی ٢٥ی نوامبری ٢٠١٠ رۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەسەر درێژەدان بە خەبات دژی هەموو ناعەداڵەتیەکان و بەتایبەت نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر ئافرەتان پێداگری دەکەینەوە .

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی ئافرەتانی کوردستانبرۆخێ رژێمی دژە ژنی ئاخوندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ئافرەتان
٢٥ی نوامبری ٢٠١٢

## راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومۆنیستی ئێران بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر "رۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی دژبە ژنان"

زیاتر لە یەک دەیە بەسەر دەرچوونی بڕیارنامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە دیاریکردنی رۆژی ٢٥ی نوامبر، رێکەوتی ٥ی سەرماوەز وەک "رۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژبە ژنان" تێپەڕ دەبێت. ٢٥ی نوامبر وەبیرهێنەرەوەی رۆژێکە وا لە ساڵی ١٩٦٠دا سێ خوشکی شۆڕشگێڕی "میرابل" ناسراو بە "پەپولە لەبیر نەکراوەکان" دوای شکستهێنانی بزووتنەوەی دژی دیکتاتۆڕی ١۴ی ژوئیە لە کۆماری دومێنیکەنی ئامریکای لاتین لە کاتی گەڕانەوەیان لە زیندان لە کێوەکانی بەینی رێدا لە لایەن مەئمورانی حکومەتەوە کوژران.

هەربەو چەشنەی کە دیاریکردنی رۆژێکی ئاوا ئاکامی ساڵانێک خەباتی شێلگیر و نەپساوەی رێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان و گوشاری ویژدانی بەشەریەتی بەرابەری تەڵەب بوو، هەر بەو جۆرەش هەڵگرتنی هەر هەنگاوێگ لە پێناوی سڕینەوەی توندوتیژی دژبە ژنان لە رێگای خۆڕاگری و خەباتێکەوە تێپەڕ دەبێت کە نە تەنیا دژبە هەرچەشنە هێمایەکی پەیڕەوکرانی ئەم توندوتیژیەوە لە دژی ژنان ئاراستە بکرێت، بەڵکو لەسەر بەستێنی خەباتێکی بەرین و جیهانی دژ بە نیزامێک دەستەبەر دەبێت کە لە رێگای بەندکردنی نیوەی مرۆڤایەتیەوە درێژە بە دەسەڵاتەکەی دەدات.

توندوتیژی دژبە ژنان دیاردەیەکی مێژوویی و جیهانیە و ئاوێتەی گەلێک شکڵ و شێوەی جۆراوجۆرە. لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە ٢ ملیۆن ژن وەک کاڵا دەکرێن و دەفرۆشرێن. بە ملیۆن کچی لاو لە هەر پێنج قارەی دنیادا بەبێ مافی هەڵبژارن ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. هەموو ساڵێک نزیکەی ١٤ ملیۆن کچی کەم تەمەن دووگیان دەبن. رێژەی مردن لە نێو ئەم کچانەدا لەو مانگانەی تێیدا دووگیانن و دوای منداڵبوون ٥ بەرابەری ئەو ژنانەیە کە لە تەمەنی مامناوەندیدا زەماوەند دەکەن. پیشەسازی پۆرنۆگرافی بۆ مافیاکانی سەرمایەداری لە دنیادا بۆتە پیشەیەکی پڕداهات. لە شەڕە ئیمپڕیالیستی، قارەیی و ناوچەییەکاندا، ژنان یەکەمین قوربانیانی توندوتیژی و دەستدرێژین، ٢٠ هەزار ژن لە ساڵدا دەبنە قوربانی قەتڵی ناموسی. ژنان بۆ رزگار بوون لە توندوتیژی پەیڕەوکراو لە دژیان دەست ئەدەنە کردەوەی خۆکوژی، ژنان لە بازاڕی کاردا یەکەم قوربانیانی قەیرانی ئابوورین. لە بەرانبەر کاری هاوشێوەدا لەگەڵ پیاوان، حەقدەستی کەمتر وەردەگرن، و هیتر. هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەیە کە بۆ کۆتایی هێنان و سڕینەوەی ئەم توندوتیژیانە پێویستە بچین بەگژ پێوەندی و نیزامی سیاسی و ئابووری سەرمایەداریدا. چوونکوو ئەو نیزامە هەم بواری ئەم توندوتیژیانەی خۆش کردوە و هەم لە رێگای پتەوکردنی کۆمەڵگای پیاوسالاریەوە، دەسەڵاتی سیاسی- ئابووری خۆی دەپارێزیت.

ئەگەرچی پێوەندی لەسەر بنەمای کۆیلەیی کاری کرێگرتەی ئینسان سەرچاوەی هەڵاواردنی رەگەزی و توندوتیژیە دژبە ژنانە و کۆتایی هێنان بە تووندوتیژی نواندن لە دژی ژنان لە گرەوی هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێ گرتە و ئەو نیزامەدایە کە بۆ پاراستنی خۆی تووندوتیژی و نایەکسانی دژ بە ژنان پێڕەو دەکات، بەڵام بە یارمەتی خەباتی رزگاریخوازانە و بەرابەری تەڵەبانە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و پاشەکشە کردن بە مەزهەب، گەلێک سنور و بەربەستی کۆمەڵایەتی و حقوقی لەبەردەم توندوتیژی نواندن دژبە ژنان داندراوە.

لەم نێوانەدا کۆماری ئیسلامی هەم وەک رژێمی لایەنگری بەربەریەتی سەرمایەداری و هەم وەک رژێمێک کە مەزهەبی کردۆتە ئامرازێک بۆ مانەوەی ئەم موناسباتە دژی ئینسانیە و تووندکردنەوەی چەوسانەوەی کرێکاران، لە ماوەی ٣۴ ساڵی رابردودا کارنامەیەکی گەلێک جەنایەتکارانەی بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەم رژێمە بە کەڵک وەرگرتن لە ئایین وەک ئامرازێکی ئایدئۆلۆژیک و بە یارمەتی فەرهەنگی دواکەوتوانە و پیاوسالارانە، هەڵاواردن و نابەرابەری رەگەزی و توندوتیژی نواندن دژبە ژنانی رەسمیەت پێداوە و یاسایی کردووە.

ئەگەر سەرەتایی ترین مافەکانی ژنان وەک مافی تەڵاق، مافی سەرپەرستی کردنی منداڵ، مافی میرات، مافی سەفەر کردن، مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگ، مافی هەڵبژاردنی بابەتی خوێندن و هیتر بەردەوام لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە خراونەتە ژێرپێ، ئەگەر ژنان مافی هەڵسوکەوتی ئازادانەیان لەگەڵ پیاوان نییە، ئەوەی کە جیا کردنەوەی رەگەزی لە هەموو ناوەندە کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە دامەزراوە ئاموزشیەکانیشدا کراوەتە بنەمایەکی نەگۆڕ و "سەرپێچی کاران" لەگەڵ لێدان و سووکایەتی پێکردنی خاهەرانی زینەب و تەنانەت زیندان و شێلاق لێدانیشدا بەرەو روو دەبنەوە و هاوکاتیش رژیم بە بەخشینی مافی چەند هاوسەری بە پیاوان و پەرەپێدانی سیغە، رواڵەتێکی یاسایی بە لەشفرۆشی و کڕین و فرۆشتنی ژن وەک کالایەک دەدات، وینەیەکی ئاشکرایە لە جەهەنەمێک کە ئاوێتە بوونی دین و سەرمایە لە ئێران بەدی هیناوە. لە راستیدا تووندوتیژی نواندنی دەوڵەتی دژبە ژنان نە تەنیا یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵکوو بەستێنێکی لەبارتریشە بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگا و و بنەماڵەدا.

خەبات بۆ سڕینەوەی توندوتیژی دژبە ژنان و لەویش گرنگتر خەبات لە پێناو بەرابەری ژن و پیاو و هەڵوەشاندنەوەی ئاپارتایدی رەگەزی لە شکڵ و شێوەی بەرینیدا بە درێژایی مێژوو لەو

جێگایەدا پەیڕەو کراوە کە چینی کرێکار یان لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی دا هەنگاوی هەڵهێناوە وە یان بۆ ماوەیەکی کورتیش بوویێت دەسەڵاتی سیاسی خۆی دامەزراندوە. چونکوو کە سیاسی- کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بە هێرش کردنەسەر خاوەنداریەتی تاکەکەسی واتە مالکیەتی خوسوسی، دەچێتە شەڕی ریشەی نایەکسانی نێوان ژنان و پیاو. راست لەم روانگەوەیە کە لە نێوبەردنی بوارەکانی ئابووری، سیاسی و حقوقی توندوتیژی نواندن دژ بە ژنان لە سەر بەستێنی هێرشێکی رادیکاڵ بۆسەر رژیمی سەرمایەداری مەزهەبی زاڵ بەسەر ئێراندا و لە مەسیری روخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم رژیمەوە تێپەڕ دەبێت.

بڕوخێ رژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کرێکاری

بژی سوسیالیزم

کومیتەی ناوەندی حیزبی کومۆنیستی ئێران

٤ی سەرماوەزی ١٣٩١

رێکەوتی ٢٤ی نوامبری ٢٠١٢

## بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی بەرەنگار بونەوە لە گەڵ توند و تیژی دژ بە ژنان!




لە لایەن سەنتەری ژنانی کورد لە کوڵن

ئایا دەزانن :

*ژنان دووسێهەم تا سێ‌چوارەمی کاری دونیا ئەنجام ئەدەن،ئەویش لە کاتێکدا کە ١٠ لە ١٠٠ی دەسکەوتی ئابووری دونیا بە ئەوان دەگات؟

ئایا دەزانن :

*چوار بەش لە پینج بەشی هەژارانی کۆمەڵگای ئامریکا ژنان و منداڵانن و لەم وڵاتەدا هەر ١٥ سانیە یەک ژن بەر شەق و لیدان دەکەوێت و هەر ڕۆژەی چوار ژن لە ژێر زەبری لێدان و توندوتیژی گیانیان لە دەست ئەدەن و هەرشەش دەقیقە دەستدرێژی جنسی دەکرێتە سەر ژنێک؟

ئایا دەزانن :

لە هەر ١٨ سانیەدا لە دونیا ژنێک دەکەوێتە بەر مەترسی توند و تیژی و لە هەر ٣ ژن، ژنێک قوربانی توند و تیژی جەستەیی و ڕۆحی و ڕەوانیە و لە هەر ٥ ژن ژنێک بەر مەترسی دەستدرێژی جنسی کەوتوە یان دەستدرێژی کراوەتە سەر، و زیاترلە ٦١% ژنان لە کاتی دووگیانیدا بەرەوڕوی توند و تیژی دەبنەوە و ڕۆژی ٧ هەزار کچی منداڵ لە دونیادا بە زۆر بە شوو ئەدرێن ولە هەر ٢ کچی منداڵ کە بە زۆر بە شو ئەدرێت یەکێکیان دەکەوێتە بەر مەترسی و توند و تیژی بەرانبەر دەکرێت و هەر ساڵە ١٠ میلیون منداڵی کچ منداڵیان دەبێت لە کاتێکدا خۆیان هێشتا منداڵن؟

ئایا دەزانن :

*زۆرترین پوڵی بازەرگانی بە ژنان و بە کاڵا کردنی ژنان لە ئیران دەچێتە گیرفانی دەسەڵاتداران و کەساییەتیەکانی حکومەت و بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوی ئامریکا ڕۆژانە زیاتر لە 54 ژنی ئێرانی بە ووڵاتانی پاکستان،ئیمارات، یەکگرتووی عەرەبی و تورکیە دەفرۆشرێن و زیاتر لە ١٠٠ حاڵەت بەردباران تا ئیستا لە ئێراندا بەڕێوە چووە کە زیاتر لە٧٠ %ی ژنان بوون و ئێستاش ٥٩ کەس لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان کە ئەو حوکمەیان بە سەردا داسەپاوە؟

ئایا دەزانن :

*لە دونیادازیاتر لە ١٣٥ میلیون ژن لە باری جنسیەوە کەمئەندام کراون ورۆژانە ٦٠٠٠ کچی منداڵ لە باری جنسیەوە کەم ئەندام دەکرین؟

**ئایا دەزانن :**

*کە لە کاتی شەڕی ئامریکا دژ بە عێراق لە ناو فڕۆکەی شەرکەری جان،ئیف کێنێدی بۆ ئەوەی خەلەبانەکان بۆ شەڕ و هەڵمەت ئامادە کەن فیلمی سیکسی کە سادیسم و توند و تیژی بەرانبەر ژنان لە کاتی سیکسدا تێدایە پیشان ئەدرا و ئاوا ئەوانیان بۆ شەڕ و هەڵمەت ئامادە دەکرد؟

**ئایا دەزانن :**

*لە بولیوی ٧٩% کچان بە هۆی خراپ بوونی باری ئابووری لەشفرۆشی دەکەن و ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی هیند ٥% ژنان لە بەر ئەوەی پوڵی بردنی جیازی زۆریان نیە دەکوژرێن؟! و لە تورکیە تەنها لە شەش مانگی هەوەڵی ساڵی ٢٠١١ بیستوشەش هەزار ژن بونەتە قوربانی دیاردەی توندوتیژی و لە میسر ٨٣% لە ژنانی میسری و ٩٨%ی ژنانی بیانی کە لەو وڵاتەدا دەژین ئەزیەت و ئازاری جنسی ئەدرێن و ئایا دەزانن ساڵانە زیاتر لە ٥٠٠٠ قەتڵ بە ناوی بەرگیری لە شەرەف و ناموس ڕوو ئەدات و وزۆر تاوان و قەتڵێتریش کە لە هیچ جێگایەک تۆمار ناکرێت. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی سازمانی بهداشتی جیهانی ژنان سێ جار زیاتر لە پیاوان هەوڵی خۆکوشتن ئەدەن و ٩٢% ئەو ژنانە ژنی خانەدارن و ٩٨% ئەم خۆکوشتنانە لە ڕێگای خۆسوتاندنەوەیە؟

**ئایا دەزانن :**

لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا یەک هەزار و ١٢ ژن لە هەرێمی کوردستان سوتاون و لە هەر هەفتەیەکیشدا زیاتر لە ٢٠ ژن دەسوتێ؟

**و ئایا دەزانن :**

*تەرمی بێ گیانی دۆعایان بە ماوەی پینج ساعەت لە کوچە و کۆڵانەکانی باشیقە سوڕاندەوە تا ئەوانەی کە لە سەمفۆنیای بەردباران کردنی بەشدار نەبوون ئەو شانسەیان پێ بدرێت بەلانی کەم پەیکەرە بێ گیانەکەی بەردباران بکەن، تا ئەو شتە ببێتە مایەی دەرس و عیبرەت بۆ میژوو ،تا کورە منداڵەکان فیر ببەن کە چلون دەبی بکوژن و کیژۆلەکانیش فیر بن کە ئیزنیان نیە خۆلیای ئەوین و خۆشەویستی پەروەردە بکەن؟

**ئایا دەزانن :**

شەوی سەرکەوتنی شۆڕش لە میسر، واتە ١١ی فوریە کە بڕیار بوو بروسکەی بەهاری عەرەبی لە گەڵ خۆی بە دیاری بهێنێت، شەوی ناشتنی هیوا ئینسانیەکانی ژنانی میسر بۆ مسۆگەر کردنی جیهانێکی میهرەبانتر کە ژن و پیاو تیایدا یەکسانن بوو هەر لەو شەوەدا کاتێ کە دروشمی ئازادی ئەدرا و موبارەک وڵاتی جێ هێشتبوو
هەرئەو پیاوانەی کە ڕۆژەکانی پێشوو بۆ ڕووخانی حکوومەتی موبارەک لەو مەیدانەدا هاوشان و هاوسەنگەر لە گەڵ ژنانی میسری کۆ ببوونەوە، هێرشیان هێنا سەر چەند ژنی هاوڕێ و هاوسەنگەریان و دەستدرێژی جنسیان پێ کردن، هەر ئەو شەوە دەستەیەک پیاو بۆ جێژن گرتنی ئەو سەرکەوتنە و دەربرینی شادمانی خۆیان، بە تێکڕایی دەستدرێژیان لە لارا لوگان، ڕۆژنامەوانی تەلەویزیونی **CBS** کرد. هەر لەو شەوەدا مریەم نەکیوی، ڕۆژنامەوانی ٢٤ ساڵە و ئالا دەروێش ڕۆژنامەوانی فمینیستی میسرش دەستدرێژی جنسیان پێ کرا.مریەم نەکیوی دەگێڕێتەوە کە کاتێک هاواری دەکێشا و داوای یارمەتەی دەکرد، پیاوەکان پێیان دەکووت کە بێدەنگ بێت و جێژنەکەیان لێ نەشێوێنێ
و ئایا دەزانن کە موستەفا عەبدول جەلیل ڕئیسی دەسەڵاتی کاتی لە لیبیا لە بڕواری ٢٣/١١ کاتێک کە وتاری سەرکەوتنی پێشکەش دەکرد هەوەڵین شت کە ئاماژەی پێدا ئەو بوو کە لەمەوبەدوا بنەمای ئایین دەکەینەوە بە یاساو فرەژنی کە تا ئیستا قەدەغە بووە لەم وڵاتەدا ئازاد دەبێت

ئایا دەزانن کە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا ڕۆژانە هەزاران هەزار تاوان دەکرێت بێ ئەوەی لە هیچ جێگایێک تۆمار بکرێت

**ئایا دەزانن :**

*توند و تیژی بەرانبەر بە ژنان ڕواڵەت و سیمایێکی ڕازاوەی کۆمەڵگای پیاوسالاریە و دەیان ڕوخساری هەیە و ئایا دەزانن کە تاکە تاکەی ئێمە لە هەڵسوڕانی ئەم بازنەی توندوتیژیانە بەرپرسیارین
ئایا هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەم ڕووداو و کارەساتانە بۆ دەقەومێن؟؟
ئایا هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە کاتی ئەوە هاتووە کە ئێوەش، کە ئێمەش دەنگ هەڵبڕین؟؟؟؟

سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن/ئاڵمانیا

ماڵپەری کچی قەندیل

٢٥ی نوامبری ٢٠١١

تێبینی: تەواوی ئەو ئامارانە لە سەرچاوەی باوەر پێکراو بە گوێرەی راگەیاندنی رێکخراوەکانی جیهانی و نێونەتەوەییە کە توێژینەوەیان لە سەر بابەتی توند و تیژی کردووە وەرگیراوە

## لە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژناندا بە کۆی دەنگە نارەزاکانمان دەڵێین :<br>هەر توندوتیژیەک شێوازێکی کوشتنە و نا بۆ کۆمەڵکوژیی ژنان

توندوتیژی ئەو زهنیەتەیە کە گەوهەری ئایدیۆلۆژیای سیستەمی پیاوسالاری پێک دێنێت و بەو عەقڵیەتەوە بە درێژای تەمەنی پێنج هەزارساڵەی هێرشی کردوەتە سەر کۆمەڵگای دایکایەتی لە جێگای ئاشتەوایی و یەکسانیی و ئازادیی و دادی کۆمەڵایەتیی لە رێگەی شکانەوەی رەگەزی ژن کۆمەڵگای رووبەرووی چەوسانەوەو کۆیلایەتیی و چینایەتیی و رەگەزگەرایی کردوەتەوە. لە ئەنجامدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو و ژینگەوە زەرەرمەند بوون، بەڵام ژن وەک هێزی پێکهینەری کۆمەڵگا قوربانی یەکەمە .
ئەگەرچی رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی بۆ ئەو رووداوە دەگەرێندرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمینیک سێ خوشکی شۆرشگێری نێو بزووتنەوەی تێکۆشانی ئازادیی (قەلاندەستینا) بە ناوەکانی (پاتریا، مێرڤا، ماریا تەرسێل میرابێل) کە لە دژی دیکتاتۆری ترۆئیل ۆ لە کۆماری دۆمینیکدا تێدەکۆشان، پاشان لە لایەن سەربازانی سوپای دیکتاتۆرەوە دەگیرێن و سەرەرای لێدان و ئەشکەنجە بەشێوەیەکی وەحشیانە دەست درێژی سێکسیان دەکرێتە سەر و پاشان دەیانکوژن. ژنانی وڵاتانی دۆمینیکیش لە دژی ئە رووداوە رادەپەرن و تێدەکۆشن تا رووخانی ئەو دیکتاتۆرە. بۆیە بۆ یەکەمین جار لە "یەکەمین کۆبوونەوەی فمێنیستی بۆ ئامریکای لاتین و دوورگەکانی دەریای کارائیب" کە لە بوگوتای کولومبیا لە رۆژەکانی ١٨ تا ٢١ی ژوئیەی ١٩٨١ بەرێوە چوو، رۆژی ٢٥ی نوامبر وەک "رۆژی جیهانی خەبات لە دژی توندوتیژی لە دژی ژنان" راگەیەندرا. بەڵام هەموو بەڵگە مێژووی و زانستەکانی کۆمەڵناسی ئەو راستیانە پشتراست دەکەنەوە کە توندوتیژی تەمەنەکەی هاوتەریبە لەگەڵ تەمەنی پیاوسالاریی و بەرەنگاربوونەوەشی بەبەردەوامی لەلایەن مرۆڤەکانەوە هەبووە، بەتایبەتی ژن هیچ کاتێک ئەو سیتەمە داسەپێنراوەی لە ناخەوە پەسەند نەکردووە و تا رۆژی ئەمرۆیش لە تێکۆشاندایە .
توندوتیژیی بە هەر سێ جۆرەکەی جەستەیی و دەروونیی و سێکسیی، لە هەموو بوارەکانی سیاسیی و سەربازیی و ئابووریی و یاسایی و کۆمەڵایەتیی...هتد بەرێوە دەچێت. لە ئەنجامدا لێدان و ئەشکەنجە و زیندانی کردن و کوشتن و سووکایەتی پێکردن و بچوکردنەوە و سنووردارکردنی مافەکانی و سەرکوتکردن و چەوسانەوە و کردنە ریکلام و بازرگانی پێوەکردن، کرین و فرۆشتنی و کردنە کەسێکی لەشفرۆش، ئەمانە هەموو لە سەرتاسەری جیهاندایە و کەم تا زۆر یەک ژنیش نیە رووبەرووی جۆریک لە جۆرەکانی، یان چەندین جۆر لەو توندوتیژیانە یان رووبەرووی زۆربەیان نەبێتەوە، بە هۆکاری ئەوەی کە رەگەزی مێینەیە .

### ژنانی ئازادیخوازو تێکۆشەرانی دیموکراتیی :

ئێمەی ژنانی کورد لەگەڵ ئەوەی رووبەرووی چەوسانەوەی رەگەزیی دەبینەوە رووبەرووی چەوسانەوەی نەتەوەیش دەبینەوە لە ئەنجامدا رۆژانە ژنانی کورد لەسایەی سیستەمی دەسەڵاتدارانەوە رووبەرووی گرتن و ئەشکەنجەو زیندانی کردن و سزای لەسێدارەدان دەبنەوە، هەروەها لە ئەنجامی بەرێوەبردنی تێکۆشانێکی بێ وێنەی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنانی کورد لە پێناوی ئازادی نەتەوەیی و رەگەزیی و دیموکراتیەتدا رۆژانە لە رووبەرووبونەوەدا ژنی کورد گیانی خۆی بەخت دەکات. لەسەرتاسەری جیهانیشدا تاکە بزووتنەوەیە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەرە بۆ تێپەراندنی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوەکانی سەر ژنان و کۆمەڵێک نرخ و بەهای بۆ ئازادی رەگەزیی ئافراندووە.
کۆمەڵگای باشووری کوردستان و ئێراق سەرەرای گیرۆدەبوونی بە کۆمەڵێک یاسای کۆنەپارێزیەوە دەسەڵاتی داد و جێبەجێکردن تا دوا رادە لەبەرامبەر ئەم دیاردەیە خەمساردە. بە پێی ئەو ئامارەی کە لەلایەن دام و دەزگای حوکمەتەوە راگەیەنراوە لە سێ ساڵی رابردوو ١٠١٢ ژن لە هەرێمی کوردستاندا خۆیان سوتاندووە. ئەمە سەرەرای کوشتن و خۆکوشتن و لێدان و ئەشکەنجە و تەحەروش و لاقەکردن و لەشفرشی و بازرگانی کردن بەژنانەوە هتد... کە رێژەیەکی بێ سنوورە، ئەم راستیە گوزارەیە لە وەی کە لە کۆمەڵگاکەماندا رۆژانە ژن دەبنە قۆچی قوربانی. ئێمە وەک رێکخراوەکانی ژنان هەموو ساڵێک بەکەمپین و هەڵمەت و زنجیرە چالاکی هەوڵماندااوە بەرەنگاری هەموو جۆرە توندوتیژییەک ببینەوە. بۆ چارەسەریش دەڵێین کە تێکۆشانی ئازادیی بەرپرسیاریەتیەکی مێژووی و ژیانی و کۆمەڵایەتیە. پێمانوایە بەرێوەچوونی هەر توندوتیژیەک لەسەر ژنان بەواتای شکاندن و کوشتنی کەسایەتی ژنانە. لە هەمانکاتدا هێرش و بریندارکردنی کۆمەڵگایە .
لەو چوارچێوەیەدا لە سەرەتای ئەمساڵەوە بە کۆمەڵێک چالاکیی کەمپینێکمان راگەیاندبوو بە ناوی "نابۆکۆمەڵکوژیی ژنان". ئەو زنجیرە چالاکیانەمان کە بە بۆنەی رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە ئەنجامی دەدەین بە دروشمی "هەموو توندوتیژیەک شێوازێکی کوشتنە، نا بۆ کۆمەڵکوژی ژنان" دەگەیەنینە ئاستێکی بەرز لە تێکۆشان. لێرەدا داواکاریەکانمان بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە و لە چەند خاڵێکدا کۆ دەکەینەوە بۆ بنەبرکردنی توندوتیژی و کوشتنی ژنان :
١- کاری جیدی بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە گرینگیەکی زیاتر بە بەشداری ژنان لە پێناو دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ

ململانێکان و دانوستاندن و بونیادنانی ئاشتی و پاریزگاریکردنی دەدات .

٢- هەموو شێوازەکانی توندوتیژی لە هەموو بوارەکانی (سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، یاسایی هتد، وەک کەلتووری دەستدرێژیی بەدناو بکرێت و دەسەڵات لە چوارچێوەی یاسادا هەوڵی بنەبرکردن و چارەسەرکردنی بدات .

٣- پێویستە کاری جیددی بۆ جێبەجێکردن و بە پراکتیک کردنی یاسای باری خێزانیی بکرێت .

٤- کار لە پێناو دانانی یاسایەکی گونجاو بۆ ژنانی کرێکار بکرێت بە شێوەیەک کە ژنان لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن.

- نا بۆ کۆمەڵکوژی ژنان
- نا بۆ هەموو توندوتیژییەک و شکاندن و برینداركردنی کەسایەتی ژنان
- بەڵێ بۆ یەکرێزیی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی ژنان

ڕێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان

کومیتەی ژنانی کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

٢٥ی نوامبری ٢٠١١

## بۆچی توندوتیژی دەرهەق بە ژن دەکریت؟



ڕێپۆرتاژی: ڕۆشنا ئەحمەد – تەها ئەحمەد

ژن وەک لە وتە کلاسیکییەکەوە وەرگیراوە، کە نیوەی کۆمەڵن، دیارە نیوەکەی تری ڕەگەزی نێرن لە کۆمەڵگاداو پێکەوە نەبێت ناتوانن خێزان پێک بێنن، ژیانی کۆمەڵگا بەبێ بوونی ڕەگەزی مێ لە جەستەیەکی بێ دڵ و دەروون دەچێت، بەبێ هاوکاری ژن، پیاو بوونەوەرێکی بێهێزو بێتوانایە، بەڵام دەبێت هۆی چی بێت ژن لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە دەچەوسێتەوە، توندوتیژی و هەڕەشەو لێدانی لەگەڵدا بەکاردێت؟ دەمانەوێت بیروڕای جیاوازی خەڵک و پسپۆڕان لە دووتوێی ئەم نووسینەدا نوومایش بکەین و لەو هۆکارو فاکتەرانە بگەڕێین کە بۆچی توندوتیژی و ئەشکەنجە بەرامبەر بە ژن بەکار دێت؟

### یەکسانی جێندەری لەنێوان ژن و پیاودا ناهاوسەنگە

سەرەتا ویستمان بیروڕای مامۆستاو ئەکادیمییەکان وەربگرین و بزانین خوێندنەوەیان بۆ ئەم دیاردە درێژخایەنە قێزەونە چییەو فاکتەرەکانمان بۆ ڕوون بکەنەوە، بۆیە دەستپێک چووینە لای مامۆستا عەلی سەعید کە لە کۆلێژی ئەدەبیاتە، زانکۆی سلێمانی، مامۆستا بڕوای وایە کە "سیستمی پیاوسالاریی و گووتاری ئایینی دوو هۆکاری گرنگن بۆ ئەوەی کە دارو عەساکە بدەنە دەست پیاو و حسێبی هاووڵاتی پلە دوو بۆ ژن بکرێت، ئازادی کار کردن و چوونە دەرەوەی لێ بسەندرێتەوە، دواجار یەکسانی جێندەری لەنێوان ژن و پیاودا ناهاوسەنگ دەکات، تەرازووی پیاو قورسترە لە تەرازووی ژن، بۆیە پیاوی زاڵ کردووە بەسەر ژنداو کۆمەڵگاش هەر لە سەرەتاوە ئەمەی قبوڵ بووە، بەڵام ئەمڕۆ لە جیهاندا گۆڕانکاری ڕوویداوە ژن ئازادتر بووەو یاسا سەروەرترەو پیاوی توندوتیژ کە لێدان بەکار دێنێت بەرامبەر بە ژن دووچاری سزاو لێپرسینەوە دەبێتەوە زیندان دەکرێت، دادگایی دەکرێت، هەست دەکەم ڕێژەی توندوتیژی کەمتر بۆتەوە لە جاران."

### ئەم کۆمەڵگایە لەسەر نەریت و بەرنامەیەکی سوننەتی دەڕوات بەڕێوە

دکتۆر شلێر مەحمود، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، لەمبارەیەوە ئاوەها دوا:" کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کوردی بە تایبەتی، هاندەرن بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە نێوان تاکەکانیدا، بە تایبەتی گەورەکان بەرامبەر بچووکەکان مەیسەری دەکەن، پیاوانیش بەرامبەر بە ژنان، کولتوورو هزری خێڵەکی فەرهەنگێکی سەردەست کردووە کە پێی دەووترێت باوکسالاریی، ئەمەش کۆت و بەندی بۆ ژنان دروستکردووە، ئەگەر ژن بیەوێت ئەو کۆت و بەندە بشکێنێت ئەوا دووچاری توندوتیژی و بگرە کوشتنیش دەبنەوە، ئەم کۆمەڵگایە لەسەر نەریت و بەرنامەیەکی سوننەتی دەڕوات بەڕێوە کە وەکو ڕێساو یاسایەکی شەرعی لێهاتووە بەبێ ئەوەی وەکو دەستوور نووسرابێتەوە، تەنانەت پیاوانی خوێندەوارو ڕۆشنبیریش لەسەری دەڕۆن بەڕێوەو چەقبەستوویی دروستکردووە، بڕوایان بە ئازادی و پلەو پایەی سیاسی و ڕۆشنبیری ژن نییە. بڕوایان بە یەکسانی نییە لەڕووی پراکتیکەوە، بۆیە ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە هاندەرە بۆ ئەوەی یەکسانی




مەیسەر نەبێت، کە یەکسانیش نەبوو، دیالۆگ و گفتوگۆ نابێت، بە پێچەوانەوە شەڕوشۆڕ جێگەی دەگرێتەوە. ئەنجامیش شەڕیش هەمیشە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر یاسایەکی توندو پتەو و بەهێز نەبێت ئەم دیاردەیە سنووردار ناکرێت و پەرە دەستێنێ."

## جیاوازکاری هەر لە منداڵییەوە لە نێوان کوڕو کچدا ئاسایی و شەرعی کراوە

هەروەها مامۆستایەکی ئامادەیی، بە ناوی خاتوو شەهلا، سەبارەت بەم دۆزە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی پێوتین:" لەم وڵاتەی ئێمەدا ڕەوشی ژن لە بارودۆخێکی ناخۆشدایەو بەشمەینەتەو مامەڵەی پیاوسالارانە هێشتاکە لەبرەودایەو دۆخی ژنی خستۆتە قەیرانەوە، ئەو هەموو ژنە کوردە ساڵانە دەکوژرێن و دەسووتێن چونکە توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێت و مافی ڕەوای خۆیان نادەنێ.
خێڵ و هۆز حسێبی مرۆڤ بۆ ژن و ئافرەتان ناکات، کچ لە زۆر جێگەدا لەسەر بێشکەوە دەدرێن بە شوو، دیاردەی بەزۆر بەشوودان، یان شووکردنی کچێک بە پیاوێکی پیر، ئەمانە هەموو دەلالەتن بۆ نایەکسانی ژن و پیاو، هۆکارن بۆ چەوساندنەوەو زوڵمکردن لە ژن. هەمیشە ئافرەتی کورد بووەتە قوربانی دەست نەریتە سواوەکان و خێزان و ئایینیش هەر ناهەقییان بەرامبەر بە ژن و ڕەگەزی مێینە کردووە و جیاوازکاری هەر لە منداڵییەوە لە نێوان کوڕو کچدا ئاسایی و شەرعی کراوە لە خێزان و بنەماڵەدا."

## مامەڵەی کەسێکی مەدەنی و خاوەن بڕوانامە جیاوازە لە کەسێکی جوتیار یان بەقاڵ یان قەساب

لە پرسیارکردنمان بەردەوام بووین و ئەمجارە ڕێکەوت بردینیە لای بەختیار سەعید عەلی کە قوتابی بۆردی دکتۆرایەو بەمشێوەیە وەڵامی پرسەکەی داینەوە:" هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم دیاردەیە بە بڕوای خۆم نەبوونی ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری و زانستییە لەو پیاوانەدا کە توندوتیژی دەرهەق بە ئافرەت بەکاردێنن، چ ژنیان بن یان خوشک یان کچیان بن، بەڵام ئەوەش هەیە کە خێزانێکی شاریی لەگەڵ شارۆچکەو گوندەکاندا جیاوزییان هەیە، مامەڵەی کەسێکی مەدەنی و خاوەن بڕوانامە جیاوازە لە کەسێکی جوتیار یان بەقاڵ یان قەساب، خوێندەوار لەگەڵ بێسەوادادا دوو کەسی جوودان و تێڕوانینیان بۆ ئافرەت جیاوازە، ئەوەی یەکەمیان حسێبی مرۆڤی بۆ دەکات و یەکسانی پێدەبەخشێت و بڕوای بە کارکردنی هەیە لە دەرەوەی ماڵ، بەڵام نەخوێندەوار ئەو بڕوایەی نییەو حسێبی نیوە مرۆڤیشی بۆ ناکات و لێدان و چەوساندنەوە بەکار دێنێ لە گوزەرانی ڕۆژانەیداو دەرهەق بە ئافرەت کەسێکە کۆنەخوازو دوواکەوتووە. لەسەر شتێکی ئاسایی پەنا بۆ کوشتنی ئافرەت دەبات. ئەوەتا ژن و کچ لە شارەکاندا بە حەزو خۆشەویستی شوو دەکەن، لە پلەی بەرزی حیزبی یان خوێندندان. ڕادەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان کەمتر بۆتەوە و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕۆڵی خۆی گێڕاوەو پیاوانی بکوژ حوکمی توند دەدرێن."

## هۆکاری کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئاینیی لە پشت توندوتیژییەوەیەن دەرهەق بە ئافرەت

بۆ زیاتر یەکاڵاکردنەوە، چووینە لای خاتوو ڕازاوە ئەحمەدی مافناس، ئەو خاتوونە پێی وابوو:" هۆکارەکان باکگراوندی زۆر کۆنیان هەیەو ئەم دیاردەیە تازە نییە، هۆکاری کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئاینین، لە کۆنەوە پیاوان توندوتیژی بەکاردێنن، گەورە بەرامبەر بە بچووک، بەهێز دژ بە لاواز، دەسەڵات لە هەمبەر هاووڵاتیدا، بەڵام ئەوەیە ئێستا میدیاکان، نووسراوو بینراو ئەم دیاردەیە نیشان دەدەن و بەدواداچوونیان بۆ دەکەن و بە هەموو لایەکدا بڵاویدەکەنەوە، لێرەو لەوێ باسی لێوە دەکەن، هەتاکو ئێستا دەتوانین ئەوە بڵێین کە یاساش زۆر توندو بەهێزو چاوترسێن نییە بۆیە توندوتیژی بنەبڕ نەبووە، بەڵام لەمدووایییەدا گوێبیستی ئەوە بووین کە بکوژانی (دوعا) ی جوانەمەرگ، لە سێدارە دەدرێن، ئەوەش دەبێتە کارێکی بەربەست و(رادع) و ڕۆڵی خۆی دەبێت لە کەمبوونەوەی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەتان لە کۆمەڵگاکەماندا.

## هزری پیاوسالاریی وایدەبینێت کە ئافرەت دەبێتەهۆی ئابڕووچوونی بنەماڵە

لە کۆتایی ئەم ڕیپۆرتاژەدا، دەبوایە بچینە لای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و ئاکادیمیانە شرۆڤەمان بۆ بکات، کاک بەهات ئیبراهیمی توێژەر، ئاوەها هۆکارەکانی بۆ شیکردینەوە:" لە کۆمەڵگاکەماندا سیستمی باوکسالاریی سەردەستەو ژن وەکو بونەوەرێکی ئاست نزم وپلە دوو یان سێ لە قەڵەم دەدات. مامەڵەی دروست و پەروەردەیەکی مەدەنی پێشکەش بە ڕەگەزی مێ ناکات.
خێزان چەپاندن و سەرکوتکردن بەکار دێنێت و جیاکاری نێوان نێرو مێ پیادە دەکات چونکە هزری هۆزگەرایی و پیاوسالاریی وای دەبینێت کە ئافرەت دەبێتە هۆی ئابڕووچوونی بنەماڵەو خێڵ.
سەبارەت بە چارەسەری و کەمکردنەوەی توندوتیژی، بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگاو بەرەو مەدەنییەت و سەربەخۆ بوونی ئابوورییانەی ژن و کارکردنی لە دەرەوەی ماڵ دەتوانرێت سیسمتی چەقبەستووی باوکسالاریی تێک بشکێندرێت و یاساش سەروەرتر بێت لە کۆمەڵگای کوردیدا.

ماڵپەری ئێستا

٢٦ی نوامبری ٢٠١٢

## هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بەردەوامی کێشەکانی ژنان



سالانە لە رۆژی ٢٥- ١١ دا هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک چالاکی دەست پێدەکات و بۆ ەمساڵیش بڕی ٧١ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، بەشێک لە چالاکوانانی ئەو بوارەش رەخنە لەوجۆرە هەڵمەتە دەگرن و پێیانوایە نەبوونەتە هۆکارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان.

**راپۆرتی: بناری مام خاڵۆ**

ئەمرۆ ٢٥ نۆڤەمبەر، رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندیژی بەرامبەر ژنانە و لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک چالاکی بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام دەدەرێن. لەو چوارچێوەیەدا گروپی 25 نۆڤەمبەر کە گروپێکی ژنانەیەو تایبەتە بەکارو چالاکییەکانی رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندیژی بەرامبەر ژنان، شارێی سالمیان داخستو بریارە لەبەردەم باخی گشتی سلێمانیدا چەند چالاکییەک چەنجامبدەن. ژنان هۆکاری کارەکەیان بۆ ئەوە دەگەرێنەوە کە پیاوانی شۆفێر ئەم رۆژەیان بەبیر بێتەوەو دوور بکەونەوە لەئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان.
هەڵمەتەکەی ئەمساڵ بە ئامانجی کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی دژن بە ژنان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەو دیاردەیە و بەدروشمی (لە ئاشتیی ماڵەوە بۆ ئاشتیی کۆمەڵگا)، بڕیاروایە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.
ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی باڵای خانمانی کوردستان راگەیاند: هەڵمەتەکە لەلایەن لیژنەیەکی باڵاوە بەرێوەدەچێت کە نوێنەری وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئەوقاف و رۆشنبیری و کار و پەروەردە و خوێندنی باڵای تێدایە و ئەنجومەنی باڵای خانمان سەرپەرشتی دەکات، بەمەش هەڵمەتی ئەمساڵ بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو فراوانتر و زانستیانەتر بەرێوەدەچێت.
وتیشی "هەموارکردنی ئەو یاسایانەی پەیوەندی بە ژنان و خێزان هەیە ، جێبەجێکردنی ئەوانەشی دەرچووە و تاکو ئێستا جێبەجێنکراوە یەکێک دەبێت لەو خاڵانەی لەو هەڵمەتە قسەی لەسەر دەکرێت."جگە لە باسکردن لە دامەزراندنی دادگای پێویست و نیشاندانی کورتە فیلم و بەرنامەی هونەری و وەرزشی و ئەنجامدانی کۆڕ و سمینار و هەڵواسینی پۆستەرات لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، کە سەرجەمیان گوزارشت لە بەرەنگاربونەوەی توندیژی دژ بە ژنان دەکەن تەواوکەری هەڵمەتەکە دەبن. یەکێکی تر لەوچالاکیانەی کە بریارە لە رۆژانی هەڵمەتەکەدا بەرێوەبچێت، مەترسیەکانی سەر رێژەی تەڵاق و بەشوودان لەتەمەنی منداڵی و بە زۆر بەشودانە، ئەویش لە رێگای هەڵمەتی وشیارکردنەوە لەناو ئامادەیەکان ،تاکو کچان و کوران بگەنە ئاستێک تێگەیشتنیکی زانستیانەیان هەبێت بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری.
لەسەر ئەم پرسە ژنانی ئۆپۆزسیۆن لە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان بریاریانداوە لە یادکردنەوەی رۆژی جیهانی روبەروبونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بایکۆتی هەموو چالاکیەکانی حکومەت بکەن. لە یاداشتەکەیاندا هێمایان بۆ ئەوە کردووە کە ژنان تەنها ساڵانە لە کاتی بۆنەکاندا بیری دەسەڵات دەکەوێتەوە و پارەیەکی زۆر بە هەدەردەدرێت لە کۆمەڵێ چالاکی رۆتینیو دوبارەدا لەکاتێکدا کۆمەڵێ کاری زۆر گرنگ هەیە کە دەبێ ساڵانە ئەنجام بدرێ، بەڵام بەداخەوە کاریان بۆ نەکراوە. پێشیانوابووە کە ئەم جۆرە مەراسیمانە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر ژیانو گوزەرانی ژنانی ئەم هەرێمەدا ناهێنێت، لەو یاداشتەدا کۆمەڵێک لەو کارانە دەخەنە روو کە دەبوو لەمەوبەر کاری بۆ بکرایەو بەڵام تائێستا کاری بۆ نەکراوە.
هەرلەم رۆژەدا ژنانی خانەقین کۆمەڵێک داواکارییان خستە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، داواکارییەکانی ژنانی خانەقین کە لە ١١ خاڵ پێکهاتووە، لەلایەن هەریەک لەلیژنەی ئاشتی و هیوا بۆ (ئەنانا)، رێکخراوی مافی مرۆڤ، رێکخراوی گوڵەکانی خانەقین، رێکخراوی ژنانی ئازادیخواز، سەنتەری رۆناکبیرو راگەیاندنی ژنان، لیژنەی بەرگریکردن لەبەرژەوەندییە باڵاکانی خانەقین، یەکێتی ژنانی کوردستانو کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ئامادەکراوەو ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانو رای گشتی کراوە کە بریتین :

١- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی موچە بۆژنان و کچانی بێکاری ماڵەوە دابین بکات.

٢- قەدەغەکردنی جنیودان بە ئافرتان بە پێی یاسای ژمارە.

٣- دەست بەجێ قوربانیەکانی توندتیژی لە سەنتەرەکانی داڵدەدان وەربگیرێن.

٤- بەشەکانی منداڵ بوون بەشێوەیەکی گونجاو لەنەخۆشخانەکان رێکبخرێن و هاوسەرانیان لەکاتی منداڵ بوونی خێزانەکانیان ئامادەبن.

٥ - لەکاتی دامەزراندن گرنگی بە دامەزراندنی دەروونناس و بدرێت.

٦ - باشکردنی بەشەکانی ژنان لە پۆلیس و گرتوخانەکان.

٧ - خانەقین پێویستی بە دامەزراندنی سەنتەرێکی داڵدەدانی ئافرتان هەیە.

٨ - رێکخراوەکان سەردانی ماڵەکان بکەن بۆ ئەوەی بە ئاگابن لە گرفت و کێشەی ئافرتان.

٩ - دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکان زیاتر بایەخ بە بەرنامەکانی توندتیژی بدەن.

١٠ - راگرتنی تەلاقدان لە دەرەوەی دادگا.

١١ - راگرتنی هاوسەرگیری لە رێگەی تەلەفۆنەوە.

هاوکات هەر لەسەر ئەم پرسە (سەمیرە محەمەد) چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان ڕاگەیاند، ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان هەرچەندە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان هەبووە، بەڵام وەک پێویست لەئاستی داواکاریەکانی ژناندا نەبوون. وتیشی گۆڕانکاریەکان لە ژیان و توندوتیژی بەرامبەر ژناندا وەک پێویست نەهاتۆتەدی، هۆکارەکەشی بۆ پاشکۆ بوونی حزبو وابەستەبوونیان بەداهاتەکانیان سنوردارکردنی چالاکیەکانیان دەگەڕێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە بەهار عەلی چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان رایدەگەیێنێت گرنگی ئەم هەڵمەتانە ئەوەیە کە جۆرێک لە یەکنزیککردنەوە لە نێوان ئەو لایەنانەدا دروست دەکات کە کار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان، کە ئە بایەخی خۆی هەیە. وتیشی "هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی تەنها لەو هەفتەیەدا کاری بۆ ناکرێت، بەڵکو بە درێژایی ساڵەکە لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە کاری بۆ دەکرێت". بەهار هێمای بۆ ئەوەشکرد کە ئەم جۆرە کارانە سودی تایبەتی هەیە بەتایبەتی کاتێک کە دەسەڵاتدارەکان دێنە ناو بابەتەکەوە و ڕاستەوخۆ قسەی لەسەر دەکەن، بۆیە لە ئایندەدات دەتوانێت سودی هەبێت. هەر لەسەر ئەم پرسە (ئەمەل جەلال) ئەندامی باڵای ئەنجومەنی خانمان بە پێویستی زانی کە ڕێکخراوەکانی ژنان لەهەرێم فشاری زیاتر بخەنە سەر دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو هێزەسیاسیەکان تا بوونیان بکەوێتە بەرچاوی کۆمەڵگە.

ساڵانە لەهەرێمی کوردستان ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندیژی بەرامبەر ژنان لەرێکەوتی ٢٥ی نوامبری تا ١٠ی دیسامبری ٢٠١٢ بەئەنجامدانی چەند چالاکیەکی جۆراوجۆر بەرێوەدەچێت.

٢٧ی نوامبری ٢٠١٢

ماڵپەری ئێستا

## با ١١/٢٥ڕۆژێک بێت بۆ بەرەنگار بونەوەی توندو تیژی دژ بە مرۆڤایەتی



ڕێژین باباعلی بەرزنجی

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردو داهەڵمەتێکی بەرفراوان دژ بە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان خرانە گەڕ، کە میدیاکان و سەنتەرەکانی تایبەت بە ژنان و چالاکڤانی مافەکانی ئەوان بەرنامە و کۆڕو سیمناریی تایبەتیان بەم ڕۆژە بەست ، لە کوردیستان و لە تاراوگە بایەخی گرنگیان بەم ڕۆژەدا،کە خۆش بەختانە لە ساڵێک دا دوو جار لە ٨ی مارس و ٢٥ی نوڤەمبەر،کێشە هەنوکەییەکانی ژنان قسەی لەسەر دەکرێ و ئیدی لەوەو دوا ماڵ ئاوا ژنانی وڵاتەکەم تا ساڵی ئاینده،ئەمەو گرفتەکان بە هەڵواسراوی دەمێننەوە وپەرا وێزدە خرێن تا لە دەرفەتێکی تر دا قسەی لە بارەوەبکرێت،جێی نیگەرینی یە کە بەجدی ئەم پرسە نەخراوەتە ناو ئەژێندای پارتەکان ورێکخراوەکان چونکە گەر تەندروستانە کار بۆ مەسەلەی پرسی ژن بکرایە بێشک لە ٢٠ ساڵی ڕابردودا توندوتیژی کەمترین ڕێژەی تۆماردەکرد ئەگەرچی لەئێستاش دا ئامارێک بۆ ئەم ڕێژەیە لەبەردەست دا نیی یە،

توندوتیژی دیاردەیەک بوە لە هەر لەسەرەتای دروست بونی مێژوی مرۆڤایەتی یەوە بونی هەبوە بەڵام جوگرافیای وڵاتەکان و سەردەم و بونی هۆشیاری فکری و واقیع بینینی تاک لە کۆمەلگایەکەوە بۆ ئەوی تر جیاواز بوەو لەکۆمەڵگا علمانیەکان کەمتر بوە لە بەچاو گرتن لەگەڵ کۆمەڵگا ئیسلامیە کاندا چونکە زۆربەی کاتەکان دین وەک وەسیلەیەک بەکاردێت بۆ پیادەکردنی توندوتیژی ئەگەر چی لە هیچ ئایەتێک دا ئاماژە بە ئەنجام دانی ئەم دیاردەیە نەکراوە،وەک ئەوەی هانی خە ڵکی بدات، لەبەرچاوی هەموانەوە ڕۆشنە کە لە ئاین و مەزهەبەکانی تریش دا ئەم دیاردەیە رەنگ دانەوەی هەیە. ئەوەی لێرەدامن گەرەکمە قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە بەکار هێنانی توندوتیژی فیزیکی بێت یان دەرونی بەتەنها ژن قوربانی دەر نیی یە بەڵام ئەوان بەشی شێریان بەرکەوتوە ،

ڕۆژانە مرۆڤایەتی بە هەمو چین و توێژە جیاوازەکانەوە لە ژن و پیاو منداڵ و کرێکارو جوتیارو کاسب کارو تا ئاژەڵانیش... دوچاری توندوتیژی جەستەی و دەرونی دەبنەوە.. ئازاردانی کەسایەتی منداڵ لەلایەن مامۆستاو دایک و باوک و بەکار هێنانی زەبروزەنگ ، بەکەم ڕوانینی کەسانی خاوەن پێ داویستی تایبەت کە وانیشانی بدەن ئەوان وەک کەسێکی ئاسای لە کۆمەڵدا توانای بریار دان و خۆرێک ختنیان نیە، بەردباران کردن وگاڵتەکردن بە کەسانی کەم عەقڵ ( شێت ) لە خیابانەکان دا و پێیان بڵێن کە چیتر ناتوانن وەک مرۆڤێ کی ئاسای ژیان بکەن، ناتەندروست مامەڵە کردنی خاوەن کار لەگەڵ کرێکار ، و ڕێزنەگرتن لە بۆچونی کەسی بەرامبەر وەک هاورێ و هاوسەرو دایک و خوشک وبرا،جیاوازی کردن لە نێوان هەژارو دەوڵەمەند .

بەەنەزەرێ من ئەمانە تێکرا پەیامێکی توندوتیژییە جا دەرونی بن یان جەستەی،سروشتی تاک لە سەرەتادا وا ڕیشەی داکوتا وە کە زۆربەی کاتەکان پیاو توندوتیژی خوڵقان دووە ئە مەو فێمینیستەکان پێیان وایە کە بەتەنها پیاوە توندوتیژی ئەنجام دەدات.. لێرەدا من مخالیفی هەردوکیم بەڵام کێن ئەوانەی ژنان ومنداڵە کچەکانی کۆمەڵگا خەتەنەدەکەن وئەندامی زاوزێی یان دەشێوێنن ئایا ئەمە خودی ژنان و دایکان نین کە بەم کارە نا مرۆڤایەتی یە هەڵدەستن؟؟ بێگومان ئەمەش فەزایەکی پڕ توندوتیژی یە کە مێیی نە دەرهەق بەهاورەگەزەکانی خۆیانی دەکەن .

لێرەدا هێرش بۆ سەر هیچ ڕێکخراوکی فێمینستی و ئافرەتان و لایەنێک نابەم بەقەد ئەوەی ئومێد ئەکەم کە پڕێنتسیبی زیاترو جدی ترەوە کاربکەن هەروەک چۆن ژیان بۆخۆی ململانێ یە ،با ڕێکخراوەکان ئەم ململانێ ئەوی تربکات لە تۆمارکردنی باشترین کارو لە مێژوی خۆیان دا تۆماری کەن جیاوازی و جیاکاری بە کۆتا بێت تا نێری نە وای دانەنێت مێی نە بۆ خۆش بەختی ئەو دروست بووەو بە پێچەوانەوە،هەموو پێکەوە خەبات بۆ کەم کردنەوەی توندو تیژی بکەن و ٢٥ی نۆڤەمبەر وەک ڕۆژی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژ بە مرۆڤایەتی دەستنیشان بکەن بێ جیاوازی.ئەم هەڵمەتی بەرەنگار بونەوەیە شەقام و شوێنە گشتی یەکان بگرێتەوە،بچێتە ئەژێندای سیاسیەکان و وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی و سەندیکا و هەروەها، میدیا ڕۆڵی گرنگ لە هۆشیار کردنەوەی تاک ببینێ و تێکرا ئیرادە بکەنەوە بۆ ژیان و پەروەردەیەکی دور لە زەبرو توندو تیژی ژینگەیەکی ئارام و تەندروست بۆ نەوەکانمان .

ماڵپەری ڕوداوو

## ٢٥ی نۆڤەمبەر لە هەرێمی کوردستان بوو بە ٢٦ی نۆڤەمبەر

وارڤین – گەرمیان: ئەمساڵیش یادی ٢٥ی نۆڤەمبەر، کە رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە دژی ژنان؛ لە کەشێکی بێئومێدکەر دا کرایەوە، چونکە ئامارەکان ئاماژە بە هەڵکشانی ترسناکی توندوتیژییەکان دەکەن، تەنیا لە ١٠ مانگی ئەمساڵدا ١٢٦٥ حاڵەتی توندوتیژیی هەبوون، ٧٧ حاڵەتیان مردوون، سەرۆکی هەرێم رایدەگەنێت ئامارەکان مەترسیدارن، لە هەولێر بەهۆی ئامادەنەبوونی سەرۆکی حکومەتەوە مەراسیمەکە دەکرێتە ٢٦-١١ ، کۆمەڵێک لە چالاکوانانیش پێیانوایە رێکخراوەکان تەنیا دەتوانن ساڵانە یادێکی هاکەزایی رۆژەکە بکەنەوە و هیچی دیکەیان لەدەستنایەت...

بەگوێرەی ئامارەکانی ١٠مانگی ئەمساڵی بەرێوبەرایەتی گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی لە هەرێمی کوردستان، ١٢٦٥ حاڵەتی توندوتیژیی لەشارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، هەر لەو ١٠ مانگە دا ٣٥٨٩ سکاڵا لەلایەن ئەو کەسانەی توندوتیژییان بەرامبەرکراوە لە بەرێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان؛ تۆمارکراون.

لەو ماوەیەدا، کە ئامارەکە کراوە؛ ژمارەی حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتن لەنێو ژناندا گەیشتووەتە ٧٧ حاڵەت. ئاماری بەرێوبەرایەتی توندوتیژیی دژبەژنان ئەوەش دەخاتەڕوو، کە لەو ژمارەیە ٣٨ ژنیان خۆیانکوشتووە ٣٩ ژنەکەی دیکەش کوژراون.

ئەمڕۆ لە سلێمانی چەند مەراسیمێک بۆ ئەو بۆنەیە سازکرا، لە هەولێریش بەهۆی ئامادە نەبوونی نێچیرڤان بارزانی ـ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، یادەکە خرایە رۆژی ٢٦-١١ ، ئەوەش بەپاساوی ئەوەی بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت مەراسیمەکە بەهێزتردەبێت.

ژنانی ئۆپۆزسیۆنیش لە پەرلەمانی کوردستان بایکۆتی یادەکەیان کردو بە " پارەبەفیرۆدان"یان لەقەڵەمداو داوایانکرد یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ جێبەجێکبرێت.

سەروەت محەمەد، چالاکوانی مەدەنی پێیوایە ئەوەی رێکخراوەکانی ژنان کردوویانە نەک بارەکەی بۆ ئافرەت سووکترنەکردووە، بەڵکو شەرعییەتدان بووە بە زیاتر کۆیلەکردنی ئافرەتان، دەشیوت: " رێکخراوەکانی ژنان تائێستا ئافرەتێکیان لەژێر زەبروزەنگ دەرنەهێناوەو بێرۆڵ و کارن و لێرەشدا رێکخراوەکانی ژنان هیچ مانایەکیان نامێنێت".

ئەو چالاکوانەی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی پێیوایە، کە یادکردنەوەی (٢٥)ی نۆڤەمبەرو (٨)ی مارس هیچ سوودێکیان نییەو بەڕاشکاوانە باس لە پاشکۆیەتی سیاسی رێکخراوەکانی ژنانیش دەکات و دەڵێت: "ئەوان هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک پاشکۆی حزبو دەیانەوێت دەنگ بۆ حزبەکانیان کۆبکەنەوە".

ئەو چالاکوانە پێیوایە ئومێد بە رێکخراوەکانی ژنان خۆگێلکردنەو دەشیوت: "ئەوەی بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە لێمان بینیون کاری باش نەبووە، بەڵام دەبێت ئومێدەواربین بەوەی رێکخراوی ئافرەتانی سەربەخۆ دروست بێت".

بەڵام دوور لەم رەشبینییە، بەرێوبەری بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لە ناوچەی گەرمیان رایدەگەیەنێت، ئامارەکان سەرەڕای زۆریشیان، لایەنی دڵخۆشکەریشیان هەیە، ملازم (فریاد هیدایەت)، کە پۆستەکەی بە وەکالەتە، هێمای بەوە کرد، کۆمەڵێک حاڵەت زیادیانکردووە، کە مەترسیدار نین، لەوانەش سکاڵاکردن (کە بەوتەی ئەو رێژەیەکی زۆری لە ئامارەکە داگیرکردووە)و پێشیوایە، ئەو حاڵەتانەی زۆر توندوتیژن و کۆتاییهێنان بە ژیانیان لێکەوتۆتەوە وەک کوشتنو خۆکوشتن لەئێستادا کەمبوونەتەوە.

ئەو؛ هۆکاری ئەوەشی گێڕایەوە بۆ تێگەشتنی ئافرەتان لەوەی لایەنێک هەیە خەمیان بخوات (ئەوەشی وەکو هێمایەک بۆ حکومەت و بەرێوبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان بەکارهێنا) دەشیوت: "هاوڵاتیان هۆشیاربوونەتەوە لەوەی، لایەنێک هەیە بەدواداچون بۆ کێشەکانیان دەکات".

ئەو بەرێوبەرە هێماشی بەوە کرد، لەڕووی یاساییەوە هەنگاوی باش نراوە، بەڵگەشی بۆ ئەوە ئەوەبوو، لەئێستادا دادگا ئەو یاسا کۆنەی هەموارکردوەتەوە کە پیاوێک بەهۆی خیانەتی هاوسەرێتیی یان ناموسەوە خێزانەکەی بکوشتایە تەنها سزاکەی سێ ساڵ بوو، بەڵکو وەک هەموو کوشتنێکی دیکە سەیری ئەو حاڵەتە دەکرێت.

لە سنووری گەرمیان (کە بە یەکێک لەو ناوچانەی توندوتیژیی دژ بە مێینە زۆرە تیایدا) بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی، تەنها لە نۆ مانگی ئەمساڵدا (٥) حاڵەتی ژنکوشتن و (٢) حاڵەتی خۆکوشتن و (١١٠) حاڵەتی ئەشکەنجەدان هەبووە، هەروەها (١٨٠) حاڵەتی سکاڵاکردن و (٢٣) حاڵەتی خۆسووتاندنیش بەدیدەکرێت، ئەمە سەرەڕای (٤) حاڵەتی خۆسوتاندن، ئامارەکان تا مانگی نۆی ئەمساڵ بەمشێوەیە بوون، بەڵام هەتا مانگی (١٠)ی ئەمساڵ کۆی حاڵەتە جیاوازەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٣٧٢) حاڵەت، واتە تەنیا لەماوەی مانگی (١٠)دا (٤٨) حاڵەتی دیکە بۆ ئامارەکە زیادبووە.

(شیلان شاکر)، ئەندامی ئەنجوومەنی رێکخراوی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان، سەبارەت بەو هەموو توندوتیژییانەی دژ بە ژن دەکرێن لە هەرێمی کوردستان، هێما بە ناکارایی رۆڵی رێکخراوەکان کرد و پێیوابوو زاڵبوونی ئەقڵیەتی پیاوسالاری لە حزبەکاندا رێکخراوەکانی ژنانیشی کردووەتە پاشکۆو ئەوانیش نەیانتوانیوە هەنگاوێک بەرەو پێشەوەبنێن و بەبێ جیاوازیی ئایدۆلۆژی چالاک بن لەو بوارەدا.

ئەو ئەندامەی رێکخراوی ژنانی ئازادیخواز دەشیوت: "ئەوەی پێشتر وتم وایکردووە ژنان هەمیشە پاشکۆی پیاو بن لە هەموو بوارەکانداو نەتوانراوە رێژەی توندوتیژی کەمبکرێتەوەو تادێت بەرەو زیادبوونیش دەچێت".

سەبارەت بەو رەخنانەی لەم رۆژەدا لە رێکخراوەکانی ژنان دەگیرێن، رۆژنامەنووسێک پێیوایە ئەو رەخنانە لەجێی خۆیاندان، هەرچەندە بەبڕوای ئەو تەواوی پرسەکە ناکەوێتە سەر شانی رێکخراوەکانی ژنان، بەڵام پێشیوایە رێکخراوەکانی ژنان لە نزمترین ئاستی بەرپرسیارێتییدا بوون، هەربۆیە هەقی خۆیەتی لە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان رەخنەیان لێبگیرێت و پێیانبوترێت: "ئێوە چیتان کردووە".

(شیرین ئەمین)، کچە رۆژنامەنووس؛ زیاتر دواو وتی: "بۆرووبەڕووبوونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی، ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی رێکخراوەکانی ژنان، ئەوان لە بۆنەکاندا هەڵدەستن بە خۆکۆکردنەوەو گێڕانی ئاهەنگو چالاکی وەک ئەوەی کاری ئەوان تەنیا ئەمە بێت".

ئەو رۆژنامەنووسە رەخنەی لە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم گرت، کە بۆچی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی، کە ماوەی ساڵێکە دەرچووە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، شیرین دەشیوت: "ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێمیش دەربەست نەیەن بۆ ئەم یاسایە، ئەوا دەبێت رێکخراوەکان لەکۆشش و هەوڵی زیاتردا بن".

پارێزەرێکیش پێیوایە، ئەگەر رێکخراوەکان چالاکییش بکەن، رەنگە هەر سوودی نەبێت، چونکە بەوتەی ئەو هەر رێکخراوێک بیەوێت کار بۆ بەرژەوندیی و مافەکانی ژنان بکات دەبێت پرۆژەیاسای هەبێت و بەشێوەیەکی زانستی ئەو کارە بکات، (گۆران عەلی)، پارێزەر دەشیوت: "ئەگەر تەنیا لایەنی سۆزداریی زاڵ بێت بە سەر چالاکییەکانیاندا ئەوە بە زیان بەسەر خۆیان و پرسەکەیاندا دەشکێتەوە".

ئەو پارێزەرە پێشیوایە، تەنیا یادکردنەوە؛ مەسەلەکە چارەسەرناکات و توندوتیژییەکانیش کەمناکاتەوە، بەوتەی ئەو رێگەی دیکەی کارکردن هەیە، ئەو نموونەی هێنایەوە، کە چەندین یاسا هەیە رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دەتوانن کاری تێدا بکەن، لەوانەش یاسای چارەسەرکردنە، کە ژنێک دوای جیابوونەوە کومەڵێک مافی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی پچڕپچڕە و پێویستی بە هەموارکردنە.

لەلای خۆیەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا نیگەرانیی خۆی لە زیادبوونی رێژەی توندوتیژییەکانی دژی ژنان راگەیاند. مەسعود بارزانی ـ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامەکەیدا (کە لە پەیجی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە)؛ رایگەیاند: "بەبۆنەی رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی لەدژی ئافرەت، داوا لە هاوڵاتییانی خۆشەویستو دامودەزگا پەیوەندییدارەکان و ناوەندە هزریی و میدیایی و رۆشنبیرییەکانی کوردستان دەکەم، بەجدیی کار بۆ باشتربوونی دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا بکەن و رووبەڕووی ئەو توندوتیژییانە ببنەوە کە دژ بە ئافرەتان دەکرێن".

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا سەرۆکی هەرێم ئاماژە بەوەدەدات، ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان مایەی نیگەرانییەکی زۆرن و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و هۆکارەکانی بدۆزرێنەوە. لە پەیامەکەدا هاتووە، کە: "توندوتیژیی دژی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردییدا شتێکی نامۆیە، ئافرەتی کوردی لەنێو گەلەکەیدا هەردەم جێگەی رێزبووە، بەو هیوایەی کۆمەڵگاکەمان بگاتە قۆناغێک تێیدا ئافرەت بتوانێت گەشە بە کەسایەتیی خۆی بداتو خاوەنی چارەنووس و ئیرادەی خۆی بێت".

ئەمرۆ کە ٢٥ی نۆڤەمبەر بوو، لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان و دونیا چەندین بۆنەو مەراسیم و یادکردنەوە بەبۆنەی ئەو رۆژەوە سازدران، رەنگە زۆرێک لە ژنان و کچان هۆکاری دیاریکردنەکەی بە "رۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان" نەزانن.

رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی بۆ ساڵی (١٩٦٠) دەگەڕێتەوە، کە ئەوکات لە کۆماری دۆمینیکان و لەناو بزووتنەوەی تێکۆشانی ئازادیی ژناندا؛ سێ خوشک بە ناوەکانی: پاتریسیا، مێرڤاو ماریا میراباڵ؛ لەدژی دیکتاتۆر ترۆژیلۆ-ی سەرۆکی ئەوسای کۆماری دۆمینیکان تێدەکۆشان.

رۆژی (٢٥ – ١١ – ١٩٦٠) هەر سێ خوشکەکە لەلایەن سەربازانی سوپای دیکتاتۆرەوە دەستگیردەکرێن و سەرەڕای لێدان و ئەشکەنجەدانیان؛ بەشێوەیەکی نامرۆڤانە دەستدرێژیی سێکسییان دەکرێتەسەر و لە دواییدا دەکوژرێن، بەڵام دواترو لە (٢٥ – ١١ – ١٩٨١) لە کۆنگرەی ژنانی ئەمریکای لاتیندا بڕیاردرا ئەو رۆژە وەکو رۆژی تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ژنان بناسرێت.

چنوور نەجمەدین، راهێنراوی کۆرسی رۆژنامەوانی **PDA** لە کەلار - چاوی خەڵک.

## کۆڕێک بۆ تێکۆشەرێکی دیموکرات لە زانکۆی راپەڕین لە بارەی توند و تیژی بەرامبەر ژنان




کوردستانوکوردنیوز: پێشنیوەڕۆی دوو شەممە ٣ی دیسامبری ٢٠١٢ (١٣ی سەرماوەزی ١٣٩١) بەشی کوردیی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی راپەڕین، لە شاری رانیە، کۆڕێکی بۆ قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێک هێنا. ئەم کۆڕە لە چوارچێوەی "هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان" و لە ژێر دروشمی " لە ئاشتیی ماڵەوە بۆئاشتیی کۆمەڵگا" دا پێک هاتبوو و بەشێک بوو لە چالاکییەکانی کەمپەینی ١٦ رۆژە(لە ٢٥ی نوڤامبرەوە بۆ ١٠ی دیسامبر). بەشداران و ئامادەبووانی کۆڕەکە بریتی بوون لە کۆمەڵێک لە مامۆستایان و خوێندکارانی سکولی پەروەردەی بنەرەتیی زانکۆی راپەڕین.

مامۆستا ی زانکۆ، قادر وریا لە باسەکەی دا، وێڕای شیکردنەوەی جۆرەکانی توند وتیژی بەرانبەر ژنان ، بەستێنەکانی دروستبوونی ئەم جۆرە توند و تیژییە و هەر وەها هۆکارەکانی پەرەئەستاندنیان لە بنەماڵە و کۆمەڵی دا، دەستنیشان کرد. لە تەوەرێکی دیکەی باسەکە دا، کۆڕگێر،چووە سەر چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان و لە چوار ئاستی تاکەکەسی، بنەماڵە، کۆمەڵگە و دەسەڵات دا، ئاماژەی بەو ئەرک و هەنگاوانە کرد کە بە نۆرەی خۆیان، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی توند وتیژی و رووداو و کارەساتی دڵتەزین لە دژی ژنان. برەوپێدانی کولتووری یەکسانیخوازی و رێز گرتن لە ژنان و کچان لە نێو بنەماڵەدا ، یەک لەو کار و ئەرکە پێویستانەیە کە کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگەی پڕ لە توند و تیژی دەبێت. لە ئاستی کۆمەڵگەش دا، حیزبەکان، رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیاکان، توێژە رۆشنبیر و پێشکەوتنخوازەکان، کەسایەتییە فەرهەنگی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، دەبێ هیممەت و جورئەتی بەرەنگاربوونەوەی کولتوورو عەقڵییەتی ژنکوژ و توندوتیژخواز و چەوسێنەریان هەبێت و بەرەنگاری ببنەوە.ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و مامۆستای زانکۆی راپەڕین، دواتر ئەرک و بەرپرسیارەتیی دەسەلات (هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، بەڕیوەبەری و قەزایی) و دامودەزگا حکوومەتییەکان بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە وفێرکردنی لەم پیوەندییە دا وەبیر هێنایەوە و داواشی لە مامۆستایان و خوێندکاران کرد، پێشەنگ بوون لە ئەرکی پیرۆزی بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی بەرانبەر ژنان،

بە ئەرکی خۆیان بزانن و لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵدا، کاری بەر دەوامی بۆ بکەن.

لە درێژەی کۆڕەکە دا بەشداران بە سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکان، باسەکەیان دەولەمەند کرد. هەر لە چوارچێوەی ئەم چالاکییەدا، خوێندکار تروسکە قادر، شێعرێکی پێوەندیدار بە ژیانی پڕکارەساتی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان، بۆ بەشداران خوێندوە. دوا بڕگەی ئەم چالاکییە، پێشاندرانی کورتە فیلمی "ئاوس" بوو کە چیرۆکی گوشەیەک لە ستەم و دڵرەقیی کۆمەڵگەی پیاوسالار بەرامبەر ژنانی دەگێرایەوە.

## تۆندوتیژیی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە نێو بنەماڵەکاندا



عومەر عینایەتی:

### شێوازەکانی توندووتیژی؟

ئاکامی لێ کۆلینەوەی نێودەوڵەتی لە مەر توندو تیژی کۆمەڵایەتی لە سەر ژنان نیشان دەدات یەک لە سەر شەش (١|٦) ژنان بە دەستی هاوسەرەکانیان یان بنەماڵەیانەوە دەبنە قوربانی و دەست درێژی و توندوو تیژی.

رێخراوەی بهداشتی جیهانی لە لێکۆلینەوەکی گشتی لە سەر ئەم بابەتە دیاری کرد کە لە ١٨ چرکە یەک ژن دەکەوێتە بەر هێرش و توندوو تیژی، تەنانەت حامیلە بونی ژنان لە بەرابەر توندو تیژی ناتوانەت بیپارێزرێت .

ئەم رێخراوە دەڵیت ئەم دیاردە ناشایەستەی کە دنیای گرتۆتەوە، بنچینە یە و و لە کۆمەڵگادا نادیارە.لێکۆلینەران پی گەیشتون کە شکاندنی کەسایەتی هەتا تەجاوز ، لە هەمو کۆمەڵگایەکی دەوڵەنەندو هەژار دەکەوێتەو بەر چاو تەنانەت زۆربەی ژنان لەم بەروایەدان کە پیاوان لە هەلومەرجێکی تایبەت دەتوانن توندوو تیژی بەکار بێنن.

هەروەها زۆربەیان لەم باوەڕەدان کە نابێت راستەوخۆ دان بە پێشل کردی مافیان بێنن لە بەرابەر پیاواندا.

رێکخراوەی بهداشت دەڵێت کاردانەوەی توندووتیژی لە سەر سەلامەتی ژنان بەبێ لە بەر چاو گرتنی شوێنوو مەکانیان گرینگی تایبەتی هە یە.

ئەم ئێکۆلینەوەیە لە ماوەی ٧ ساڵ دا بەرێوە چووە، کە ٢٤ هەزار ژن لە ئاسیا ، ئافریقا، ئوروپا ، ئامریکای لاتین ، بەشداریان کردوە. ئەم لێکۆلینەوە لە پێشدا لە ئامریکای باکور کراوە.

رێکخراوی بهداشتی جیهانی خوازیاری دەست بە کاربوونی زوتری دژ بە توندوودیژی لە دیاردەی کۆمەڵایەتی بنەوە.

کاتێک لە چوارچێوەی پێوەندی نزیکی دوو کەس هەڵسوو کەوتی پیاو لە گەل ژن توندووتێژی و دەسەڵاتداریەتیە.کە ئاکامەکەی توندوو تێژی بنەماڵەیی دێنێتە ئاراوە.



توندوو تیژی بنەماڵە دەتوانێت جەستەیی ، جنسی ، دەروونی ، و خۆشەویستیانە بێت. سوئیستفادە ئابوری، و پێش گرتنی کەسایەتی شێوازێکە لە توندووتیژی.

توندووتیژی هەروەها دەتوانێت لە کردەوە بە هەرەشە وگورەشە بێت، وە دەتوانێت لە هەموو کاتێک دا بێت یان کاتی بێت.

توندووتیژی لە بنەماڵەدا، ولە هەموو چینی وتوێژی کۆمەڵایەتی،لە تەمەنی جیاواز دا، رەگەز، جنس، شێوەی ژیان سەرەرای ئەوەی کە بە هەمۆ کەموکۆری بەرێوەدەچێت.

توندووتیژی لە بنەماڵەدا لە هەر کاتوو ساتیک دا بێت، چ لە سەرەتای ژیان یان لە تێپەربوونی چەند ساڵێک لەنێوان دوو کەس دا بێتە ئاراوە.

منداڵان لە دیاردەی توندووتیژی ، چ لە ماوەیەکی کورتدا یا درێژ خایەن کاردانەوەیەکی خراپ لە ژیانیان دا پێک دێنت.

تەواوی شێوازەکانی توندووتیژی _دەروونی ،جەستەیی، ئابووری ، خۆشەویستی وە دل پیسی، لە دەسەلات داریەتی و زاڵ بون لە سەر کەسایەتی تاک دەکەوێتە ژێر گوشاری دەروونی و ئیش وە ئازار.

راگە یاندنە کانی پیوە ندیدار بە توندووتیژی لە بنە مالە کاندا سەبارەت بە ژن وە منداڵان کە بە یەکەم قوربانیانی سەرەکی دەژمیردریت وە پیاوان واکۆ کەسانی پی شیلکار ناو زەند دەکریت، بەهۆی ئەوی ئاماری گشتی لە دنیادا رێژەی ٩٠ % لە قربانیانی تەندووتیژی لە بنەمالەکان ژن و منداڵەن و رێژەی ١٠% پیاوانن.

وەهەروەها پیاوانیش دەکەونە بن کاریگەری توندووتیژی ژنان ، بەڵام زۆرینەی توندووتیژی بە گشتی لە ژیانی بنەماڵەدا بە تایبەت شێوازی کوشتن و ترسو تۆقێنەر لە لایەن پیاوانەوە دژ بە کچانو ژنان لە ماڵ دا روو دەدات.



هەر وەها پیاوانی کە لە ژێر گوشاری ژنان دان دوای جیابونەوەیان لە ژێر هەرەشەی کوشتن دا نین، بەڵام لە سەردەمی جیابونەوەی پیاو دتوانێت بۆ ژن کاریگەریەکی خراپی هەبێت.**

## تۆندوتیژی جیسمانی (لیدان بە مستۆ، پیلاقە، قژ کیشان)

هەر شیوازی هیرش کردن بەشیوەی فیزیکی (واتە بە مەبەستی لی دان) بۆ بەرامبەرە کەت تۆندۆتیژی جسمانیە . بە شەقزلە ، پیلاقە ، مست ، نقۆرچیک ، کیشانی قژە سەر ، گازلی گرتن ، کیشانی دەستۆ لاق بەمەبەستی لیدان ،پال پیوەنان بەزۆر کیشان ، پیداکردنی ئەسید ، سۆتاندن ، حەوادانی ئەشیا بۆ بەرامبەرەکەت ، وە ....... کە ئەم جۆرە دیاردانە جیگاوە شۆینی لە لشۆ ئەندام دادەمینیت وە یان بە چەقۆ ، زۆر جاریش کە بەمشت لە سەر دەدریت وە کەمتر بەر چاو دەکەویت تەجاوەزی جینسی بەزۆری وە بەبی رەغبەت بەتۆندۆتیژی زۆرەملی دا دهژمیردریت ئەگر چی کاردانەوەکەی لە نەهینی دا دەمینیت گەورەترین کاردانەوەی لە ناخۆ دەرۆن دا هەیە واکو دیاردەیەکی دریژ خایەن وە دەبیتە دیاردەی توندوتیژی .

تەجاوەزی جینسی بە شیوەی زۆرەملی کە پیاو واکۆ میرد زۆر بکات لە خیزانی وە مەجبۆری بکات، لە زۆربەی فەرهەنگی وڵاتا ن واکو دیاردەی تەجاوزی جینسی دەژمیردریت وە سزای لە سەرە ، بەلام لە زوربەی فەرهەنگی وڵاتان ئە وە واکۆ ویستو خواستی پیاو کە خۆیی بە خاوەنداریەتی ژن دەزانیت واکو میرد نابیت قەبول بکریت دەبی یاسا بەرپرسیارەتە خویی لە ئەستو بگریت.

تەجاوەزیی جینسی بە شیوەی ( زیناح) شیوازیکی دیکە لە توندوتیژیە لە ناو کۆمەڵگادا وە لە بنەمالەدا وە لە زوربەی وڵاتانی دنیا دا بە کردەوەیەکی دژ بەیاسا دەژمیردریت وە سزایەکی قورسی لەسەرە وا کوشتن بەرد باران وەزیندان کردن وە .............

## تۆندۆتیژی زمانەوانی

لە روانگەی دەرون ناسان بەکار هینانی وشەی نا شیرین لە هەلسۆکەوتدا کردەوەیەکی توندووتیژی دەگەیەنیت. تاکی ناو کۆمەڵگا پیوەندی هەیە بە پیگە ی باری ژیانی وە هەروە ها ریژەی لاوازی وە دەم هە لاشیەوە. هەروەها کە دەبیتە هۆی چۆنیەتی شیوازی بە رانگەربۆنەوە.



وشەی ناشیرین هەر وە ها بە شیوەیی جنیۆ، وەشیوازی دەربرینی بە تۆندوتیژی ، بە کە م زانین وە بە سۆک دانان کە ببیتە هۆیی ئازاری دەرۆنی لە ژیانی رۆژانە ما ندا ، هەروە ها بە کار هینانی وشەی ناشیرین لە چۆوارچیوەی مالی دا دەبیتە هۆکاری تۆندوتیژی ناو بنەماله لە مالی دا .

بەکەم زانین وەشکاندنی ژن وەسۆکایەتی پیکردن لە بەر چاۆیی منداڵان ،کەسۆکار دۆستۆ ناسیار ، خزمۆ کەس، هەر ۆە ها بە شیۆەیی دەربرینی واکۆ * تۆ نە فا می *تۆ ناتوانی* تۆ نەزانی* پیۆیست بەبۆچۆنی تۆ ناکات*قسەیی کەرانە مەکە*بۆچی هەلسۆکەوتد واکۆ ژنانی دیکە ناچیت* هەر لە دایک ناچیت.........ۆە ۆە شکاندنی ژن ۆە سۆکایەتی پیکردن بە کەسایەتی ژن لە ئیشۆکاری ناومال، رەخنە گرتن لەکاری خواردن درۆستکردن وە ئیراد لی گرتن، لە مالداریکردن ، لە منداڵداری، بەراوە رد کردنی شیوازی زانستی لەم چشنانە لە گەل ژنانی دیکەدا (واکۆ دایکی میرد ،خۆشکی میرد ، دایکی ژن ، ژنی جیران، یان ژنی هاوکار...)



دەنگداگۆرین لە خیزان وە لەناو بنەمالەدا ئیشۆازارەکەی دەتوانیت بە ئەندازەی وشەی خراپ وە سۆکایەتی پی کردن بیت وە واکۆ بەرەنگار بۆنەوەیەک هەستۆ سۆزی بریندار بکات کە لە لایەن بەشیک لە پیاوان بۆ تەنبی کردنی خیزان یان کچیان لەم شیوازە بە شیوەیەکی پر لە داخۆ قین بۆ بە دەست هینانی ئامانجی خۆی وە داسەپاندنی بۆچۆنەکانی خوی کە پی دادەگریت وەیان بەشیوە یەک دەیەویت بەم جۆرە تۆلە بستینیت.

## تۆندۆتیژی لە ناخ ۆ دەروندا (وەک بوغزوکینە) بەشێوەی نادیار

کار دانەوەیی تۆندۆتیژی فیزیکی (واتە شەرۆلیدان) لانی کەم دەبیندریت وە لەبەر چاوە . رەشبۆنەوی لش ،شکانی لش وە ئەندام ، سۆتان .... بەلام لە بەرامبەر ئە وەدا تۆندوتیژیەک هەیە کە کاردانەوکەی لە بەر چێۆ دانیە وە نایبینین، بەلام خۆ راگری بەم چەشنە زۆر گرانە بۆمرۆڤ کە کاردانەوەی لە نەهینی دادەمینیتەوە لە هەلسۆ کەوت دا. / درۆ کردن ، نەفەقە پینەدان ، درکاندنی نەهینیەکانی ژیانی تایبەت لە گەڵ بیگانە وە یان ڵە گەڵ هاوکاران ، بایەخ پینەدان بە داخوازیە کانی ژن وە بە بی قابیلیەت چاۆ لیکردن ، درەنگ رۆشتنەوە بۆ ناو خاۆوە خیزان ، چاوە چاوکردن لەبەر چاوی خاو وەخیزان بە هیچ دانەنانی خیزان، قەدر نەزانینی خیزان ، بایەخ پی نەدان بە بەڵینیەکان،.........

ئاکامی هەرەشەوە تۆندۆتیژیی، ترسۆ دلەراوکەی جیسمانی (جەستە یی)، بی باوەڕی وە دلنیا نەبون لە سوزی دەرۆنی خراپترین شیواز وە قەبارەیی تۆندۆ تیژی لە بنە مالەیی دا دژی ژنانە

کە بە شیوازیک لە ولاتـانی ئیسلامی بە شیوەی هینانی چەند ژن کە پیاو ئەو حەقە بەخۆی دەدات گەشە دەستینیت ..

رادەی زەواجی میرد سەرایی ئەوەی حەزۆ ئارەزۆیی پیاو بـو هینـانی چەنـد ژن بۆتـە هوکاریک کە زۆربـەیی ژنـانی مۆسـەلمان لـە ترسـو دلەراوکە دا بژین وە دەبیتە هویی دارمـانی دەرونـی وە مرومۆچی ، نالەباری سۆزیی دەرونئ ، ئابۆری، وە دڵنیا نەبۆنی ژن دەگەریتەوە سەر ئەوەیی کە پیـاو چەنـد ژنـی هەبیت رۆگە شی گە شە کردنـی ژنـان وە دلخۆشیەکانی سەبارەت بە ژیـان دەبیتە هۆی دارمانی وە ریگا خۆشدەکات بۆ تۆندو تیژیی کۆمەڵایەتی لە ناو بنە مالەکاندا ...

**باروذۆخی تووندوتیژیی کۆمەڵایەتی بنەماڵەیی بەشێک لە وڵاتانی دنیا**



هۆکاری سەرەکی تۆندۆتیژی دژ بە ژنان دەتوانین لە جیاوازیەکداندا بی بینین کە دەبیتە هۆکار وە کۆسپە لـە یەکسـانی ژن وە پیـاو لـە هـەمۆ بۆوارەکـانی ژیانـدا کـە لـە ئارادایـە. تۆنـدوتیژیی لـە جیاوازیدا (جنسی) بنچینەیی یە وە بۆتە هویەک کە پەرەی پی بدریت.

ریکخراوەیی عەفویی گشتی نەتەوەیەک گرتوۆەکان لە بەشێک لە خالەکانی راپۆرتی خۆی دا دەڵێ: تونـدووتیژی دژ بـە ژن "سورەشتی"یـان "چارەسـەر نـەکراو" نیـە . بـەڵکو تیروانینێکـە لـە بایـەخ پێدانی قـەبارەی مێژوویـی فەرهـەنگی کۆمـەڵگای جیـاواز.بەشیک لـە رێخـراوە کۆمەڵایەتیەکان وە سیاسیەکان (رامیاری) خۆی لە خۆی دا رێگا خۆش کەرە بۆ لاوازی توندووتیژی وە دژبەری ژنان . بەشیک لە دابو نەریەتی فەرهەنگی و کولتوریش بە تـایبەت ئەوانەی کە تەسک بیر دەکەنەوە و لە بەرامبـەر مـافی یەکسـانی جنسـی (ژن و پیـاو)وە خۆیـان لادەدەن . دەتوانێت بیانۆیـەک بێت بـۆ توندووتیژی لە ژیانی کۆمەلایەتی وە ببیتە هۆکار لە بەرابەر بە ژنان و کچان .

لەو روانگەیەوە کە بە شیکی زۆر لە کچان و ە ژنان حازر نین تۆندو تیژیە کانی بنەمالەی خۆیان بە پۆلیس رابگەیەنن یان دامۆ دەزگای یاسایی لە بەشیک وڵاتان وڵام یان گرینگی بەم جۆرە سکالایانە کە پیوەندی هەبیت بە کیشەی کۆمەلایەتیەوە ولامی گۆنجاو ناریتەوە وە لیکولینەوەی یاسایی لەسەر ناکریت وە ئەم جۆرە کیشانە بە کیشە یی ئاسایی بنەمالەی نـاو دە بـەن . هـەر بەم بۆنەوە ریژەی تۆندۆتیژی راستە قینە دەر ناکەویت بەلام هەر ئەم ریژەیە کە بە دەستەوەیە سەر سۆنیرە دەبیت بایەخیکی زۆری پیبدریت .

بە وتـەی ریکخراوەیی عەفۆیی گشتی نیۆ دەولەتی ، کیشیە ی تۆندۆتیژی لە نیو بنەمالە کاندا ریژەی زۆر زیاترە لـە گیرۆدەبۆانی بە نەخۆشی شیرپەنجە(سەرەتـان) وە یـان لـە تەسادوفاتی جادە کە دەبیتە هۆی مەرگو میر وە یان کەم ئەندامی لەنیۆ ژنان ئۆروپایی لە تەمەنی ، ١٦ سال هەتـا ٤٥ سالە . بەلام بەشیک لە وڵاتـان بەیارمـەتی ریکخراوە نیـو دەولەتیەکان کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن دەستیان کردۆوە بە داهینانی کی تازە بۆ بەر گری کردن لەم دیاردە یە.

بۆ نمۆنە لەم بەینانە دا دەوڵـەتی ئیسپانیا بەتـازەیی بۆ روبەرو بۆنەوە لە دیاردەی تۆندو تیژی کۆمەلایەتی بنەمالەکان سیاسـەتیکی تـایبەتی هیناوەتە گۆریی لە سـەر لیکۆلینەوەیەکی گشتی ئەو ژنانەی کە بە لایان بە سەر هاتۆوە وە نۆسراوەتەوە یاسایەکی تازەیان دارشتووە کە ریکخراوەی تەندرۆستی وەپۆلیس بەو پە ری تۆواناوە دەسەلاتی تەواویان پیدەدات هەتـاوەکو هەلسو کەوتی تۆندۆتیژیی پیاو پیش ئەوەی کە مترسیدار بیت مەجالیان پی نەدریت وە پیشی لی بگیریت هەروە ها ئەم یاسایە بۆ پشتکیری کـردن لـەو کەسانەی کە دەبنە قـۆربـانی تۆندۆتیژی وە مافیان پیشیل دەکریت لـە بنـە مالـە دا بەتـەواوی تواناوە پشتیوانیان لـی دەکریت تـا هەست بەتـەنیایی نەکەن، بەلام ریژەی تۆندو تیژی لە دۆنیادا سەر سۆرهینە رە!، بەلام بە پیی بەراوەردیک کە دەولەتی رۆسیە کردۆیەتی پی دەچیت لە . سالی ١٩٩٩ نزیکەی(١٤٠٠٠) چاردە هـەزار ، (ژن وە کچ) لـەو ولاتـە بەدەست میرد وە خزمۆ کەسو کاریـان کۆژراون . هـەر وەهـا سەرەرایی ئەوش هیشتا لەم وڵاتەدا یاسایەکی تایبەت نی یە بۆ رۆبەرو بۆنەوەی دیاردەی ئەم شیوازە تۆندۆتیژیەیی بنەمالەیی .

لە ئەفریقای باشور ریژەی ئەو ژنانەیی کە لەمالی خۆیان بەدەست کەسۆکاریان بەچەک (سیلاح) دەکوژرین زۆر زیاترە لەوانەی کە لەدەرەوە بەدەست خەلکانی بیگانە دەکۆژرین .

لە وڵاتـانی ئیسلامی دا تیروانی نیکی نەگۆنجاو سەبارەت بە ئەوەی کە یاسایی (شەریعە تی ئیسلامی) بەریوە دەچیت ، مافی ژنـان ئالۆزیـەکی تـەواو بـە خۆوە دەبینیت وە لەگەڵ شیوازریکی تایبەت رۆبەرو دەبیتەوە، لانی کەم ژنان لە پیوەندیی زەواج واتە(شۆکردن) وە تەلاق دەسەلاتیکی کە متریان هە یە .ئەم بابەتەش لە روانگەیی چاودیرانی کۆمەلایەتیوە کە پی یانوایە ریگا خۆش دەکات بە تۆندوتیژی دژ بە ژنان لە چۆوارچیوەیی بنەمالەیدا لە هەمۆ بۆوارەکـانی بەر بلاوی ژیانـدا بۆچون وە بیرۆکەی فکری کۆلتوریی (دابۆ نەریەتی سۆنەتی) لە نـاو ئەو جۆرە ولاتانە بۆتە هۆکاریک کە ریژەی سەر ژمیریەکی راستەقینە رۆداوەکانی کیشەیی تۆندۆتیژی بنەمالەکان لە دەست دا نە بیت .

ریکخراوەی عفویی گشتی نیو دەوڵەتی لە راگەیاندنیک دا ئاماژەی بەوە کردۆوە تۆندوتیژیی بنە مالەکان دژ بە ژنان لە کۆمەلگاکانی کە دابۆنەریەتی سۆنەیەتی بە راشکاوانە بەریوە دەچیت وە زالە لەو ولا تانە دا ، واکۆ ولاتـی ئەفغانستان بەشیوەی سۆنەتی ژیانی دەرەبە گایەتی (فیئۆدالی) زۆر بنچینە دارە. ژن، واکۆ بەشیک لە دارابیەوە سامان چاوی لێدەکریت ، دەست دریژی لە مافی ژنان هیچ لیپرسینەوەی یاسایی لی ناکریت وە سزا نادرین.

ریژەیی هینانی چەند ژن لە یاسای (شەریعەت) ئیسلامی کە ریگا دەدات وە ئازادە ، دەتوانیت تۆندوتیژی بنەمالە زیاتر پەرە پی بدات .چۆنکە دۆر لە دەستۆراتی ئیسلامی بیاو بە شیوەیەکی گشتی ئەو مافە بە خۆی دەدات بۆ زەواج واتە ژنیکی دیکەش بی ئەویی پرسورایە ک بکات لەگەڵ ژنی یەکەمی دمەقالیی لەسەر ئەم شیوازە خۆی ریگا خۆش دەکات بۆ تۆندو تیژی لە نـاو بنە مالەکاندا .

باس لەسەر ئەوی کە ریژەی هینانی هەبۆنی چەندژنی ئیستا لە ئیراق دا بۆتە بابەتیکی گەرمی سیاسی . لە ئیرانیشدا سەرەرایی ئەو کیشە وە کۆسپانە لـە پینـاوی پیشیل کردنـی مافی ژنـان وە مافی یاسایی ژنان پەرەسەندنی هینانی چەند ژنی ریژە کەی زۆر زیادی کردۆوە لەناو پیاواندا، وە بۆتە هۆکاریک لە ژنان (تەنانەت ئەوانەیی کە تەمەنیکیان تی پەر کردبیت) زۆر زیاتر

لە رابردۆدا سەبارەت بە مافی خۆی لە ترسۆ دڵەراوکەدا دەژین وە بۆ مافی خۆیی هەول بدات.

## پرۆژەی نوێی ریکخراوەیی عەفۆیی گشتی نیۆدەوڵەتی بۆ پێشگرتن لە تۆندوتیژی دژ بە ژنان لە دنیادا

ڕێکخراوەی عفۆیی گشتی نیۆ دەوڵەتی (نەتەوە یەک گرتۆوەکان) بۆ دژایەتی وە رۆبەرۆ بۆنەوەی تۆندوتیژی دژ بە ژنان ، ئالۆزیەک وە ئیشۆ ئازاریکی گەورەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی کە واکۆ ( لۆیەکی) نە خۆشی شیر پەنجە یە (سەرەتان) لە هەمۆ کۆمەلگای وڵاتانی د نیا ناوزەند کراوە ، دەست کراوە بە راهینانیکی نۆوی .



ئەم گرۆپەی کە داکۆکی کە مافی مرۆڤ دەکەن، دەلین هیچ وڵاتیک لە جیهاندا نەیتوانیوە کە ژن لە رویەرو بۆنەوە تۆندوتیژی (شەرۆ شۆی بنەمالەی)کە رۆ دەدات وە لەنیو بنەمالە دا لە چوارچیوە مالی دا بیانپاریزیت وە بیانخەنە ژیر چاوەدیریەوە.

عەفۆی نیو دەولەتی لە هەوڵی ئەوە دایە ، هەروە ها هەول دەدات بۆ بەکار هینانی ئەم پروژە نۆیە یی خۆی کە هۆکارری تاییەت بە تۆندوتیژی دژ بە ژنان لە سەر هەلدانی شەری چەکداری دا لە وڵا تان کە روو دەدات کە زۆر زیاتر لە بەر چاوە بیخا تە ژێر چاوەدێری.

توندووتیژی دژ بە ژنان بە گشتی لە چوارچێوەی ماڵێ دا وە لە پشت دەرگا بە سراوەکاندا روو دەدات بە تایبەت مەسەڵەن لە کاتی غەریزەی جنسی روو دەدات وە هەست بە شەرەم کردن دەبێتە هۆکاریک کە نەهێنی دا بمێنێتەوە.

بەڵام هەمومان ئەوە دەزانین لە هەموو جێگایەکی دنیادا توندووتیژی دژ بە ژنان هەیە، وە ئەم شێوازە بە شێوەێەکی راشکاوانە لە بەر چاوە وە پەرەی پێ دەدرێت. ڕێخراوەی عەفوی گشتی نێو دەوڵەتی لە راپۆرتێکی خۆی دا لە بابەت توندووتیژی لەبەرامبەر بە ژنان لە چوارچێوەی بنەماڵەدا خستویەتە بەر چاو وە لێکۆڵینەوە.

لێدانی ژن بە دەست مێردەکەی وە یان دۆستەکەی، هەڵسو کەوتی ناشیرین و ئازاردانو توندووتیژی لەبەرانبەر بە کچان کە رووبەرووی شوو کردن بە مەجبوری دەبنەوە،چونکە پێیان وایە ئابروو بنەماڵەکەی بردۆتە ژێر پرسیار، ئەوە بەشێکە لە توندووتیژی بنەماڵەیی دژ بە ژنان.

ڕێخراوەی عەفوی گشتی نێو دەوڵەتی داوای لە وڵێتان کەردووە کە پابەند بن بە بەڕێوە بەردنی یاسای تایبەت وە باوەر بە ئەوە بکەن کە توندووتیژی لە بنەماڵەدا کێشەیەک نیە تایبەت بە بنەماڵە بێت.بەڵکو هێرشێکی توندووتیژیە دژ بە ژنان ، کە دەبێ پشتگیری بکرێت.

وەهەر وەها بابەت وە پرۆژەیی ڕێخراوی عەفوی گشتی نێو دەوڵەتی دژ بە توندووتیژی بەرانبەر بە ژنان بە تایبەت کە لەو وڵاتانەی کە شەر(جەنگ) دیتە ئاراوە . تەجاوەزیی جینسی لە سەر ژنان لە کاتی شەر دا ، بەشیواریک واکۆ دەستکەوتیک دەژمیردریت نەک هەر دژ بە ژنانە بە ڵکۆ سۆکایەتیکە دژ بە میرد یان باوک یان کەسۆکارە وە بەم شیوە نامرۆیانە رۆ دەدات. عەفۆی گشتی نیو دەوڵەتی لە راپۆرتی خۆیدا دەلیت ،بەتاییەت ئەوەی کە ژنان 2 جار دەبنە قۆربانی شەر هەر بەم بۆنەیەوە رقو تۆرەی خۆیان دەر دەبرن . یەک جار تەجاوەزی جینسیان پیدەکریت وە دۆوایە ئابرۆبردنیکی کۆمەلگایی بە دۆوا دا هەیە لە سەر ئەو مندالانە کە سەمەری تەجاوزی جینسین لە کاتی شەردا.

## تۆندوتیژی دژ بە ژنان لە بنەماڵەدا کێشەیەکی تایبەتە، تەنها پیوەندی بە بنەماڵەوە هەیە



ژن ! کاتیک کە گیانی خۆم لە مترسیدا دەبینم یەکم شتیک کە بیری لی دەکەمەوە پەنای بۆ دەبەم لەدەسی رادەکەم وە پەنا دەبەم بە شۆنیکی ئەمن بۆ خۆپاراستن . بەلام مترسی کیشەی تۆندوتیژی لە بنە مالەکاندا لە لایان کەسۆ کارانی خۆیان واکۆ، میرد ، باوک ، برا ، یان ... کیشەیەکی ئالۆزە وە دەرباز بۆن لەم دیاردەیە واکۆ کیشەیەکی تابەت زۆر ئالۆزە.

ژنان وە کچان کە رۆبەرۆی تۆندۆتیژی دەبنەوە بە ، مستۆ پیلاقە بە شەق لیاندەدریت ، بۆئەوەی ویستۆ ئامانجەکانی پیاو بەراوەربکەن لە کاتیک کە نا توانن خۆواستەکانی پیاو بەجی بینن چەندە سۆکایەتیان پی دەکریت ، چەندە بۆلەو پرتەی پیاو وە جنیۆ یا نپیدەدریت ، کەرامەتی ژن دەشکینن ، لەمالی دا زیندانی دەکرین ، بەزۆی زۆردای تەجاوەزی جینسی یان پی دەکریت، بە چیند هۆی جۆراوجۆر وە تاییەتی ئامادەنین دەردۆ ئیشۆ ئازاری دەرۆنی خۆیان بدرکینن، تەنانەت چاو پۆشی لیدەکەن ، تەنانەت حا زر نین وە سەبارەت بە یاسای کۆمەلایەتیش لە شکۆ گۆمان دان بۆ یارمەتی یەکیک لە هۆکارەکانی ئەو شکۆ دۆدلیە جۆریک بیرکردنەوەی کۆمەلایەتی ناو کۆمە لگایە سەبارەت بە کیشەی بنەمالە وە لەچۆار چیوەی مالی دا یە . لە کۆمەڵگا ی جیاواز دا ، بەتاییەت کۆمە ڵگای سۆنەتی کۆلتۆری ، بە گشتی ژن وا بیردەکاتەوە تەنیا لە قەبارەی خیزان وە دایک ژیانیکی بەختەوەری هەیە وە ژیانی کامڵە وە تەنانەت تەلاق وەرگرتن بە هەلە دەبینیت وە بە عەیبی دەزانیت کە ئەوەش نیشا نەی لاوازی ژنە وە خۆی بە کەم دادەنیت لە بەرامبەر بە پیاو هەر بۆیەش لە ژیانی نەهینی دا بەترسۆ دلەراوکی ژیان بەسەر دەبات وە دەنگی لی دەر نایەت.

ئەگەر لە بەشیک لە وڵا تانی ، دنیا یاسا وە پۆلیس پشتگیریی لە قۆربانیانی تۆندوتیژی لە بنەمالەدا دەکات (ژنان ، کچان وە مندالان) لەمبابەتانەوە وشیار کردنەوەیەکی زۆریان داوە بە ژنان وە کچان بۆ داکۆکی کردن لە مافی خۆیان ، بە لام وڵاتانیک هەن کە پۆلیس هۆکارن سە بارەت بەتۆندۆتیژی وە ترساندنی ژنان ۆاکۆ ( پاکستان) یان هیچ هاوکاریە کان نا کەن لەم بۆاەانە دا وە پشتگیریەکان لی ناکریت . یان ئە وەی بە شیوازیکی دیکە لە بەشیک وڵاتان بابەتی سە بارەت بە تۆندۆتیژی ئاسایی بەکیشەیەکی

بنە مالەیی تایبەت دەژمیرن وە هیج هە لویستیک بۆ پیش گرتن لە لە دیاردەی تۆندوتیژی سەبارەت بەژن وەمندال ناگرن .
بەلام بەشیک کەم لە دنیا هەلویستیان هەیە . بەشیکی زۆری ژنانی دنیا سەبارەت بە یارمەتی وەرگرتن لەمەر دیاردەی تۆندوتیژی بنەمالەی کە روبەروی ژنان کچان وە منداالن دەبیتەوە هەست بە ئەمنیەت ناکەن وە خۆیان بە بی پشتیوان دەبینن . پشتیوانانی ریکخراوەی مافی مرۆڤ دەلین ئەوە ئەرکی ولاتان وە ریکخراوە کانە کە دەبی کاریک بکەن بۆگورینییاسا وە هەول بدەن بو بەریوەبردنی یاسای گویجاو وە دلنیابون بو بەریوە بردنی .
لە پەنای ئەم گورانکاریانە ئەوی کە لە بەر چاوی چاودیرانی کومەلایەتیە، وە پی لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەوە جیگای سەرنجە چۆنیەتی هەلسو کەوتی پیاوان وە ژنانە لەمەر شیوازی بیرکردنەوەیان سەبارەت بە توندوتیژی بنە مالەی یە وە تەنانەت بەشیکی زور لە ژنان خویان لەسەر ئەو باوەرەن کە ئەوە هەقی سروشتیە ،پیاو واکو (میرد ، باوک ، برا ، کور ،)وە مەجالیان پی دەدریت کە لی یان بدەن وە هەر توندوتیژیەکیان لی قەبول بکەن.



## تونده‌وتیژی لە ولاتانی غەربی (رۆژ ئاوا)

بە پی سەر ژمیریەک لە ( بریتانیا) لە هەر (٣) ژن کە سەردانی نەخۆشخانە (بەشی فریاکەوتن) ئورژانس دەکات لەو ولاتە یەکیان بەهوی دیاردەی تۆندوتیژی بنەمالەوە یە وە شتیکی بەسەر ها تو وە :
توندوتیژی دژ بەژنان پیوەندی نیە بە کومەلگای تایبەت واتە دەسەلاتی سیاسی (رامیاری) یان کومەلایەتی کی تایبەت بەلکو لە هەمو کومەلگایەکی مروڤایەتی بەر چاو دەکەویت دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەمو چوارچیوەی ئابوری ، وە رەگەز،
فەرهەنگو کولتور دا تی پەر دەبیت تەجروبەیی توندوتیژی یان مترسیەکانی ، کە مافی ژنان بەشیوەیەک پیشیل کراوە وە مترسی لە سەر بووە.
لە ولاتیکی واکو بریتانیا ئامار وە سەر ژمیرەکان بەم جورەیە ،،
* ٢٥% بیستو پینج دەرسەد لە ژنانی بریتانیا (لە هەر٤ ژن ) یەکیان لە دریژایی تەمەنی خۆی دا بۆتە قەربانی توندوتیژی لە بنەمالە دا لە چوارچیوەی مالی خویدا .
* بەلانی کەم لە هەر حەوتو یە کدا( ٢ ژن) لە ئینگلستان وە ویلز بەدەست پیاویک کە لەگەلی دا ژیانی کردووە یان لە رابردودا ژیانی لەگەل کردبو دەکوژریت .
* وا بەراوەرد دەکریت کە لە هەر چرکەیە دا کە پیوەندی هەبیت بە توندوتیژی لە بنەمالەدا پیوەندی دەگرن بە پولیسی ئەو ولاتە
* ١٧% حەفدە دەرسەد لەو تاوانانەی کە راگەیاندراوە( ١ لە سەر٤ ) تاوانی توندوتیژیە کە پیوەندی بەکیشەی بنەمالەوە هەبووە .
* کەمتر لە ٣٥% سي وە پینج دەرسەد لە توندوتیژیەکانی کومەلایەتی بنەمالەکان بە پۆلیس رادەگەیەندریت تەنانەت بەشیک لە چاودیرانی یاسای دەلین وە ەا بەراوەرد دەکەن کە تەنانەت لە ١١% دەرسەد کەمترە کە بەپۆلیس رادەگەیندریت .
* لە تۆژینەوەکی ٣ مانگەدا لە ١٨٠ کردەوەی تۆندو تیژی لە بنەمالەکاندا کە بەپولیس راگەیاندراوە ١٢٨ تاوان ئامادە نەبۆن، کە بەپی یاسای هەلسوکەوت بکریت لەگەل تاوانباران .
* لەنیوان ئەو گروپ وە نەتەوانەی دیکە نیشتەجی ولاتی بریتانیا جیاوازیەکی تیدا وەدی ناکریت سەبارەت بە دیاردەی توندوتیژی بنە مالەکان بەشیوەی گشتی ریژەی تەمەنی ٢٥ سال وە بەرەو خوار زیاتر روبەروت تۆندوتیژی دەبنەوە.
بەپی لیکولینەوەیەک لەلایان گروپی ئاسیایی عەرەب وە ئافریقایەکانی کارائیبی کە بەریوە چۆوە رۆن بوتەوە بە شیوەی گشتی مام ناوەندی دووای تی پەربونی ماوەی ٥ سال بەسەر توندوتیژی بنە مالەیی داخوازی یارمەتی یاسا یین .
* ریژەی دابین کردنی هەزینە ی مالی سەبارەت بە توندوتیژی بنەمالەیی لە شونە جیاوازەکانی ولاتی بریتانیا خوی لە سەدها میلیون پاوند (پارەی بریتانیا) دەدات .
ئەو ریژە دیاریکراوانە کە ریکخاوەیی پەنابەران (رەفیوجیر) ، ئەوە دەگەیەنیت کە لە هەر٤ ژنی بریتانیایی لە دریژای تەمەنی دا دوچاری سەرو شوی بنەمالەیی بووە وە لیدانی خۆواردووە .
هەروەها لە هەر دە ژن کە لیکولینەوە کراوە دانیان بەوەداهیناوە روبەروی توندوتیژی بونەتەوە لەگەل میردیان یان ئە و کەسەی کە ژیانی لەگەل دەکەن تەنانەت ١ لە سەر ١٠ ئەو ژنانە گیانی خویان لە مترسی دا دەبینن .
ریکخراوەی پەنابەران ئەم شیوازە لیکۆلیوانە بە گرینگ دەزانیت وە پی باشە ، دەلیت لە کاتیک دا لە ئینگلستان وە ویلز کە لە هەر حەوتویەک دا ٢ ژن بەدەست میردەکانیان وە یان میردی پیشویان دەکوژرین ئەم جورە هەوالانە یان لەو شیوازانە دەبیتە هوی ئەوەی کە ن دیاردەی توندوتیژی لە نەهینی دانەمینیتەوە وە زیاتر رون بکرینەوە . وە هەروە ها دیاردەی تۆندوتیژرکانیش بو ئیمە وەدەر دەکەویت .
پۆلیسی لەندەن دەلین ، لەهەر مانگیک دا ٧٦٥٠ سکالای سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان پیمان رادەگەیندریت ، کە بریتین لە ، سوکایەتی پیکردن ، بی پارە کردن (بی پول) مەبەست ئوەیە بە ئەندازەی پیویست پارەیان پی نادریت، بەرگیریان لی دەکەن لە پیوەندیەکان دۆستو هەوالا نیان یان خزمو کەسیان ، دەستدریژی جینسی ، لیدان ،وە...

## چۆنیەتی تۆندوتیژی لە دنیادا

**عەفوی گشتی نیودەوڵەتی . دەبی دژی تۆندوتیژی کە رۆبەرویی ژنان دەبیتەوە هولویست بگرین .**

عەفوی گشتی نیو دەولەتی . ریخراوەیی داکوکی مافی مروڤ، ٥ مارس (٢٦ .٠١ ئادار) پروژەیەکی نۆویی نیو دەوڵەتی لە ژیر ناونیشانی ، دەبی کوتایی بیننین بە(توندوتیژی دژ بە ژنان) واکو روبەرو بونەوە لە دنیادا، وە هەنگاوی بو هە لبینین ئەم پروژە نۆویە ، لە سەرتای روژی جیهانی ژنان (٠٨ .٠٣. مانگی مارس) (٢٩. ای مانگی ئادار) دەکەویتە رژیوە وە زیاتر شیواز وە روانگەیی توندوتیژی دژ بە ژنان کە روبەرویان دەبیتەوە بە با بەتیکی نویی توندوتیژی لەسەر ئەوان لەکاتی شەر وە لە ناو بنە مالەی خویدا بەدەست کەسو کاری وە خزمو کەسی نزیکی



ئنیکـا فلنزبـورک ، بەڕیوبـەری گشـتی ڕاگەیانـدنی عـەفوی نیـۆ دەوڵـەتی لـە پـروژەی نـویی تونـدوتیژی دژ بـە ژنـان لـەم ریخکخراوەیە، دەلیت / ژنان / تەنیا لەبەر ئەوەی کە ژنە دەکەویتە ژیر گوشاری توندو تیژیەوە لەلایان بنەمالە وە کومەلگاوە ، توندوتیژی دژ بە ژنان وە کچان لە کومەڵگای ولاتـانی ، غـەرب ،شیوازیی جیاوازی هەیە ، جیـاوازی ، لیدان شەرو شو ، هەلسوکەوتی دەرونی کە کار لە ناخی مروڤ بکات بەشیوەی بەکەم زانین وە بەرگری ئازادی لە هەلسوکەوتی تـاک ، وە هیرش کردن لەسەر کەسایەتی وە دارماندن لە دەرونـدا ، بـە تـایبە لـەلایان کەسەکاران وە بەگشتی لـە لایـان میردەوە،دەکەونە بـەر گۆشاری توندو تیژیەوە .

وتەبیژی راگەیا ندنی نیو دەوڵەتی لە دریژەی وتەکانیدا دەلیت وە لەسەر ئەو باوەرەدایە لە ولاتـانی رۆژ ئاوایدا نمونەوە شیوازی تـایبەت لە چونیەتی توندوتیژی کە روبـەروی ژنـان وە کچان دەبیتەوە ، توندوتیژی بە گشتی دژ بە ژنان وە کچان وە مندالان دەبیتەوە بەشیوەی نەهینی وە نادیارە وە زۆرینەی ئەو ژنانە لە ناو ئەو کومەڵگایانەدا لە درکاندنی ئەو راستیانە خو لادەدەن لە سەر ئەوەی کە چیان بەسەر دیت وە شەرم دەکەن وە بیدەنگ دەبن ریژەیەکی زۆر کەم ئامادەی ئەوەن لە بابەتی توندوتیژی کە روبەرۆیان دەبیتەوە بدرکینن . چەندین شیوە تۆندوتیژی لە ناو بنەماڵە کان کە بەگشتی لە چوارچیوەی بنەمالەی رۆدەدات کە جیگای سەرنجە بۆ لی کولینەوەکی گشتی بکریت لە دنیا .

خاتو ئنیکا فلنز بۆرک، پشتگیری یاسایی ژنان لە ولا تا نی روژئـاوایی واتـە (غـەربی ) لـە و سـالا نـی رابـردودا باشتر هەلسانگاند نیکی لـە سـەر دەکریت بـەلام خـالی سـەرەکی بە گشتی لاوازیەک لە چونیەتی لیک دانەوە سە بارەت بە تۆندوتیژی وەدی دەکەیت / دامو دەزگـای یاسایی لـە ولاتـانی رۆژ ئـاوا زوربـەی هـە ڵسو کـەوتی تونـدو تیـژی دژ بـە ژنـان بـەپی بنـە مایـەکی یاسایی بایەخی پی نادریت وە بە رەسمیەتی ناناسیت، لە کاتیک کە ژنان ماف وە دەربینی بوچۆنی خۆیـان نیـن لـە پینـاو لیک جیابوونـەوە لـە گـەڵ هاوبـە شی ژیـانی خویـان واکـۆ میـرد یـان بنەماله - کە لەو کاتـەدا زور جیگای بایخ پی دانە دەربرینی رای خویان کە تەسمیم گرتن بویان زور سـەختە وە ریگا چارەیەکی دیکەش لە بەردەم خۆیان نابینن لەو کاتـە دا تـەنانـەت ریژەی مالانی کە چاودیری لە ژنان دەکات کەمە کە باری ئەمنیەتی ژنان بپاریزیت ، پەروەردەکان وە وتوویژەکان بە شیوەی راشکاوانە وە بەر چاو لەم با بە تـەوە هوکاریکە کە ژنان وە کچان تیشک بخەنە سەر ئەوەی کە روبەرو بونەوە لە مەر دیاردەی توندوتیژی لە ناو بنەمالە کـان دیاردەیـەکی ئـاسای نیە وە نکولیشی لـی ناکریت ، ئیستە لـە زۆربـەی ولاتـانی روژئـاوای واکـو( سوئید) یاسایەکی باشیان بو پشتگیری کردن لە ژنان پیک هیناوە ، کچان زور بەرونی بویان ئاشکرا بوۆە کە تـاوان لـە لایـەن دایکیانـەوە نیـە ئـەگەر لـە کـاتی روبـەروی تونـدوتیزی دە بنـەوە لـە نـاو بنەمالەوە .




لیپرسراوی راگەیاندنی عەفوی گشتی نیو دەوڵـەتی لـە پیوەنـدی بـە بـەرگری کـردن لـە دیـاردەی توندوتیژی کە روبەروی ژنان دەبیتەوە لە دریژەی قسەکانیدا دەلیت ، تونـدوتیژی بەرامبـەر بـە ژنان گەورەترین شەرمەزاریە لە ئیستای سەردەمی نوۆی بۆ مافی مروڤە ئـەم کیشـەیە گیرودەیـە لـە نـاو تـەوای فەرهـەنگ ، ئـایین ، وە کومـەڵگای نـەدار وە دەولەمەنـد دا. ریکخراوەی عـەفوی گشتی نیو دەوڵـەتی لـە سـەر ئـەم باوریـە تونـدوتیژی برامبـەر بـە ژنـان واکـو دیاردەیـەکی نیـو دەوڵەتییە بەڵام دەتوا ندری پێشی بگریت ریگای گونجاوی بو بدوزریتەوە وە ئەو دیاردەیە بنبر بکریت (خاتو فلنز بورگ) دەلیت پیداچونەوەی یاسا کانی وڵاتان یەکەم سەرەتایەکە بو روبـەرو بونەوە لە گەڵ دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان کە دەبی هەنگاوی بو هەلبینین ، خالە لاوازەکانی یاسا دەبی رون بیتـەوە وە لا بـدریت ، دەبیت وڵاتـان بخرینـە ژیـر گوشـار تـاوەکو گورانکـاری بەسەر بنەما یاساکانی خویان دابینن ، وە هەروە ها لە ئاستیکی نەزم تر بە یارمەتی ریکخراوە مەدەنیە کـان ئـاستی تیگـە یشتن وە زانیـاری ژنـان واکـۆ پیـاوان بـەرز کەنـەوە هـەبۆنی رۆڵـی پیاوان بۆ پشتگیری کردن وە داکۆکی لە مافی ژنان واکو بن چینە بە هەند دە گیریت دژ بە تۆندوتیژی ژنان وە پیاوانیش دەبی بخرینە ژیر گوشار کە بی دەنگ نەبن وە هەلویستیان هەبیت .

لە سالی ١٩٧٧ زاینی کۆیی گشتی ریکخراوەی نیودەوڵەتی داوا لە وڵاتـانی دنیا دەکات کە بەپی یاساو دابۆ نەریەتی خویان وە بە پی فەرهـەنگی ولاتـانی خۆیـان رۆژیـک بـە نیـوی ریکخـراوەی نیو دەولەتی وە روژی داکۆکی مافی ژن لە ئاستی سیاسەتی نیو دەوڵەتی ناوزەنگ بکریت.

لە تەواوی وڵاتـانی دنیا داخوازی کراوە کە هەلومەرجی وا برخسینن کە تەواوی شیوازە کانی جیاوازی رەگەزی جنسی دژ بە ژنان رابگیریت وە هەلومەرجی وابرەخسینن کە ژنـانیش واکـو پیـاوان بەبی جیاوازی لە مافی بەرامبەری کەلک وەر گرن وە لە پەرە پیدانی ژیانی کومەڵایەتی بەشیوەی راشکاوانە دەبی هاوبەش بن بو پەرەپیدانی لەهەمو بوارەکان.

ئەم پرۆژەیە ریکخراوەی نیو دەولەتی لە سەرەتـای سالی جیهانی رۆژی ژنـان (١٩٧٥ زاینی) وە دەیەکانی ریکخراوەی نیو دەولـەتی بۆ ژنان ( ١٩٧٥ هـەتـا ١٩٨٥ )، کە لـەلایان کوبۆنـەوەی گشتی نیو دەولەتی راگەیاندراوە وە بەریوە چۆوە.

ریکخراوەی نیو دەوڵەتی چاودیری روژی جیهانی ژنان، هەشتمی مارس ، لە سالی ١٩٧٥ راگەیاندراوە وە بەریوە دەچیت.

کوبونەوەیی گشتی ریکخراوەیی نیو دەوڵەتی هەروە ها (بیستو پینجی نۆوامبر) لە هەمۆ دنیا دا واکو روژی جیهانی بەرگری وە داکوکی کردن لە مافی ژنان سەبارەت بە دیاردەی توندو تیژی رادەگەیندریت ، لە تەواوی ولاتـانی دنیا ریکخراوەکانی نیودەولەتی وە ریکخراوە مەدەنیە کان بانگە هیشت دەکریت کە هـەمو سالیک ئـەمروژە بـو پـەرە پیدان وە تیگەیشتنو زانیـاری گشتی سەبارەت بە دیاردەی کومەڵایەتی وە شیوازەکانی بیتە ئاراوە .

ماڵپەری کوردستانپۆست

٢٧ی نوامبری ٢٠١١

## توند وتیژی دژ بە ژن دیاردەیەکی ناسەردەمیانەیە

حەبیبە عەبدوڵایی

ئەگەر چی بەرانبەری دیاردەی ناشیرینی توندو تیژی رەخنەی رۆشەنبیری کۆمەڵایەتی ئاراستە دەکرێ ،بە شێوەی جوراوجۆر بەرانبەری ئەم رەوشە نارەزایەتی گشتی دەردەبڕدرێ . بەڵام



رووداوەکانی هە...ناوی کۆمەڵگا بە ئاراستەیەکی جیاواز لەمە دا تێدەپەرن .گرینگترین هۆکاری پەرەئەستاندنی دیاردەی توندو تیژی موتوربەکردنی بۆچوونی چەواشەو عەقلییەتی نێر سالارە کە بۆ پەیرەو کردنی پشت بە پاساوی بێبنەما دەبەستێتو هەوڵدەدا رەوایی بە دیاردەی توندو تیژی بدات.گشت لێدوانو ئاراستەکانی رەخنەئامیز دژی دیاردەی ئاماژە بۆ کراو بە داخەوە تەنیا لە چوارچێوەی تەسکی دروشمدا ماوەتەوەو بۆ بنەبڕکردنی هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵنەگیراوە.کاتێک کۆمەڵگا تووشی ئەنجامەکانی نالەباری توندو تیژی دەبێت قسەی هەموان هەوڵدان بۆ قەدەغە کردنی توندو تیژییە،بە داخەوە کە کارەساتەکە تێپەری هەوڵەکان نەزۆک دەمێننەوەو ئەمەیە کارەساتەکان دووپات و چەند پات دەبنەوە.

بە گشتی توندو تیژی دیاردەی تایبەت بە کۆمەڵگای رەگەزی نێر سالارە، کە لە پێگەی دەسکردو عەقلییەتی کۆن لە هەوڵی بەردەوام بوونی ئەم رەوشەی خۆی دایە.بە درێژایی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی ئادەمیزاد گیرۆدەی ئەم پەتایە بووەو لە بەربەرەکانی دا لە گەڵی ژیاوە، خەباتی لە دژی رێخستووە ،لەو پێناوەشدا تووشی گەلێک سەرکەوتن و تێکشکان هاتووە.

توندو تیژی دەتوانی بە پێی زەمەن و کۆمەڵگا لێک جباوازەکان پێناسەی چەشناو چەشن لە خۆی بگرێت .لە هەرکۆمەڵگایەک دا و بە سەرنج دان بە پێکهاتە کەلتووریو مادییە کۆمەڵایەتیەکان پێناسەی توندو تیژی دەگۆردرێ .هەرچەند لە ناو خوودی کۆمەڵگا پیشەییەکانیشدا بە چەشنی خۆی توندو تیژی دژی ژنان ئەنجامدەدرێت بەلام پێکگرتنی چەشنی ئەم رەوشانە لە گەڵ جۆری ئەم توندو تیژییانەی لە ناو کۆمەڵگا نەریتیەکان دا بەرێوە دەچێ جیاوازی بەرچاوی هەیە.بۆ نموونە ئەگەر ژنانی کۆمەڵکا پێشکەوتووەکان بەرەوو رووی بیرۆکەی بە رەگەزی نێر کردنی کۆمەڵگان ،ژنانی کۆمەڵگا نەریتیەکان کۆمەڵیک ئاستەنگی بەرفراوانتر هەرەشەیان لێدەکات . ئەگەر شێوازی کۆمەڵگای یەکەم بە ئاسمیلاسون کردنێکی رەگەزییەتی نێر سالار بێنینە ئەژمار ، ئەوا دەبی ئاستەنگەکانی ژنانی کۆمەڵگا نەریتیەکان بە رەو روو بوونەوە لە گەڵ ژینۆسایدی بەرفراوانی رەگەزی ژن بێنینە نرخاندن.

ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردی دا بە گشتی وەک ناسنامەی دیاردەی توندو تیژی دێتە نرخاندن لە راستی دا پێناسەیەکی شێواوە ئەمەش بەم هۆیەوە کارەساتی توندو تیژی لە ئاستێکی بێ سنوور دا لە کوردستان بەرێوە دەچێت ،هەر لە کوشتن رەگەزی مێینە بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە تا دەگاتە لێدانو کوتانی جەستەییو بێحورمەتی پێکردن بە ژن و رێکخستنی کۆیەک لە بیرو باوەری پاشکەوتووانەی رێکخراوی بۆچوونی گەندەلەوە بگرە تا دەگاتە بێبەش راگرتنی ژن لە هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابووری کۆیەک لەو غەدرو تاوانە بێئەژمارانەن کە دەکرێ بە توندو تیژی بێنە ئەژماردن و دەبێ بۆ بنبر بوونیان کەرەسەیەکی زۆری ماددی و مەعنەوی تەرخان بکرێت .لە گەڵ ئەوەی دا کۆمەڵگای کوردی گەیشتۆتە ئاستی شارستانییەتو بوونی شارە گەورەکانو پێویستیەکانی بەری بە بەشێک لە توندو تیژییەکان دژ بە ژنان گرتووە و دیاردەی کۆمەڵایەتی لەو چەشنەی بێبایەخ کردووە بەڵام پەیرەو کردنی ئەم دیاردەیە لە قەبارەی تایبەتی خۆی دا بوونی هەیە.

گەشە نەبوونی کەلتووری رۆشنبیریو ماددی هەر کۆمەڵگایەک کارتیکەری راستەو خۆیان بەم دیاردەوە هەیە .بەڵام نابێ ئەم فاکتەرە لە بیر بکەین کە کۆمەڵگای کوردی لەم بارەوە لە ئاستێکی ئەوەندە نزم دا نییە لە بەرانبەر کردەوەی توندو تیژی دا دەستەوەستان بێت.

ژنانی کوردستان ئەگەرچی تا بە هەنووکەش نەیانتوانیوە تەنانەت رەهەندێکیش لەو دیاردانەی کە وەک توندو تیژی دێنە نرخاندن چارەسەر بکەن بەڵکوو لە گەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگی تر بەرەورووبوون کە ناچار کراون هەولێکی پتر وەکاربێنن ،ئەمەیە کە بە واقیع بزاڤی ژنانی کورد پێویستی بە وشیارێکی لوتکەییە،تا بتوانی بگاتە ئاستی رزگاری لە چەنگ بێدادی نێر سالارێوە.

لێکدانەوەی هۆکارو رێگە چارە و بەربەرەکانی کردنی ژنان لە تەک گشت رەهەندەکانی توندو تیژی کۆمەڵگای نێر سالار ی کوردی هەم پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بەردەوام و زانستیانەیە، هەمدیس لە سەر کۆمەڵگای کوردەواری دیکاتە ئیجبارێک بۆ نەهێشتنیان .چوونکە نەک هەر کۆمەڵگای کوردی بەڵکوو بە ئەزموون دەرکەوتووە بە بێ رزگاری ژنان لە ژێر کۆت و بەند دا رزگاری و دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێمانا بووە و گرینگی دێموکراسی لە هەر کۆمەڵگایەک بە رادەی دابین بوونی مافو ئازادییەکانی ژنانەوە گرێی خواردووە .هەر وەک گەورە سەرکردیەکی کورد دەڵیت:" پێوەری ئازادی لە هەر کۆمەڵگایەک بە رادەی ئازادی ژنانی ئەو کۆمەڵگایەوە پەیوەندی هەیە"

رەچاو کردنی توندو تیژی واتای دەستە وەستانی مرۆڤی پیاو سالارە ،واتای نەبوونی لۆژیک و نەناسینی رێگە چارەکانی سەردەمیانەیە.پەرە پێدان، پاساو هێنانەوەی بێبنەما بۆ پەرەگرتنی دیاردەی توندو تیژی نا شارستانی نیشاندانی نەتەوەی کورد بە بیرو رای گشتی نێو نەتەوەییە. بەرژەوەندییەکانی کەلتووری و رۆشنبیری نەتەوەکەمان لێمان دەخوازێ بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردە نالەبارە پێشەنگو داهێنەری ئەم رەهەندەی خەباتی کوردایەتیمان بین .چوونکە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستو خاوەن داهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان و کورد پێویستمان بە رەفتاری بەرپرسیارانە لەو پەیوەندییەدا هەیە.

ماڵپەری سەربەخۆ

٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠



نا
بۆ توند وتیژی
لەدژی ژنان
STOP
VIOLENCE
AGAINST
WOMEN
25ی نوامبر
Poetry
of
Love
بەڵێ
بۆ خوشەویستی
و ژیان
ر.نەقشی




25
NOVEMBER
STOP
VIOLENCE
AGAINSR
WOMEN
٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی بەرنەنگار بونەوە لەگەڵ توندو تیژی دژی ژنان!
نابۆ توندوتیژی دژی ژنان
R.N